تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی

لە شنرۆوێوە بۆ ستۆکهۆلم

چەند لاپەڕەیەک لە بیرەوەرییەکانم
لە شۆڕشی نوێدا

بەرگی دووەم

2004

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرە (٢٦٧)

حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی

چەند لاپەڕەیەکی یادگارەکانم

لەشنرویَوە بۆ ستۆکهۆڵم

بەرگی دووەم
لەشۆڕشی نوێدا

سلێمانی ٢٠٠٤

لەشنرویٚوە بۆ ستۆکهۆڵم

* بابەت: بیرەوەری
* حەمەی فەرەجی هەڵەبجەیی
* پێداچوونەوەو بەرگ‌و مۆنتاژ: فوئاد عەبدولڕەحمان
* سەرپەرشتیاری چاپ: سەلام فاتح
* چاپ: چاپخانەی راز
* تیراژ: ۱۰۰۰ دانە
* ژمارەی سپاردن (٦٢٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە
* سایتی وەزارەتی رۆشنبیری: www. roshnbiri. org

لە شنروێوە بۆ ستۆکهۆڵم

حەمەی فەرەج

ناوەرۆکی بەرگی دووەم

بابەت | لاپەڕە

سەرەتایەك ٩

بەشی یەکەم

پاش هەرەس ١٧
بەشداریکردنم لە شۆڕشی نوێدا ٢٠
زیندانیم لە ئەمنی سلێمانی ٣٧
چوونەوەم بۆ شاخ ٣٨
شەڕی پارتیزانیی شۆڕشی نوێ ٤٠
بریندابوونی عەبدولڕەحمان ٤٣
نامەکانم بۆ حەمەی حاجی مەحمود ٤٧
گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا ٥٤
بڕینەوەی قاچم ٦٠
چوونم بۆ سوید ٦٩
شەهیدبوونی عەبدولڕەحمان ٧٠

قاچێکی دەستکرد ٨٠

سەردانم بۆ کوردستان ٨٣

چوونی خۆم و خێزانەکەم بۆ ئێران ٨٥

گەڕانەوەم بۆ سوید ٨٧

خاپوورکردنی گەڕەکی کانیی ئاشقان ٩١

کیمیابارانی هەڵەبجە ٩٥

ڕاپەڕین و ئازادکردنی کوردستان ١٠٢

گەڕانەوەم بۆ کوردستانی ئازاد ١١٠

دەڵێن (حەمە) باوکی کوشتووین ١١٣

بەشی دووەم

شەهید ١١٧

ژیاننامەی شەهید عەبدولڕەحمان ١١٨

٣٣ بەهار ١٢٥

داستانی هەڵۆی پیرەمەگرون ١٣٢

بەشی سێیەم

ناوەی هەندێ لەو کەسانەی هەمیشە لە بیرەوەریمدا دەمێننەوە ١٤٨

بەشی چوارەم

گلەیی و رەخنە ٢٣٢

بەشی پێنجەم

کۆتانی ٢٤٤



سەرەتایەك

حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی

هاوكاتی یادی دامەزراندنی (ی.ن.ك)

سلێمانی/ ١ ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢

بۆچی مرۆڤ شۆڕش دەكا؟ بۆچی ئەم هەڵوێستە وەردەگرێ؟ بۆچی دژ بەو داكەوتەی تێیدایە بەرەنگار دەبێتەوەو داكۆكی دەكاو ڕێگای قورس‌و پڕ مەینەت‌و ناڕەحەتیی خەبات هەڵدەبژێرێ؟ خەباتێ، كە ڕەنگە قوربانییەكی هەرە گەورەو سەرمایەیەكی یەكجار مەزنی دەروونی‌و گیانی‌و مرۆیی بوێت، جگە لەمەش، ڕەنگە خاك‌و وڵات‌و نیشتمانێ بكاتە وێرانەو سوتماك.

دیارە پاساوی داكەوتانە بۆ بەرپاكردنی خەبات‌و بەرخۆدانێكی لەم شێوەیە پەیوەستە بەڕادەی نەگریسی‌و خوێنمژی‌و پلانگێڕیی ئەو دوژمنە داگیركەرە سەرسەختە، كە چارەنووسی گەلێ بەو ئاقارەدا دەباو سەرەنجامیش لەگەڵیدا دەكەوێتە شەڕو ململانێیەكی دوورخایەن‌و پڕهەڵدێرەوە.

ئێمەیش وەكو گەلی كورد، لە خاك‌و نیشتمانی خۆماندا بەشی گەورەو پڕ مەرگەساتیمان لەم داكەوتە بەركەوت. ئێمەی كورد نەك تەنها

دوژمنێ، بەڵکو زیاد لە دوژمنێك‌و بگرە لە پشتی دوژمنەکانیشمانەوە دوژمنانی تریش بوون لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان زۆر جار ئێمەی میللەتی بەشخوراوو بێ پشت‌و پەنایان رووبەرووی چارەنووسێکی زۆرترسناك‌و مرۆڤ کوژران کردۆتەوە.

کورد لە داکەوتی خەباتی رزگاریخوازییدا زۆر لەمێژە رووبەرووی مەحاڵ بۆتەوە؛ مەحاڵێ، کە هەمیشە ویستی ئەو داگیرکەرانە بووە. لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا کوردستانی ئێمەیان کردە گۆڕەپانی شەڕو رووبەڕوبوونەوەی خوێناویی بەردەوام.

من وەکو رۆڵەیەکی ئەم گەلە، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ەوە، بووم بە پێشمەرگە تا هەرەسی ئەو شۆڕشە لە ساڵی ١٩٧٥، پاشانیش لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، هەر پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٢ لە زیندان ئازاد کرام، پەیوەندیم بە شۆڕشی چەکدارییەوە کردەوە لە شاخ. هەڵبەت، ئەو ماوانەی لەنێو شاریشدا بووم، بەردەوام بە نهێنی کاری خەباتم کردووە.

یەکەم خانوو، کە لە هەڵەبجەدا لەلایەن رژێمی بەعسی کۆنەوە سووتێنرا، لە ساڵی (١٩٦٣) بوو، لە گەڕەکی پیر محمد، خانووی ئێمە بوو. دوای ئەوەی کە تاڵانیانکرد سووتانیان. هەروەها هەرچی دوکان‌و ماڵ‌و ئۆتۆمبیل‌و گەراج‌و سەروەت‌و سامانمان هەبوو هی خۆم‌و برام‌و خزمەکانیشم بەهۆی ئەوەوە، کە من پێشمەرگە بووم هەموویان لێ

داگیرکردین‌و بەتاڵان بردیان. ماڵ‌و مناڵم هەموویان بێبەری کران لە خوێندن‌و خۆشگوزەرانی‌و لە زێدی خۆمان دەربەدەرکراین. ئەگەر بە سەردانیش بهاتینایەتەوە بۆ لای کەس‌وکارمان، دەبوایە بە شێوەیەکی نهێنی بوایە. هەر ساڵەو بە کولەمەرگی لە شوێنێ ژیاوین. ئەو ماوەیە، کە لە (تەوێڵە) بووین، ساڵی ١٩٦٣ رۆژانە ماڵ‌و منداڵمان دەچووە نێو ئەشکەوتەکانی تەوێڵە لە ترسی بۆردومانی فرۆکەو تۆپ. هەروەها لە شوێنەکانی‌تریش هەروا ژیانمان دەبردەسەر.

بە راستی شاهیدی ئەوە دەبم، ئەو دلێرییەی لە پێشمەرگەی کورد دیومەو ئەوەی لە توانای پێشمەرگەو کادیرەکانیدا بووە، ئەو خەباتەی ئەوان کردوویانە، بە هیچ لەشکرێکی دنیا نەکراوە؛ پێشمەرگەیەکی بێ پشت‌و پەناو بێ ئەوەی دەوڵەتێ پشتگیریمان بکا، بێ ئەوەی لە هیچ لایەکەوە یارمەتی بدرێین، سەرەرای ئەوەش حکومەتە بیرتەسکەکانی تورکیاو سوریا هەردەم دوژمنایەتییان کردووین، جگە لە هێزە شۆفێنی‌و زەبەلاح‌و عەسکەرتارەکەی عیراقیش، ئێمەی پێشمەرگەی کورد لە کوردستاندا کۆڵی خەباتمان نەداوەو سڵمان لە ئاگرو باروت‌و فسفۆرو چەکی ناپاڵم‌و کیمیاوی‌و کۆمەڵکوژی نەکردۆتەوە تا بەم ئازادییە گەیشتین.

ئەو دوژمنانەمان، هەرچەند بەردەوام لەنێو خۆیاندا لەسەر لەنێوبردن‌و سرینەوەی مۆرك‌و شوناس‌و مێژووی نەتەوەییمان کۆك‌و

تەبابوون، بەلام بە ناچاری، بۆ سوودو بەرژەوەندیی تاکانەی خۆیانیش جاربەجار یارمەتییەکیان پێشکەش کردووین، ئێمەش قەبولمان بووە، چونکە باری جوگرافیی ولاتەکەی ئێمە واکەوتووە، ئەوانەی دراوسێمانن هاو بەرژەوەندییمان نین، ئەوان بەشێ، یان پارچەیەك لە جەستەی کوردیان تێدایەو نایانەوێ کورد بە هیچ ببین، نایانەوێ کورد دەسەلاتو قەوالەی خۆی هەبێ. ئەگەر ناکۆکییەکی ناوخۆیشیان هەبووبێ، ئەوا بە ئێمە چارەسەریان کردووە .

لە ماوەی ئەو چەندسالەی رابردوودا، ئێمە توانیومانە لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانو لە نێوەندی هاوکێشەو سیاسەتی رەگەزپەرستانەو شۆڤێنیانەی ئەم حکومەتانەدا بژینو بەرگریی قارەمانانە لە بوونو کەرامەتو نامووسو موقەدەساتمان بکەین. لەگەڵ ئەو هەموو سەختیو تاڵییەدا، زۆربەی زۆری دێهاتەکانی کوردستانمان بەدەستەوە بووەو ئەنجومەنو دادگاو ئیدارەمان تێدا داناونو زۆربەی شەوەکانیش شارە گەورەکانیشمان بەدەستەوەبووەو چیمان ویستبێ بەرامبەر پیاوخراپان لە شارە گەورەکاندا کردوومانە.

هەڵبەت بۆ جیهانمان سەلماند، کە ئێمە میللەتێکین داوای ئازادیو رزگاری دەکەینو دژی شەڕو کوشتنو داگیرکردنو تیرۆرین، دژی هەموو ستەمو نەریتێکی شەڕانگێزیو ئاژاوەیەکین، هەمووکاتیش لەگەڵ ئاشتی دلینو خوازیاری سیستمی فیدراڵیو کۆمەڵی مەدەنیو

دیموکراسیو بەدیهێنانی مافە سروشتیو شەرعیەکانی گەلەکەمانین، هەروەك خوازیارین، هەر کەسێ پارێزراوبێو میللەتەکەشمان خۆشگوزەرانو سەربەرز بژیو دووربێ لە کوشتنو گرتنو هەر ستەمێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی، ئەمەیش لە چوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتو فیدراڵدا.

ئێمەی گەلی کورد میللەتێکی شارستانینو حەزمان لە شارستانیەتو لە پێشکەوتن کردووەو دژ بە هەموو زوڵمو ستەمو نادادپەروەرییەك وەستاوینەتەوە. ئێمە ١١ ساڵ پترە حکومڕانیی کوردستان دەکەین، دەمانەوێ لەم نیشتمانەدا بە ئاسودەیی بژین. هەرچیەکیشمان لەگەڵ بەرامبەرەکانماندا کردبێ، بۆ بەرگریکردن بووە لە خۆمانو لە خاکی پیرۆزی کوردستان. ئێمە وەکو گەلێکی بەشخوراو دەمانەوێ مافەکانمان لە چوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتیو فیدراڵدا فەراهەم بێو حوکمی وڵاتەکەی خۆمان بکەین. ئێمە داوای وڵاتێکی دیموکراتی دەکەین، باوەڕمان بە دیموکراتیەت هەیە، چونکە ئەگەر دیموکراتیەت هەبوو، مافی هەمووڵایەك پارێزراوە. ئەگەر دیموکراتیەت هەبوو، کەس زوڵم لە کەس ناکا.

جا لەبەر ئەوە، ئێمە باوەڕمان بەم رێبازە هەیەو شۆڕشمان بۆ ئەوە کردووە، کە دیموکراسی وەك رێبازو سیستمی سەردەم بێتە کایەوەو

ئێمەی کوردیش له چەسپاندنی دیموکراتیدا مافه نەتەوایەتیەکانمان پارێزراوبێ.

پێویسته هەموومان رۆژه رەشەکان بهێنینەوه بەرچاوی خۆمان، که ئێمه چۆن ئەو شۆڕشەمان کردوەو چۆن دروستبووو چەندیش کەوتووه لەسەرمان؟ لەم پێناوەدا بە هەزاران گوندو شارو شارۆچکه وێران بوون، بێجگه لەوەی، که زیاتر له یەك ملیۆن مرۆڤی کورد بوونه قوربانیو سووتەمەنیی شۆڕش.

ئێمه که دەستمان به کاری سیاسیو پێشمەرگایەتی کرد، بۆ ئەوه بوو بتوانین خزمەتی میللەتەکەمان بکەین، هەروەها بۆ ئەوەی له رووی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسییەوه چارەسەری کێشەو گرفتەکانی میللەتەکەمان بکەین. هەرچەنده پاش خەباتێکی دوورو درێژو هەزاران شەهید، ئەمڕۆ میللەتی کوردو خەباتی بزافی رزگاریخوازیو دۆزه رەواکەی پێی ناوەته قۆناغێکی نوێوەو به جیهاندا ناسراوه، کەوا میللەتێکی زوڵملێکراوو بەش خوراوەو هەموو مافه نەتەوەییو کلتورییو زمانیو مێژووییەکانی لێ زەوتکراوه.

ئێمه توانیومانه بەو بڕه توانا کەمەی هەمان بووه، له ماوەی ٤٠ ساڵدا بەربەرەکانێی هەمەلایەك بکەینو ناوچەکانیشمان تا رادەیەك بپارێزین. بەڵام له ساڵی ١٩٨٨ەوه، که سەددام بوو به سەرۆکی عیراق کار گەیشته ئەوەی حکومەتی بەعس به چەکی کیمیاویی له زۆربەی

زۆری شوێنەکانی کوردستان بدا، بەتایبەتی شاری هەڵەبجەی، کە گەورەترین شارۆچکەی عیراق بووە لە رووی جوگرافی‌و ژمارەی دانیشتوانەوە. ئەم خەڵکە بێ تاوانە لە پرۆسەیەکی جینۆسایددا بە سەروماڵەوە تیاچوون‌و زیاتر لە (٥) هەزار کەسیان لێ شەهید بوو. هەروەها (١٠) هەزاریش شەل‌و کوێرو کەم ئەندام‌و ئەوانی تریش دەربەدەر بوون، بێ ئەوەی بتوانن هیچ سوود لە سەروەت‌و سامانیان ببینن، هەموویان بەجێهێشت. تاکو ئێستاش ئەوانەی گەڕاونەتەوە، هەریەکەیان ئەوەتان لە ژورێکی گڵدا ژیان بەسەر دەبەن.

هەڵەبجە، کە لە ساڵی ١٨٨٩وە بووە بە قەزاو لە کۆندا مەیدان‌و کەلارو دەربەندیخان‌و پێنجوێن ناحیە بوون‌و سەر بە قەزای هەڵەبجە بوون. بەڵام ئەم شارە، کە لە دوای کیمیابارانکردنی ناوی بوو بە هەڵەبجەی شەهید، رۆژ بەرۆژ بەرەو بچووکبوونەوە چووە، جگە لە چەند خانوویەکی کەم نەبێ، کە لە (کانی ئاشقان) دروستکراونەتەوە لەگەڵ نەخۆشخانەو چەند قوتابخانەیەك‌و دروستکردنی چەند پرۆژەیەکی ئاوو ئاوەڕۆ، دەستی ئاوەدانیی وەکو پێویست پێنەگەیشتووە.



بەشی یەکەم

پاش هەرەس

لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥، لەگەڵ شەهیدی نەمر کاك علی عسکریو کاك کمال محی‌الدینو هەندێ لە برادەرانی دیکە لە ئێران چەند دانیشتنێکمان کرد. بیرمان لەوە دەکردەوە شۆڕشێکی نوێ لەپاش ئەو هەرەسە بۆ گەلەکەمان بهێنینە کایەوە، بەڵام کارێکی ئاسان نەبوو. لەبەر زۆر هۆ نەمانتوانی هەتا سەر لەنێو ئێراندا بمێنینەوە.

من خۆمو عبدالرحمانی کوڕم لە ڕێی تەوێڵەوە بۆ ژیان چووینەوە بۆ هەڵەبجە. نزیکەی سێ مانگ لەوێ بووم، هەر ڕۆژێ بەرپرسی ئاسایش دەیناردە شوێنم، پرسیارەکانی ئەوە بوون، کە خەڵکێکی زۆر هاتووچۆم دەکەنو ناوی ئەو خەڵکانەیان لێم دەویست، وەڵامی من ئەوە بوو دەمگوت: "من خەڵکی شارەکەمو خەڵکێکی زۆر دەمناسنو هاتنیان بۆ لام تەنها بۆ دیدەنییە." بەڵام دەزگای ئاسایش بڕوای بە من نەدەکردوو بەردەوام چاودێریان دەکردم. لە ئەنجامدا ڕۆژێ داوایان لێکردم دەبێ بچمە (مەڵبەندی ناوەندی دەزگای ئاسایشی ناوچەی باکوور لە کەرکوك). منیش بە قسەم کردنو بۆ ڕۆژی دوایی چووم. لەوێ لە ژوورێ دایاننامو پاش نیوکاتژمێر بانگیان کردم بۆ لای بەرپرسەکەیان. ئەویش لە پرسیارو ووتووێژەکاندا داوای لێکردم کاری سیخوڕییان لەگەڵدا بکەم. پێم گوتن: "من ساڵانێکی زۆر پێشمەرگە

بووم، ئێستە چۆن بڕوا بە من دەکەن زانیاریی خۆیان بە من بدەن. من تەنها بیر لە کاسبی کردن‌و ژیاندنی خێزانەکەم دەکەمەوە."
ئەوان دیاربوو لە هەڵەبجەوە راپۆرتێکیان بۆ چووبوو، کە خەڵکێکی زۆر هاتوچۆم دەکەن، پێم گوتن: "من لە هەر جێگەیەکدا بم خەڵك هاتوچۆم دەکەن‌و جارێکی دی من بیرم لەوە نەکردۆتەوە بچمەوە شاخ، دەمەوێ ئێوە بە قسەی خەڵکی نەکەن، من ناحەزم زۆرەو دەیانەوێ کێشەو گیرو گرفتم بۆ دروست بکەن. من، کە گەڕاومەتەوە بۆ کوردستانی عیراق تەنها لەبەر ئەوەیە، کە خۆم‌و خێزانەکەم بە ئارامی بژین، ئەگینا دەمتوانی لە ئێراندا بمێنمەوەو لەوێ ژیانێکی زۆر باش بژیم." داوام لێکردن رێگەم بدەن خۆم‌و منداڵەکانم بچینە سلێمانی‌و لەوێ ئاسیاوم هەن، کە دەتوانن یارمەتیم بدەن بۆ دۆزینەوەی ئیش‌و کار. بەڵام ئەوان پێیان گوتم بە مەرجێ دەتوانم بچم بۆ سلێمانی، کە هیچ کارێکی (خراپ)م لێ روو نەدا. گفتی ئەوەم پێدان‌و ئەوانیش ئاگاداری دەزگای ئاسایشی هەڵەبجەیان کرد، کە رێگەی دەرچوونم بدەن. بەر لە دەرچوونم لە هەڵەبجە ناونیشانی سلێمانی م لە سەر داوای ئاسایش لا جێ هێشتن.
لە سلێمانی لە گەڕەکی ئەسحابە سپی لە ماڵی (نوری مەلا حەکیم) نیشتەجێ بووین، لەوێ ماوەی دوو تا سێ مانگ بێ کارو کاسبی مامەوە. دوای ئەوە لە رێی دۆستێکمەوە لە شارەوانیی (دوکان) ئیشێکم

دەست کەوت. ئۆتۆمبیلێکی (متسیوبۆشی)م هەبوو، بەیانیان پێی دەچووم‌و ئێواران دەگەڕامەوە. دوای ئەوە کارێکی دیکەم لە سەرچنار چنگ کەوت، کە بریتی بوو لە دروستکردنی (تەلبەند)ێ بە چواردەوری ئاوەگەی سەرچناردا، لەوێ من‌و عبدولڕحمانی کوڕم ئیشمان تێدا کردو سوودێکی باشمان لێ دەستکەوت.

پاش ماوەیەك لەگەڵ (شێخ عەبدول‌و حاجی ئەحمەدی گەلاڵی‌و حەمەئەمین ڕەسوڵ)دا کۆنتراکتی دروستکردنی پردمان لە دەزگای ڕێگاوبان‌و وەرگرت لە عەربەتەوە بۆ چوارتا. لە (ئەوقاف)یش مزگەوتێکمان گرت. جگەوە لە دروستکردنی خانووی کارگەی فەرشی ئۆردوگای کەناروێمان گرت. عەبدولڕەحمانی کوڕم سێ خانووی کەناروێی بۆ دروستکردن وەرگرت لەگەڵ دروستکردنی مزگەوتێ لە (باوەنوور). جگە لەوە ژمارەیەك پرد هەر لە (کانی پانکە)وە تا (سەراوی سبحان ئاغا) بۆ دێی (قوماش‌و موانەکان)، هەروەها کۆمەڵێ کاری دیکەم لەم لاو لەولا پەیدا کردو ڕۆژانە ژیانمان بەرەو باشتر دەڕۆیشت، خانویەکیشمان بۆ خۆمان دروستکردو چارەسەری هەموو پێداویستیەکانی ژیانمان کرد.

بەشداریکردنم لە شۆڕشی نوێدا

لە ساڵی ١٩٧٦ هەواڵم زانی، کە برای قارەمان و تێکۆشەر کاک (عومەر دەبابە) بووە بە یاریدەدەری بەڕێوەبەی گشتیی دارستان لە شاری (رومادی). لە مانگی ٧ی ١٩٧٦ لەگەڵ برای بەڕێز کاک (عوسمان بەکری بەقاڵ)، کە یەکێ بوو لە تێکۆشەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی، چووین بۆ شاری (رومادی). ئەو کاتە برای بەڕێزو خۆشەویستمان کاک (فەوزی رشید نامیق)یش بە وەزیفە چوو بۆ (رومادی). ئەویش یەکێ بوو لە تێکۆشەرانی رێبازی کوردایەتی. لە رێگەی ئەوەوە هەوڵماندا پەیوەندی بە کاک (عومەر دەبابە)وە بکەین.

لە (رومادی) چووینە ماڵی کاک (عومەر دەبابە)و چاومان پێ کەوت و بە دوورو درێژی لەسەر بارودۆخی کوردستان و عیراق قسەمان کرد. کاک (عومەر) پێی گوتین: "من حکومەتی عیراقی تکلیفی لێکردووم بچم چاووم بە (مام جلال)و مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) بکەوێ لە دەرەوەی عیراق. منیش پێم گوتوون من چیم پێ دەکرێ؟ ئەوان چۆن بە گوێی من دەکەن؟ ناچاریان کردووم، کە هەر دەبێ بڕۆم و بیانبینم لە هەر کوێ بێ و پێیان بڵێ بە ناوی (سەرۆك وولاتەوە)، تەنانەت بە جێگری سەرەك کۆماریش دایان دەنێنین ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ عیراق و [illegible]یشیان بۆ دادەنێین، با بە هەموو لایەکمان خزمەتی گەلی

عیراق بکەین. منیش پێم گوتوون ئەی ئەگەر بە گوێیان نەکردم؟ گوتیان تۆ برۆ هەوڵ بدە بیان بینە بزانە چی دەڵێن؟"

کاک (عومەر)یش بۆ ئێمەی باس کرد. گوتی: "منیش پێم خۆشە برۆم بۆ ئەوی بزانم دەنگ‌و باسیان چییە."

ئێمەش پێمان گوت: "زۆر پێمان خۆشە برۆیت بە مەرجێ لای حکومەتەوە تووشی موسیبەت نەبی‌و بە ناوی هەموومانەوە قسەیان لەگەل بکە بۆ ئەوەی ئێمە بزانین بەتەمای چین ئەوان؟"

دوای ماوەیەك كاك عومەر گەڕایەوە. جارێکی دیکەش ئێمە بە نهێنی سەردانی کاك عومەرمان کرد بۆ رومادی. شەو لە ماڵی ئەواندا ماینەوە، بە درێژی باسی سەفەرەکەی کرد، کە مام جلال‌و مامۆستا ئیبراهیمیان دیووەو قسەکانی هەموو بۆ باس کردوون‌و وەزعی کوردستانیش. مام جلالیش باسی وەزعی دوەلیی بەدرێژی بۆ کردووە، کە تا ئێستا ئێمە وەکو کورد وەزعمان باشەو زۆر لایەنیش بەڵێنیان پێداوین، کە ئەگەر شۆڕش هەڵگیرسێتەوە، ئەوا پشتگیریمان بە هەموو شێوەیەك بکەن، بەتایبەتی حزبی شیوعی، کە زۆر لە لێپرسراوەکانیانی دیبوو، بەڵێنیاندابوو، ئەگەر ئەمجارە شۆڕش دەست پێبکەینەوە، ئەوا بە هەموو جۆرێ پشتگیرمان دەکەن. هەروەها داوای لە برای نەمر کاك عومەر دبابە کردبوو، کە هەوڵ بدەن ریزەکانی

خۆیان ڕێك بخەنەوەو بێنە دەرەوە بۆ کوردستان، چونکە لە ماوەیەکی کەمدا خۆی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

کاك عومەر بە درێژیی ئەم قسانەی بۆ گێڕاینەوە، کە ئێمە ناژین لەم وولاتەدا لەژێر دەستی بەعس. هەروەها بۆی باسکردین، کە چاویشی بە برا قارەمانو نەمرەکان کاك دکتۆر خالیدو کاك عەلی عەسکەریو تاهیری عەلی والی بەگ کەوتووەو بۆ ئەوانیشی باسکردووە، کە هەوڵ بدەن کاروباری خۆیان لابەلا بکەنو بچنە دەرەوە. هەندێ کادری دڵسۆزی تریشمان هەبوو بە نهێنی ئاگاداریان بکەن تا ڕووبکەنە شاخە سەربەرزەکانی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانین هێزێکی ڕێكوپێكو ڕێکخراو بۆ پاراستنی کوردستان، لەسەر شێوەیەکی تازەو گونجاو دروست بکەین. هەروەها بە منیشی گوت: "بەڵکو هەوڵ بدەی ئیشو کارەکانی خۆت لابەلا بکەیت، چونکە مام جلال بەدەمی پێی گوتووم، کە پێت بڵێم."

ئەوە بوو، کاك عومەر چووە دەرەوە. کاك دکتۆر خالیدو کاك عەلی عەسکەری بە نهێنی هەواڵیان بۆ ناردم، کە چاوم پێیان بکەوێ.

من لە ماڵی نوری ملا حەکیم دا لە سابونکەران چاوم پێیان کەوتو پێیان گوتم: "تۆش بەڵکو ئیشو کارەکان لابەلا بکەیت، وا ئێمە دەڕۆین.

سێ قۆڵی لەگەڵ شەهیدانی نەمر کاك عەلی عەسکەری‌و کاك دکتۆر خالیددا وارێککەوتین، کە من تاکو ماوەیەك لێرەدا بمێنمەوە. هەروەها دوای ئەوانیش شەهیدانی نەمر کاك تاهیری عەلی والی بەگ‌و کاك ستاری سعید خلف لە سلێمانی، پێش ئەوەی بڕۆنە دەرەوە، داوایان لێ کردم کە بچینە دەرەوەو هەوڵ بدەین بۆ کۆکردنەوەی پێشمەرگە.

لە قسەکانی ئەواندا دیار بوو، کە دەیانویست هەریەکێ بۆ خۆی حزبێ دروست بکا. منیش ئەوەم بە باش نەدەزانی‌و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانی تێدا نەبوو. چونکە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان لە تەبایی‌و برایەتیدا دەبینیەوە. ئەوەشم پێ گوتن: "ئێوەش هەوڵ بدەن تووشی ناکۆکی‌و بەربەرەکانی نەبن لەناو خۆتاندا، چونکە دوژمنەکان هەردەم لە ناکۆکیەکانی ئێمە سوودیان وەرگرتووە. من وەکو برایەکی ئێوە داواتان لێدەکەم بواری ناکۆکی‌و ئاژاوە مەدەن، چونکە خەڵکێکی هەلپەرست هەیە ئیستفادە لەو بۆشاییە دەکا. من پێم باشە ئەم شتانە لەگەڵ بەرێزتانا باس بکەم وەکو کوردێ، بەڵام چیشم پێ بکرێ بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان، درێخی ناکەم. تکام وایە ئەم قسانە هەر بۆ خۆتان بێ."

دوای ئەوە یەکترمان ماچ کردو خوا حافیزیمان لە یەکتر کردو هەر ئەو شەوە سلێمانی‌یان بەجێ هێشت.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ماوەیەکی کەمی دوای هەرەسدا، سەرلەنوێ مەفرەزەی سەرەتایی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا دروستکردەوەو بانگەوازی شۆڕشی نوێی ڕاگەیاند.

من لەو کاتەوە کەوتمە چالاکیو چەند جارێ پارەی چاکم بە ناوی یارمەتییەوە بۆ شۆڕش کۆکردەوەو بە ئاگاداریی کاك عومەر فەتاحو دوکتۆر خەسرەوو کاك مەحمودی مەلا عیزەت ناردم بۆ نێو شۆڕش. ماڵەکەشمان بەردەوام خەڵکێکی زۆر خۆی تیادا حەشار دەدا. کۆمەڵەی ڕەنجدەران یش پەیوەندییان بە عەبدولڕەحمان کوڕم دوە کردبوو، کاری بەر پرسیارێتییان لە نێو شاری سلێمانیدا پێ سپاردبوو. ئاگام لێبوو ئەویش شەوو ڕۆژی کردبوو بە یەكو هەموو کاتەکانی بەکاری ڕێکخستنو کوردایەتیەوە خەرج دەدا. من تەنها خەمی خۆم نەبوو، بەڵکو مەترسیی گەورەم لە (عەبدولڕەحمان) بوو، کە بگیرێ یاخود خراپەکارییەکی بێتە ڕێ.

لەو ماوەیەشدا چەند جارێ لایەن (مام جەلال)ە نامەم بۆ دەهات، کە بچمە دەرەوە. جارێکیان (مام جەلال) ڕاسپاردەیەکی هەبوو بۆ (ئیمام خومەینی).[1] نامەیەکی نارد تا من لەرێی خۆمەوە بیگەیەنمە دەستی

[1] ئەو سەردەمە (ئیمام خومەینی) لە شاری نەجەف بوو لە عیراق.

(ئیمام خومەینی). ئیتر دیار بوو میری گومانیان لە جموجۆڵەکانم کردبوو. دوارو دوور چاودێرییان دەکردم.

لە ساڵی ١٩٨٠دا بە ناوی چارەسەری نەخۆشیەوە چوومە وڵاتی (بولگاریا)و لەوێ دوو مانگێ مامەوە، هەر لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵێ تەنگژە دووربکەومەوە.

کە گەڕامەوە بۆ کوردستان، خێزانەکەم ئاگاداری کردم، کە چەند جارێ موختاری گەڕەك لەلایەن معاونی ئاسایشەوە نێرداوەتە سەرمان‌و هەواڵی منی پرسیوە. ئەویش پێی گوتبوون، کە بۆ عیلاج کردن سەفەری کردووە.

موختاری گەڕەکم بینی‌و هەمان دەنگ‌و باسی پێ ڕاگەیاندم. پێم گوت: "ئەوا لێرەم‌و گەر بە پێویستیان زانی دەچمە لایان."

چەند ڕۆژێ تێپەڕی، معاونی ئاسایش موختارەکەی ناردبوو بە شوێنمدا، کە بچمە لایان. لە چاوپێکەوتنەکەماندا ئاگادارم کرد بە ڕێگەدانی خۆیان بۆ عیلاج چوومەتە بولگاریا. پاش ئەوە لە سلێمانی تا مانگی دیسەمبەری ١٩٨١ بە کاروباری خۆمەوە خەریك بووم. هەر لە نێوەڕاستی ئەو مانگەدا لەگەڵ چەند هاوەڵێکدا چووینەوە بۆ بولگاریاو تا نێوەڕاستی مانگی شوباتی ١٩٨٢ لەوێ ماینەوە.

بولغاریا ١٩٨٠

زیندانیم لە ئەمنی سلێمانی

لە ساڵی ١٩٨٢دا بۆ ماوەی ٨٥ رۆژ لەلایەن پیاوکوژەکانی رژێمی بەعسی فاشیستەوە زیندانی کرام. لە شەوی بیستو نۆی مانگی چوار، رێکەوتی شەوی پێنج شەممەی دەکرد، کە پیاوکوژەکانی ئەمنی سلێمانی هاتنو لە ماڵی خۆمدا گرتیانم.

بە چاوو دەست بەستراوی بردمیانە دەزگای ئاسایشی سلێمانی، ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆریان دام. بە شوێن (عەبدولڕەحمان)ی کوڕمدا دەگەڕان. پێم گوتن: "ئەو ژنی هەیەو ماڵی جودایە."

زۆریان لێکردم ماڵەکەیان پیشان بدەم. پێم گوتن:

"لێمان زویرەو ماڵی خۆی جودا کردۆتەوە، نازانم لە چ گەڕەکێ دەژی."

ئەو شەوە هەر بە جلو بەرگی خەوەوە بردیانم بۆ زیندانی ئەمنی سلێمانی. هەر بە گەیشتنم بۆ ئەوێ، دەستمیان لەپشتەوەو چاومیان بەستەوەو پرسیاری ناونیشانیان لێکردم. دوای ئەوە بردمیان بۆ یەکێ لە ژوورە زیندانەکانی تەنیشتی دەزگای ئەمن، کە پێشتر خوێندنگای ناوەندیی کانێسکان بوو.

ئەو شەوە شەوێکی زۆر سارد بوو، چونکە بارانێکی زۆر دەباری. دوای چەند سەعاتێ، هەستمکرد بووە بە بەیانیو چەند کەسێکی ترم

لەگەڵدا گیراوه. هەر بەو بەیانییه، كەسێ لەوانەی گیرابوون لەگەڵمدا چەند كۆكەیەكی كرد بۆم. دەركەوت بۆ ئەو كەسە كاك (ئەحمەد عەبدوللا كوردە)یە.

ئەشكەنجەیەكی زۆریان دامو هەڕەشەی كوشتنمیان كرد، داوای ئەو ناوانەیان لێدەكردم، كە ئیشم لەگەڵدا دەكەن. پێم گوتن: "هیچ كەسێ ناناسمو كەسیش لەگەڵ مندا كار ناكا. گوتیان: "ئاگاداریمان بەدەست گەیشتووه، كە تۆ بەرپرسیاری شاریتو چوویتەتە ناوزەنگ بۆ لای مام جەلال."

هەرچییان گوت، نەچوومە ژێر باریان. پێم گوتن: "من كاری (مقاولات) دەكەمو ژیانم لەوپەڕی باشیدایەو هەرچیش سەبارەت بە من بە ئێوە گەیەندراوه، دروستكراوەو لە راستیەوە دووره."

هێندە ئەشكەنجە درام تا بێهۆش كەوتم. پاش ماوەیەك هاتمەوە هۆش خۆم، دەبینم لە نێوان دووسێ كورسیدا لەژێر زەمینێكدام. كابرایەكی ئەمن هاتو هەندێ ئاوشۆربای كرد بەدەممەوه. زۆری پێ نەچوو یەكێ هاتە لامەوەو گوتی: "چۆنی؟ پێمان بڵێ، تۆو مام جەلال نەبوون، هاوڕێی یەك بوون؟"

پێم گوتن: "چاوم بكەنەوە تا بتبینم." پێی گوتم: تۆ ناتوانی. من زۆرم لە بەرێوەبەری ئاسایش كردووه تا ریگەی دیتنی تۆی داوه. من

گفتم لە بەڕێوەبەر وەرگرتووە، کە نەتکوژن. ئەگەر ناوی ئەو کەسانەمان بدەیتێ، کە کاریان لەگەڵتدا کردووە، ئەوا بەرت دەدەن." لەوەڵامدا پێم گوتن: "نەکەس دەناسمو نە لەگەڵ کەسیشدا کار دەکەم." ئەویش گوتی: "کەوا بێ ئۆباڵی خۆت بە ملی خۆت."

ئەو شەوە ئێمە، کە گیراین ژمارەمان هەشت کەس بوو. دوای ئەوەی، کە بەیانی بوو، کاتی دەوام دەستیپێکرد، ئەمنەکان هاتنو پرسیاری ناوەکانیان لێکردین. بۆم دەرکەوت ئەو کەسانەی لەپاڵمەوە بوون گیرابوون. شەو هەمووی وەکو من لە ماڵی خۆیان گرتبوونیان. گیراوەکان، بێجگە لە کاک ئەحمەد عەبدوڵڵا کوردە، مامۆستا رەحیم رەمەزانو کاک کەمال تاهیری برای شەهید مامۆستا جەمال تاهیرو کاک ئیسماعیل، کە فەرمانبەر بوو ئەو کاتەو کاک جەلال، کە فەرمانبەر بوو لە تەندروستیی سلێمانیو کاک کەریم رەفیق، کە قوتابی بوو لە ئامادەییی پیشەسازیی سلێمانیو کاک مەولود بوو.

کە کاتی دەوام دەستی پێکرد، هێندەی نەبرد کەسی نۆهەمیان هێنا بۆ لامان. کە پرسیاری ناویان لێکردەوە، بۆم دەرکەوت ئەویش کاک قادر مەنمی بوو، کە فەرمانبەر بوو لە بانقی سلێمانی. هەر ئەو بەیانییە لەبانق گرتبوویان.

هەر هەموومان دەستو چاومان بەسترابوو. ئەو رۆژە ئێمەیان خستە ژوورێکی بەتاڵ، تەنها هەندێ کورسیی خوێندنی خوێندنگاکەی تیابوو.

هەرچەند ئەو کاتە کاتی سەرماو سۆڵە نەبوو، بەڵام وا ڕێکەوت بوو ئەو چەند ڕۆژە بارانی زۆر دەباریو هەواش سارد بوو.

هەر ئەو شەوەی کە گیرام، لە بەرەبەیانەوە تا دەمەو نیوەڕۆ چەند جارێ بردمیانە حەوشەی خوێندنگاکەو بە (کێبڵ)و دارزۆریان لێدامو داوای جێگاو ماڵی شەهید (عەبدولڕەحمان)ی کوڕمیان لێدەکردم. منیش هەر دەمگوت نازانم. ئیدی زۆریان لێدەدامو بێهۆشیان دەکردمو هەر جارێ تەنەکەیەك ئاوی ساردیان دەکرد بەسەرمدا، هەوڵیان دەدا هۆشم بێتەوە بەر.

لەو شەوەدا، کە گیراین، تا چەند ڕۆژێ هیچ خواردنیان نەداینێ. لەدوای چەند ڕۆژی خۆراکێکی زۆر کەمیان داینێ، پێکهاتبوو لە دوو سەموونی کۆنو ڕەقەوەبوو لەگەڵ شلەی کوولەکەیەکی تاڵی زۆر ناخۆش. بەڕاستی زۆریان برسی کردین. مەبەستیشیان هەبوو لەوەی برسیمان بکەن. زۆر خراپ لەگەڵماندا هەڵسوکەوتیان دەکردو زۆر دڕندانە پەلامارو ئازاریان دەداین. ئەو کاتانەی دەیانویست لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوەمان لەگەڵدا بکەن، بەزۆری دوو ماوەو کاتی زۆر نالەباریان هەڵدەبژارد. کاتی یەکەمیان دەمەوئێوارەیەکی درەنگ یان کاتی نیوەشەو. ئیتر بەم شێوەیە چەند ڕۆژێ ماینەوە.

نیوەشەوی ڕۆژی ٥/٩ بوو، شەوی یەکشەممە بوو، دەوروبەری کاتژمێری یەکی نیوەشەو بوو. لەپڕ گوێمان لە دەنگو ترپەی پۆستاڵ بوو، کە

دیاربوو تەحیەیان بۆ کەسێ دەکرد دیاربوو لێپرسراوێکی گەورەی ئەمنی ئەو سەردەمە بوو.

هەندێکی پێنەچوو دەنگی ئەو خەڵکە بەرەو لای ژوورەکەی ئێمەوە هات. کاتێکمان زانی دەرگای ژوورەکەی ئێمەیان کردەوە، کۆمەڵێ خۆیانکرد بە ژوورەکەدا. ئێمە هەموو دەستو چاومان بەسترابووەوە، تەنها گوێمان کاری دەکرد. هێندەی پێنەچوو لێپرسراوەکە بە دەنگێکی زۆر زلو ناخۆش داوای لێکردین ماوەی یەك چارەکمان بۆ دادەنێ بۆ ئەوەی، کە چی دەزانین بیلێین ئەگینا ئیعدامیمان دەکەن. هەروەها پێی گوتین ئاگامان لەوە هەیە، کە ئێوە هەموو شتێکن لەنێو شاری سلێمانیو پەیوەندیتان بە تێکدەرانەوە هەیە. کابرا ئەمانەی بە عەرەبی پێ گوتین، بەڵام کەسێ لەو کۆمەڵەی لەگەڵیدا هاتبوو، کە دوایی بۆمان دەرکەوت ئەویش کەسێکی خۆفرۆش بوو ناوی (نەقیب مەدحەت) بوو قسەکانی کابرای بۆ دەکردین بە کوردی. ئیتر جێیان هێشتین. هێندەی پێ نەچووهەمان کۆمەڵو هەمان لێپرسراو هاتنەوە ژوورەکەمان. لێپرسراوەکە گوتی:

"ها چی دەڵێن، پێمان دەڵێن یان ئیعدامتان بکەین؟"

کەس لە ئێمە وڵامی نەدایەوە، تەنها من نەبێ. گوتم:

"من هیچ نازانمو پەیوەندیم بە هیچ شتێکەوە نییە، هەرچیشم لەگەڵ دەکەن دەسەڵاتمان نییە."

هەر لەبەر ئەوە، هێندەی پێنەچوو، دەستیاندایە بن باڵمان‌و هەڵیانساندین‌و بردینیان بەرەو حەوشەی پشتەوەی خوێندنگاکە. لەوێ هەستمان کرد ژمارەیەکی زۆر لە پیاوکوژەکان وەستاون‌و چەند ئوتومبێلێکیان وەستانبوو. بە دەنگەکە ناسیمانەوە، کە پیاوکوژ (مولازم موحسین)یشیان لەگەڵدایە. ئێمەیان هەموو خستە نێو ئوتومبێلێك‌و هەستمانکرد لەنێو قافڵەیەکی ئوتومبێلی زۆردایین. دوای ماوەیەك، کە بە ئوتومبێلەکە بردینیان، ئیتر هەموو ئوتومبێلەکان وەستان. ئێمەیان داگرت. دیاربوو کۆمەڵێکی زۆر لە پیاوکوژەکانی (بەعس)مان لەگەڵدایە.

کاتێ کە دایانگرتین، هەستمان بە هەوایەکی سارد کرد. گوێمان لە قیرەی بۆق‌و زەرینی گەر بوو. بۆمان دەرکەوت ئەو شوێنەی ئێمەیان بۆ هێناوە دەشتە. یەکێکە لە دەشتەکانی دەوری شاری سلێمانی.

یەکێ لە برادەرانەمان، کە ئەویش مامۆستا (رەحیم رەمەزان) بوو، بە رێکەوت پەرۆکەی سەرچاوی باشیان نەبەستبوو. لە بەشی خوارەوەی چاویەوە توانی بەسەرهاتی ئەو شەوەمان ببینێ. دوای ماوەیەك، کە گەراینەوە بۆ هەمان ژووری پێشوومان، لەنێو ئەمن، زۆر بە دزییەوەو بە پچرپچڕ دیمەنەکانی ئەو شەوەمان بۆ بگێڕێتەوە. ئەوەش بەم شێوەیە بوو:

دوای ئەوەی دایانگرتین لە ئوتومبێلەکە لەسەر شێوەی (L) رایانگرتین. هەروەها چەند کەسێکی گیراوی تریشیان لەگەڵدا هێنابووین. ئەو شەوە هەمووومان بەیەکەوە بووین. دوای ئەوە یەکەیەکە دەیانبردین بۆ لای کۆمەڵە کەسێکی دوورتر لە ئێمە وەستابوون. دیاربوو ئەوان وەکو لیژنە وابوون.

کاتێ کە منیان برد، داوایان لێکردم، کە چی دەزانم‌و پەیوەندیم بە کێوە هەیەوەو کێ پەیوەندیی بە منەوە هەیەو پلەی لێپرسراوییم چییە بیلێم. ئەگەر نەیلێم، ئەوا ئەو شەوە ئیعدامم دەکەن. منیش پێمگوتن هیچ نازانم‌و پەیوەندیم بە کەسەوە نییەو کاری سیاسی ناکەم. ئیتر پێیانگوتم شایەتمان بهێنم. بردیانمەوە جێگای خۆم. بە هەمان شێوە هەموو برادەرە گیراوەکانی، کە لەگەڵمدا بوون، ئەو شەوە بردیان‌و وەکو من ئەو داوایانەیان لێکردن. بەڵام زۆر ئازایانەو پاڵەوانانە هەموو خۆیان راگرت‌و کەس هیچی نەگوت. بۆیە ئەو فاشیانە ئەو شەوە زۆر درندانە پێنج یان شەش کەسیان لێ رەمی کردین‌و شەهیدیان کردن‌و ئێمەشیان هێشتەوەو شێوەی شەهیدکردنەکەشیان بەم شێوەیە بوو، کە مامۆستا رەحیم بۆی گێڕاینەوە.

بەڵام ئەوەی بە گوێ هەستمان پێدەکرد، هەموویمان گوێ لێبوو، ئەوی تریش، کە بەچاو بینرا دوایی مامۆستا رەحیم بۆی باسکردین.

ئه‌وه‌ی ئه‌و شه‌وه به گوێ بیستمان ئه‌وه‌بوو، که ئه‌و قاره‌مانانه به چه‌کێکی بێ ده‌نگ شه‌هیدیان ده‌کردن. ئێمه ته‌نها گوێمان له ته‌په‌ی فیشه‌که‌که ده‌بوو، که پێیان شه‌هید ده‌کردن. دوای ئه‌وه گوێمان له ته‌په‌ی له‌شیان ده‌بوو، که ده‌که‌وته سه‌ر زه‌وی‌و گوێمان له پرخه‌پرخیان ده‌بوو، چونکه ده‌می هه‌موومانیان زۆر به توندی به‌ستبوو، بۆیه شه‌هیده‌کانیش ته‌نها ده‌نگیان به پرخه ده‌بیسترا.

به‌ڵام ئه‌وه‌ی به چاو ئه‌و برادەرەمان بینی، ئه‌و شه‌وه دوایی بۆی گێرایه‌وه، به‌م شێوه‌یه بوو: ئه‌و که‌سه‌ی شه‌هیدیان ده‌کرد، ته‌نها یه‌ك فیشه‌کیان ده‌نا به سه‌ریه‌وه‌و ئیتر شه‌هید ده‌بوو. به‌ڵام ته‌نها یه‌کێ له‌و قاره‌مانانه به‌و فیشه‌که‌ی سه‌ری شه‌هید نه‌بوو، یه‌ك فیشه‌کی تریان نا به دڵیه‌وه. به‌م شێوه‌یه ئه‌و شه‌وه هه‌موویان شه‌هید کردن. دوای ئه‌وه ئێمه‌یان هێشته‌وه‌و بردینیان بۆ شوێنی خۆمان.

ئێمه‌یان بۆ ماوه‌ی ٨٥ رۆژ له زینداندا هێشته‌وه. ئه‌و ماوه‌یه زۆر به درندانه هه‌ڵس‌و که‌وتیان له‌گه‌ڵدا ده‌کردین. ئه‌و ماوه‌یه‌ی ئێمه گیرابووین، خه‌ڵکێکی زۆری تریان گرتبوو، زۆربه‌یان قوتابیی خوێندنگاکانی ناوه‌ندی‌و ئاماده‌یی بوون له کوڕ کچ. زۆر بێ ویژدانانه ئازارو ئه‌شکه‌نجه‌ی ئه‌و خه‌ڵکه‌یان ده‌دا. بۆ ئێمه ئه‌وه زۆر ناخۆش بوو، که گوێمان له هاوارو قیژه‌ی ئه‌و ئافره‌ت‌و کچانه ده‌بوو، مردنمان به ئاوات ده‌خواست بۆ خۆمان.

ماوەیەکی زۆر لەنێو ژوورێکی تایبەتی نێو خوێندنگاکەدا مایەنەوەتێکەڵی کەسیتریان نەکردین تا رۆژی ١٤/ ٧/ ١٩٨٢. ئیتر بردینیانە نێو بەڕێوەبەرێتیی ئەمن لە تەنیشت زیندانەکەوە. لەوێ دەوروبەری نیوەڕۆ بوو، ئێمەیان هاویشتە نێو زیندانەکەی ئەوێ. کە چووینە ژوورەوە چاویان کردینەوە. سەیرمانکرد کەسێکیتری لێ نییە تەنها هەر ئێمە بووین. دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ نزیکی کاتژمێری چواری دوای نیوەڕۆ دووکەسیتریان هێناو کردیانە لای ئێمە. ئەو دوو کەسەش یەکەمیان مامۆستا جەمال تاهیر بوو، دووەمیان کاك عەزیز مەحمود بوو، کە ئێستا ناسراوە بە (حاکم عەزیز).

ئیتر بەم شێوەیە ژمارەمان بوو بە یانزە کەس. مایەنەوە لەوێ تا رۆژی ٧/٢٢ رێکەوتی رۆژی پێنجشەممەی دەکرد. ئەو رۆژە پێیانگوتین ریشمان بتاشینو بەرمان دەدەن. هەر ئەو رۆژە، لە دەوری نیوەڕۆدا هاتنو بردیانین بۆ لای بەڕێوەبەری ئەمن. لەوێ دایانناین لای بەڕێوەبەر خۆیو داوای چایان بۆ کردین.

من لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشتبووم. کەسێ لە بەردەمی من دابوو، دەمزانی ئەو کەسە مامۆستا جەمال تاهیرە، بەڵام نەمدەوێرا قسەی لەگەڵدا بکەم.

بەڕێوەبەری ئەمن دانیشتبوو، کەوتە قسەکردن لەگەڵماندا. گوتی:

"ئێمه ئاگامان لەوە هەیە، كە ئێوە هەموو شتن لەم شارەو كاری سیاسی دەكەن لەگەڵ تێكدەرەكاندا."

رووی كردە مامۆستا جەمال تاهیرو پێی گوت:

"تەزانەت دەشزانین، كە ناوی نهێنیی تۆ (سەركەوت)، بەڵام هیچمان لە ئێوە ناوێ بۆمان بكەن، تەنها ئەوەندەمان لە ئێوە دەوێ بڕۆنە نێو ماڵو منداڵی خۆتانو دانیشن بۆ خۆتانو ماڵو منداڵتان بژین. ئێوە لەسەر بڕیاری بەڕێز سەرۆك بەربوون، چونكە لێبوردنی گشتیی بۆ هەمووتان دەركردووە. ئەگەر وا نەبووایە، ئێمە هەرگیز ئێوەمان بەرنەدەدا."

وەكو بڵێ بەداخەوە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە.

ئەو ڕۆژەی ئێمە لە زیندان هاتینە دەرەوە ڕۆژی پێنجشەممەی ٢٢/٧/ ١٩٨٢ بوو، كە ڕێكەوتی جەژنی ڕەمەزان بوو.

بەهەرحاڵ، من هەر دوو ڕۆژ لە (سلێمانی) مامەوە. لەو دوو ڕۆژەدا مامۆستا جەمال تاهیرم بینیوە، زۆر تكام لێكرد، كە بچینە دەرەوە. بەڵام لەبەر كۆمەڵێ كێشەی خێزانی ئەو دواكەوتو من چوومە دەرەوە، ئەویش دوای دوو مانگ هاتە دەردوە بۆ ناوزەنگو كرا بە ئەندامی سەركردایەتی.

١٩٨٢

شاڵاو، بەڕێز، باکۆ

چوونەوەم بۆ شاخ

دوای بەربوونمان، لە دوای نێوەڕستی مانگی (ئاب)ەوە لەسەرکردایەتیەوە ئاگادار کراینەوە، کە بچینە دەرەوە نەبا سەرلەنوێ بمانگرنەوە. منیش لەگەڵ (عەبدولڕەحمان)ی کوڕم، کە تا ئەو کاتە خۆی شاردبووەوە، هەروەها لەگەڵ (ئەرسەلان)ی کوڕم سەروەت و سامانم جێ هێشت و چووینەوە چیاکانی کوردستان.

چوومە زەڵێ بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە گەیشتنەکەم ئاگاداری (مام جەلال)یان کردو ئەویش هات بۆ لام. ماوەی دوومانگێ لەوێ بووم. پاشان سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاریدا چوار مەڵبەند لە کوردستان دابمەزرێنن.

بە بڕیاری سەرکردایەتیی یەکێتی کرامە بەرپرسی عەسکەریی مەڵبەندی یەك لە (حاجی مامەند)و بەرپرسی سیاسیش (مەلا بەختیار) دانرا. هەرچەندە مەلا بەختیار ڕێزی تایبەتی بۆ من دادەناو لە هەموو ئیش و کارەکانماندا، تەنانەت بۆ هەر جێیەك بچووینایە بەیەکەوەو بە زۆریش پێش خۆی دەخستم، بەڵام لەو کاتانەدا دەنگی دروستبوونی ئاڵای شۆڕش لەنێودا هەبوو، کە ئەم یەکێ بوو لە ئەندامە سەرەکیەکانی و کاری نهێنیان دەکرد. دیاردەی ئەوە هاتەکایەوە، کە جووڵانەوەیەك لە پشت یەکێتیەوە هەیەو کاری بۆ دەکەن. وای لێهات،

کە خەریك دەبوو بە ئاشکرا دژایەتیی هەموو باڵەکانی نێو یەکێتی بکەن، چەندین بڵاوکراوەی جۆربەجۆریان بڵاودەکردەوەو چەند کەسیشیان بەلای خۆیاندا راکێشا. لە راستیدا من بەم کارانە زۆر دلگران بووم، چونکە ئەوە بووە هۆی ئاژاوەو گێرەشێوێنی.

(مەلا بەختیار) ئەو کاتە هەڵسوکەوتی گۆڕابووو کارەکانی وەك لێپرسراوی مەڵبەند بە چاکی بەڕێوە نەدەبرد، ئەوەش کاری خراپی دەکردە سەر ئیش‌و کاری مەڵبەندەکەو منیش وەك هەست بە لێپرسینەوەیەك بۆ ئەم دیاردەیە ئاگادارییی سەرکردایەتیم کردەوە، کە من لەگەڵ ئەم پیاوەدا رێك ناکەوم‌و بەیەکەوە ناکرێ لە یەك مەڵبەندا بین. هەر بۆیە بانگکرامە سەرکردایەتی‌و لەوێ مامەوە تا بەهاری ١٩٨٣، کە لە کۆنگرەی شۆڕشگێڕاندا بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرام‌و لە دێی (سوێرە) بارەگام دانا.

شەڕی پارتیزانیی شۆڕشی نوێ

مانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٨٢) بڕیاردرا کەوا ناوچەکانی چالاکیی پێشمەرگایەتیی لە کوردستان بکرێ بە چوار مەڵبەندەوە، مەڵبەندی یەک‌و دووو سێ‌و چوار. ئەوکاتە منیان دانا بە لێپرسراوی پێشمەرگایەتیی مەڵبەندی یەک.

مەڵبەندی یەک سنووردکەی لە ماوەتەوە بوو تا چوارتاو پێنجوێن‌و هەڵەبجەو هەورامان‌و قەرەداخ. پێش ئەوەی دەستبەکاربم، لەو مەڵبەندەدا داوام لە بەڕێز (مام جەلال) کرد کەوا مۆڵەتم بدا بچمە قەرەداخ‌و هەندێ خزم‌و دۆست‌و کەس‌و کار هەیە بەسەریان دەکەمەوەو لە نزیکیشەوە ماڵ‌و منداڵ دەبینم‌و جێگەو ڕێگەیان لە شوێنێکی گونجاودا بۆ دابین دەکەم. پاشان چووم‌و سەردانی چەند لایەکم کردو ماوەیەک لەنێو قەرەداخ‌و دێهاتەکانی دەوروبەریدا مامەوە. لە گەڕانەوەماندا لە ناوچەی تانجەرۆی سەر بە ناوچەی قەرەداخ ئێوارە ویستمان نزیکی جادە ببینەوە. لە دەوروبەری کاتژمێر چوارونیو هەوڵماندا بچینە سەر جادەی قیرتاوی سلێمانی‌و عەربەت تا دەستێ لە پیاوەکانی ڕژێم بوەشێنین.

زۆربەی زۆری کاتەکانی ئێواران، لەدوای بانگی عەسرەوە، نێوان کاتژمێر چوارو پێنج، لە بەرژەوەندیی پێشمەرگە بوو، چونکە شەوی بەسەردا دەهات‌و لە حکومەت نەدەترساین، حسابی ئەوەمان دەکرد حکومەت فریای ئەوە ناکەوێ هێز بهێنێتە سەرمان‌و ئەگەر بیشیهێنێ ئەوا دەتوانین بۆ ماوەی کاتژمێرێ تا کاتژمێرو نیوێ شەڕ بکەین.

کاتژمێر (٥)ی ئێوارە لە گوندی (یەخی مالی) دوو کیلۆمەتر لە جادەی قیرەوە دوورە، واتە نزیکی عەربەت، (عەبدولرەحمان)ی کوڕم لەگەڵ (شێخ زاهیر)و (حداد)یش پێش ئێمە کەوتن بۆ ئەوەی. لە جێگەی چایخانە کۆنەکەی (حاجی سەمینی خەراجیانی) بۆسە دابنێین، ئەوان کەوتنەڕێ بەرەوئەوێ، کاتژمێر پێنج‌و نیوی ئەو ڕۆژە، ئەوەبوو ئۆتۆمبیلێکی لاندکروزەر کەوتە نێو بۆسەکەوە، کە بە([illegible]) بوو، چوار چەکداری تێدا بوو بە دیلی کەوتنە دەستمان. بە پەلە چەکەکانمان لێسەندن‌و باڵمان بەستن.

من‌و کاک دلاوەری ئەحمەد مەجیدو سێ پێشمەرگەی‌تر بە ئۆتۆمبیلەکە لەگەڵ دیلەکاندا ڕۆشتین بۆ (خەراجیان)و (عەبدولرەحمان‌و شێخ زاهیرو حدادو شیهاب)یش، ئەوان بە پێ هاتن، بۆ پاراستنی ئێمە ئەوان دواکەوتن، هەمووومان کاتژمێر شەشی ئێوارە گەیشتینە ناو خەراجیان، داوامان لە خەڵکی گوندەکە کرد هەندێ نان‌و دۆیان بۆ هێناین، بەڵام خەڵکی گوندەکە داوایان لێکردین بڕۆین‌و

گوندەکە جێبهێڵین، چونکە گوندەکە تەنها ۲کیلۆمەتر لە (عەربەت)ەوە دوور بوو، کە بارەگای لیوای لێبوو. ئێمەش بۆ ئەوەی ئەوان تووشی گرفت نەکەین، بە بەرچاوی سەربازگەکەوە بە ئۆتۆمبیلەکە چووین بە دیوی (دوکانیان)دا، نیوەمان بە پێو نیوەشمان بە ئۆتۆمبیلەکە. لەو چالاکییەدا برای بەڕێز کاک (دلاوەر ئەحمەد مەجید)مان لەگەڵدابوو.

کاتێ هەواڵ گەیشتە (مقر لیوا)ی (عەربەت)، ئیتر دێهاتەکانی دایە بەر تۆپ. دوو (مدرعە)ش بە جادەکەدا لێمان نزیکبوونەوە. پاش چەند تەقەکردنێ گەڕانەوە. ئێمەش ئۆتۆمبیلەکەو دیلەکانمان بۆ (گورگەدەر) ناردو خۆمان مایتەوە بۆ بەرگری. تاریکی داهاتو کەوتینەڕێ بەرەو (گورگەدەر). ئەو شەوە لەوێ ماینەوە لای خوالێخۆشبوو (حەمزای کەوێ). بەیانی زووش بە تاریکو لێڵی دەرچووین بەرەو (پارەزان). گەیشتینە نێو (پارەزان)، خەڵکی ئەوێ زۆر بە گەرمی پێشوازیمان هاتنو دەست خۆشییان لێکردین. ئەوکاتە جێگەمان هێشتا دیاری نەکردبوو بۆ مەڵبەندی یەک، هەرچوار چەکدارەکەم لە لای خۆم پەتدکرد بۆ ماوەی سێ مانگو دوایی لەسەر داوای زۆری دۆستەکانمان بە کەفالەت بەرەڵامان کردن.

بریندداربوونی عەبدولڕەحمان

من ماوەیەکی کەم لە گوندی (ناوزەنگ) لای (مام جەلال)و مەکتەبی سیاسی‌دا مامەوە. لە دوایی‌دا لە پایزی ساڵی ١٩٨٢ بووم بە لێپرسراوی عەسکەری مەڵبەندی یەك.

چوومە گوندی (پارەزان)، خانوویەکم پێکەوە نا بۆ ئەوەی ماڵو منداڵەکەم بەرمە ئەوێ. ماوەی دوو هەفتە لەوێ بووم. (عەبدولڕحمان)ی کوڕم پێشتر، پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە هەبووو بەرپرسیاری پێشمەرگەی ناوشار بوو. ڕۆژێ پێی گوتم:

"کاکە حەمە ئیجازەم بدەرێ لەگەڵ بەڕێز کاك (مەلا بایز)[2] بچین بۆ نێوشار دەستێ بوەشێنین." منیش پێم گوت:

"پەلە مەکە لەو کارانە، کاری نێوشار بە تۆ ناکرێ. خەبەر بدە بە پێشمەرگەکانی نێو شار با ئەوان بیکەن، چونکە تۆ ناسراویو فەرمانی گرتنت هەیە."

ئەویش زۆری لەگەڵدا گوتم. گوتی: "کارێکیان بۆ دیاری کردووین لە لایەن ڕێکخستنی نێوشارەوە، پێم خۆشە بۆ یەکەم جار خۆم بیکەم.

---

[2] ئەو کاتە (مەلا بایز) ئامر کەرت بوو لای من.

كارەكەش ئەوەیە نانەواخانەیەك هەیە لەبەردەم مزگەوتی (عەبدوللا لوتفی)، هەموو بەیانیەك دوو عەسكەری قوه خاصە لە قومتەكەی (مولازم موحسین)ی تاوانبار دێنە بەردەم ناناواخانەكە، سەعات شەشی بەیانی، تەعەدا لە ئافرەت دەكەن. جا داوات لێدەكەم، كە ریگەم بدەی برۆم لەگەڵ (مەلا بایز). چەكی قورس لەگەڵ خۆمان نابەین، یەكی دەمانچەیەكمان پیٚ بیٚ دەتوانین ئەو كارە ئەنجام بدەین."

منیش ریگەم پێدان لەگەڵ (مەلا بایز) رۆشتن. چوونە ماڵی خزمێكی خۆمان، كورەكانی خاڵۆ (مەلا عەزیز) لە سەرچنار. بۆ رۆژی دوایی چوونە بەردەم نانەواخانەكەی لای مزگەوتی (عەبدوللا لوتفی). كاتژمێری (٥)ی بەیانی. پاش ماوەیەكی كەم عەسكەرەكان هاتبوون. ئەوانیش قەراریان دابوو هەوڵ بدەن تەقە نەبیٚ لەو شوێنەدا، چونكە لە مەقەرەكەی (مولازم موحسین)ی تاوانبارەوە زۆر نزیكە. ئینجا رۆیشتن بەرەو عەسكەرەكانو پێش ئەوەی بگەنە لایان، ئەوان ئیحتیاتی خۆیان كردبوو، كە ئەو دووانە بەرەو روویان دەچن. وەكو باسیانكرد، عەسكەرەكان تفەنگێكیان بەدەستەوە بوو، یەكێكیان لاواز بوو، ئەویتریان قەڵەو. بریاریان دابوو هەریەكەیان پەلاماری یەكێكیان بدەن، بیٚ ئەوەی تەقە بكەن. (عەبدولرەحمان) پەلاماری قەڵەوەكەی دابوو. (مەلا بایز)یش بۆ لاوازەكە. پاش بەیەكدا هاتنو شەرە بۆكسو شەقو یەكتردان بە زەویداو هەستا نەوە، بە ناچاری ئەو قەڵەوەیان

کوشتو تفەنگەکەیان بردن. بەڵام لاوازەکە بێ چەك رایکردو لە ماوەیەکی کەمدا جەماعەتی (مولازم موحسین) گەیشتنە سەریانو شەڕ لە نێوان هەردوو لادا دەستی پێکرد. لە ئاکامدا دوو سەربازیتر کوژانو (مەلا بایز)یش شەهید بوو. زۆر بەداخەوە. (عبدولڕەحمان) دوو گوللە بەر قۆڵیو پەنجەی کەوت. لە رێگەی دۆستێکی دڵسۆزەوە گەیاندیانە گەڕەکی خەبات، هەردوو چەکەکەشی بەدەستەکەیتر هەڵگرتبوو.

لەو چالاکییەدا زۆر مرۆڤی نیشتمانپەروەر لەو کاتە نارەحەتەدا یارمەتیی (عەبدولڕەحمان)یان دابوو، بەڵام بەداخەوە، جەنازەی (مەلا بایز) جێ ما. دوای نەشتەرگەریو تیمارێکی سەرەتایی، کە بۆ (عەبولڕەحمان)یان کرد، بەرێیان کرد بۆ دێی (هەناران) بە تراکتۆر بۆ ماڵی برای خۆشەویستە کاك (کوێخا حسێنی هەناران)، کە پیاوێکی تێکۆشەرو دڵسۆزی گەلەکەمان بوو، ئەویش بە کوڕەکانی خۆیدا ناردی بۆلامان بۆ دێی (پاڕەزان). ماوەیەکی زۆر لەژێر چارەسەردا بوو بەو توانا کەمەی، کە هەبوو، بەڵام دەستی سەقەت بوو. زۆر کەس ئاگاداری ئەم رووداوە گرنگەو دڵتەزێنە بووە.

لەگەڵ دەیان کارەساتی ناخۆشو دڵتەزێنیترا شەهید (عەبدولڕەحمان) لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٧- ١٩٧٨دا زۆرجار لای من باسی ئەوەی دەکرد، کە بچێتە شاخ، بەڵام من زۆر جار پێم دەگوت: "ئێمە لێرە زیاتر دەتوانین یارمەتیی شۆڕشەکەمان بدەین، کۆمەڵێ کاری باش ئەنجام بدەین." ئەو

به خۆیو ئۆتۆمبیلەكەیەوه شەوو ڕۆژ هەر خەریكی ئەنجامدانی كاروباری شۆڕش بوو.

سەبارەت به شەهید (مەلا بایز). بەڕاستی پێشمەرگەی زۆر ئازاو دێرینم لەدەست داوه، بەڵام كەم هەبوو وەك ئەو قارەمانه بووبێ. چونكه بەڕاستی ئەویش یەكێ بوو لەو پێشمەرگه خۆنەویستانەی هەموو ژیانی خۆیان بۆ ڕزگاریو ئازادیی كوردستان تەرخان كردبوو. پیاوێكی دەست پاكو داوێن پاكو ڕاستگۆو لێهاتوو بوو.

شەهید عەبدورلرەحمان حەمەی فەرەج (ساڵی ١٩٨٠ – گەڵی عەلی بەگ)

نامەکانم بۆ حەمەی حاجی مەحمود

لەهەر کاتێکدا دەرفەتێکم بۆ ڕێکەوتبێ درێخیم نەکردووە بۆ تەباییو یەکبوونی خەڵکی کوردستان بێ جیاوازی بیروباوەڕیان. ئەوەندەی لە توانامدا بێ دژی شەڕی براکوژیو کورد دژی کورددا وەستاومەتەوەو هەوڵم داوە بە ئاشتیو لە ڕێگای ووتووێژو دانوسانەوە کێشەکانی نێوان باڵەکانی کوردایەتی نەمێنێو هەرگیز نەگاتە یەکتری کوشتنو لەنێوبردنی. بۆ ئەم هەڵوێستەم بەڵگەی زۆرم هەیەو ئەوانەی لەگەڵمدا کاریان کردووە، ئەوە بەباشی دەزانن. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣دا چەند نامەیەکم بۆ کاکە حەمەی حاجی مەحمود گولەخانەو کاک بەهادین نوریی سکرتێری حزبی شیوعیی ئەو کاتەو کاک عبدولخالق هەورامیو دکتۆر مەحمودو کاک ڕەسول مامەندو کۆمەڵێ برادەری دیکە دەربارەی تەباییو برایەتیو ڕێبازی کوردایەتی نووسیوە. هەروەها گەڕان بەدوای چارەسەرێکی گونجاودا بۆ چارەسەری کێشەکانمان. بەڵام داخەکەم، نە ئەو نامانەو نە وەڵامەکانیانم لا نەماوە. چەند نامەیەکم لە کتێبەکەی کاکە حەمەی حاجی مەحموددا بڵاو کراونەتەوە، هەرچەندە زۆر لەوانەش زیاتر بوون، کە بۆ کاکە حەمەم نووسیون. وا منیش لەبەر کتێبەکەی ئەودا جارێکی دی دەیانووسمەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەڵبەندی یەك
بەشی عەسکەری

بۆ/ برای بەڕێز کاکە حەمەی حاجی مەحمود
سلاوێکی برایانەی گەرم. بە هیوای شادبوونەوەین بە یەك.

برای بەڕێز.. من کە هاتم بۆ شارەزوور حەزم کرد چاوم پێت بکەوێ، بەڵام بەداخەوە چاوم پێت نەکەوت لەبەر ناتەواوی و ئاڵۆزی وەزعەکە. هەرچەندە برادەرێکی دۆستی خۆمانم نارد بۆلات بۆ ئەوەی، کە جارێکیتر خۆت تووشی شەڕی لابەلا نەکەیت لەگەڵ یەکێتیدا. منیش سوپاست دەکەم، کە بەشداریت نەکرد لەم شەڕە ناڕەوایەدا، چونکە تۆ ئینسانێکی دڵسۆزو خۆشەویست بوویت لەناو یەکێتیدا. ئێستاش زۆربەی زۆری برادەران باست ئەکەن و خۆشیان ئەوێیت، بە تایبەتی هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال.
ئێستاش داوات لێ ئەکەم، کە بۆ بەرژەوەندیی گشتی بیر لە برایەتی و هاوخەباتی بکەیتەوە شان بەشانی یەکێتی نیشتمانی. جا منیش وەکو مەسئولێکی عەسکەریی مەڵبەندی یەك ئامادەم بۆ هەموو پشتگیریەکت، چونکە تۆ کوڕێکی دڵسۆزو باش بوویت و ئێستاش مەجال هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی، کە هەبووە. جا بۆیە من پێم خۆشە بە زووترین کات چارەسەری کێشەکان بکەین و بگەڕێیتەوە بۆ ریزی یەکێتیی نیشتمانی. ئەگەر پێشت خۆشە یەکتر ببینین، ئەوا شوێنێکی ئەمین و باش دابنێیت، کە بگونجێت بۆ هەردوو

لامان تاوەکو باسی کێشەکان‌و داهاتوو بکەین. ئەگەر خۆشت نەهاتی، ئەوا کاک عبدولخالق، یان هەر برادەرێکی باوەڕپێکراوی خۆت بنێریت بۆلام با جوابەکەیم بداتەوە بۆ ئەوەی بزانم داواکاریەکانت چین، چونکە من لەلایەن بەڕێز مام جەلالەوە تخویل کراوم بۆ ئەوەی کۆتایی بەو کێشەیە بهێنین‌و چارەسەری بکەین. سڵاحیاتیشم هەیە، کە وەکو سەرتیپێك لە شارەزوور داتبنێم. جا دووبارە داوات لێدەکەم، کە خۆت تووشی شتی لابەلا نەکەیت، چونکە ئێستا چارەسەری کێشەکان بە ئاسانی دەکرێت‌و منیش ئامادەم هەموو یارمەتییەکت بدەم‌و پشتگیریت بکەم وەکو برایەکی دڵسۆزو هاوخەبات‌و هاوسەنگەر لە ریزی یەکێتی نیشتمانیدا.

برام، لای ئەو برادەرەی، کە ناردبووم بۆلات گلەیت کردبوو، کە گوایە من قسەم پێ وتوویت‌و هەڕەشەم کردووە. بەڵام من ووتومە، کە ئەو دیلانە بێ تاوانن‌و ئاگاداری هیچ شتێك نین. جا منیش لەو کاتەی، کە هاتوومەتە دەرەوە، پێش ئەوەش رەئم وا بووە، کە هەموو ناکۆکی‌و کێشەیەك بە ووتووێژ چارەسەر بکرێت. چونکە هەرلایەك بە ناوی کوردایەتی‌و وەتەنیەتەوە قسە ئەکات. جا بۆیە من وا بیر ئەکەمەوە، کە هەموو گیروگرفتەکانمان بە هێمنی‌و برایانە چارەسەر بکەین. چونکە تۆش زۆر هەوڵت داوەو هیلاك بوویت لەگەڵ ئەکێتیدا.

ئیتر لە کۆتایی دا زۆر سڵاوم بۆ کاك عبدولخالق‌و باقی برادەران.

ئیتر خۆشیت

تکایە وەڵام

برات: حەمەی فەرەج

م.ع مەڵبەندی یەك — ١٩٨٣/٤/٢٦

بۆ/ برای بەڕێزو خۆشەویستم كاك عبدولخالق
سلاوێكی گەرمی برایانە

بە هیوای خۆشیتانم. زۆر سلاوم هەیە بۆ هەموو برادەران. برادەرانی ئێرە سلاوتان لێ ئەكەن و زۆر ئەحواڵی منالەكان ئەپرسم.

برای بەڕێزم گلەیی زۆرم هەیە لێت. هەڤاڵێكی زۆر بێ ڕەحم بوویت. من ماوەی حەوت مانگە وام لە ناوچەی شارباژێر. بە نامەیەك بەسەرت نەكردین. ئێمە برای چەندەها رۆژی تەنگانەو هاوخەبات بووین. منیش بۆیە ئێستا بەم نامەیە بەسەرت دەكەمەوە، چونكە من بێ وەفا نیم و لە هەموو كاتێكدا بە دەنگ برایانی هاوخەباتو دێم بەسەریان دەكەم. پێشم خۆشە، كە هەر بەیەكەوە ئیش بكەین و ئاگامان لە یەكتریش بێت، چونكە ئێمە زۆر هیلاك بووین لە پێناوی كوردو كوردایەتی و تووشی سەدان مەشاكل و وەزعی نالەبار بووین. جا بۆیە پێم خۆشە بگەڕێیتەوە ناو ریزەكانی یەكێتیی نیشتمانی بۆ ئەوەی بۆ خۆمان پێكەوە بین و بتوانین مەشاكلەكانی ناوچەكەمان چارەسەر بكەین و ئەگەر هەولیش بدەیت لەگەڵ كاك حەمەی حاجی مەحمود. چونكە ئەویش كوڕێكی باش و لێوەشاوەیە خزمەتێكی زۆری هەیە بۆ ئەوەی لەكیسمان نەچێت و هەموومان پێكەوە ئیش بكەین بۆ بەرژەوەندیی میللەتی كوردو شۆڕشەكەمان. ئیتر من بە واجبی خۆمم زانی بەم نامەیە ئاگادارت بكەم و هەموو جارێكیش باسم كردوون، كە نەبوایە ریزەكانی یەكێتیتان بەجێ نەهێشتایە و ئێستاش من مەسئولی عسكری مەڵبەندی یەكم، ئەتوانم هەموو پشتگیرییەكتان بكەم و ئەو موشكلانەی، كە هەیە ئەتوانین بە وتووێژ چارەسەری بكەین بە شێوەیەكی برایانە.

ئیتر خۆشیت

برات
حەمە فەرەج
١٩٨٣/٤/٢٦

برای بەڕێز کاك محەمەد فەرەج

لە پاش سڵاوی برایانە

نامەی بەڕێزتان گەیشت. دەربارەی هەندێك رووداو دوابوویت. بۆیە بە پێویستم زانی روونی بکەمەوە.

نوسیوتانە، کە پ.م ی ئێمە کەمینیان بۆ پ.م ی ئێوە داناوە لە دێوانە. ئەمەش کەم تا زۆر پێچ و بنەوانەی نییە وەکو هەمووان لە دێوانە دیویانە. کاکە گیان، مفرەزەیەکی ئێوە هاتبوون بۆ دێی دێوانە، کە ئەمەش ناگونجێن لەگەڵ ڕێکەوتنی دێوانە، لەکاتێکدا مەفرەزەی ئێمەش لەوێ بوون بێ تەقەو هەراو پ.م مکانی ئێوە گەڕانەوە بۆ مەسۆیی. جا ئەمە لەکوێ و کەمین لەکوێ. ئێمە هیچمان نەبیستووە لەسەر پشکنینی ماڵی زۆراب (مەبەست زۆرابی خۆمانە) لەناو سۆڵەو باوەڕ ناکەین پ.م مکان شتی وایان کردبێت. لەگەڵ ئەوەش، ئێمە تحقیق ئەکەین دەربارەی گرتنی دەروێش. ئیمڕۆ مەعلوماتمان وەرگرت، کە پ.م مکانی نزیك سۆڵە ئەم پ.م میان گرتووە. بەر لەوەش، کە هیچ بگاتە ئێمە، بەتالیۆنی قەرەداغمان گورج بەریان داوەو بۆ مەسەلەی چەکەکەی پێیان ووتوە، کە چەکی هەردوولا لای یەکتر هەیە تا ئێستا. دەربارەی شاخ گرتن، ئێمە مەعلوماتمان هەیە، کە میری نییەتی زەربەی هەیە بەرامبەر پ.م مکانمان، جاشی خستۆتە ئینزار. جا بۆیە ناچار هەندێك پ.م لەسەر شاخ بمێننەوە. گەر پەیوەندی بە وەزعی میریەوە هەیە، بۆ بڵاونەکردنەوەی هێرشی ئێمە تەنها پ.م ی شارباژێرمان لێرەیە، ئەویش لەو جەوەدا ناچارین لێرەبن، چونکە هێرشی ی.ن.ك بۆسەر پشت ئاشان و هێرشی ئێزگەکەشیان وەزعێکی وەهای دروست کردووە، کە ئاسان نییە پ.م مکانی هەردوولا یەکتر ببینن و هیچ روونەدات. ئێوەش باسی ئەوەتان نەکردووە ئایا هێزتان بڵاوکردۆتەوە، کە کاك ئاوات وەهاب لە تیپی قەرەداغن؟

لەگەڵ ڕێزماندا.

باوکی سەلام

بەهادین نوری

١٩٨٣/٥/١٦

برای بەڕێز کاك حەمەی حاجی مەحمود

سڵاوت لیٚ ئەکەم‌و هەواڵت ئە پرسم. هیوادارم هەمیشە باش بی.

برام، نامەیەکی‌ترم بۆ ناردویت بە کاك ئیبراهیم داو دواییش مەلا محەمەدی شارەزووری‌مان نارد بۆلات. بەلاٚم بەداخەوە چاوی پیٚت نەکەوتبوو. بە ڕاستی زۆر نیگەران بووم، کە تۆ تووشی ئەو وەزعە هاتبووی. هەموو برادەرانیش ئەوە ئەزانین، کە سەرئەنجامی هەندیٚ دلٚ ئیٚەشان تووشی ئەوە بوویت‌و هەمووشی ئەزانین، کە تۆ کوڕیٚکی چاك‌و لیٚوەشاوەیت‌و ئەتوانیت بە چاکی بە دەوری خۆت هەڵسیت. دیارە هەتا لە یەکیٚتی نیشتمانیدا بوویت حورمەت‌و پایەی پیٚشمەرگانەت زۆر زیاتر بوو لەناو خەڵکدا. ئیٚستاش ئەو کارە نەچووە بچیٚت‌و هەر کاکە حەمەی جاران ئەبی. ئەگەر بگەڕیٚتەوە ناو دۆست‌و برادەرانی خۆت، کە هاوشانی خۆت بن. من قسەم لەگەڵ هەموو برادەران کردووەو لە لایەن سەرکردایەتیەوە تخویل کراوم، کە وەعدی شەرەفت بدەمیٚ بە هاتنەوەت. زیاتر لە جاران حورمەتت بگیری‌و پشتیوانیت لیٚ بکریٚت. هەر لە سنووری شارەزوور بمیٚنیتەوە. خۆشت ئاگاداری وەزعەکەیت، کە ئەو جەماعەت‌و گروپانە بەرەو کزی‌و نابووت بوون ئەچن‌و هەر یەکیٚتی‌یە روو لە گەشەکردنە. بۆیە بەڕاستی حەیفە کوڕیٚکی وەکو تۆ لەناو ئەوانەدا بمیٚنیتەوە.

برام: جەنابت هەندیٚ گلەییت کردبوو لە چەند برادەریٚکی ئیٚمە، بەلاٚم لەو رووەوە دڵنیابە، بە هاتنەوەت هیچ کەسیٚك موعارز نابیٚ‌و حەز ئەکەم بە روونی ئەوە بزانیت. من هەموو وەعدیٚکت ئەدەمیٚ لەو رووەوە. هەر کاکە حەمەی جاران

ئەبێ‌و برادەران هەموو پێیان خۆشە بەهاتنەوەت بۆ ناو یەکێتی. بە هاتنەوەشت هەرچی نیگەرانی‌و دڵ ئێشانێکی کۆن هەبێ، هەمووی بە با ئەدرێت‌و سەرلەنوێ علاقەی برایانەو پێشمەرگانە دروست ئەبێتەوە. خۆشت هەروەکو ئێستا چەك‌و پێشمەرگەی خۆت لا ئەمێنێتەوەو بگرە زیاتر یارمەتیت ئەدەین‌و هەوڵی تقویەکردنیشت ئەدەین، هەر لە ناوچەی شارەزووریش دەبێ. جا ئەگەر ئەمانەشت پێ باش نییە، ئەوا من وەکو برایەك داوات لێ ئەکەم خۆت لەو جەماعەت‌و لایەنانەی‌تر دورە پەرێز بگرە. پێمان خۆشە بە زویی ئاگادارمان بکەیتەوە لە هەڵوێستی خۆت. لەگەڵ ڕێزدا

برات

حەمەی فەرەج

١٩٨٣/٥/٢٦

گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا

بەلای منەوە چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکان بە دانوستان‌و گفتوگۆ چاکترەو لەبارترە. هەرچەندە دانـان بە مافی میلەتێکی وەك کورددا لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقەوە تەنها چاوپۆشی بۆ مەبەستی تایبەتی بوو، هیچ یەکێ لە حکومەتەکانی عیراق بەرپرست نەهاتوونەتە پێشەوەو نەیان ویستووە بە وردی چارەسەرێکی بنەبڕی بۆ دابین بکەن. سەرکردایەتیی کوردیش هیچ کات جوداخواز نەبوون، بەڵکو تەنها ویستوویانە کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن مێژووو کەلەپوورو کلتوری تایبەتی سەیر بکرێ‌و ژیانی نەتەوایەتیی مسۆگەر بکرێ‌و بە دانیشتوانی پلە دوو، سێ، سەیرنەکرێ. من بۆ خۆم بۆ پاشەڕۆژی عیراق‌و دەستێوەرنەدانی دەرو دراوسێ‌و بێگانە لە کاروبارەکانی‌و بۆ نەهێشتنی هیچ دەلاقەیەك لە نێوان گەلانی عیراقداو بۆ پتەوکردنی حکومەتیش، هەمیشە لەو باوەڕەدابووم، کە دابینکردنی مافە رەواکانی کورد لە عیراقدا هیچ زیانێ بە رژێم ناگەیەنێ، بەڵکو دەبێتە هۆی پتەوکردن‌و بەهێزکردنیشی‌و کورد وەك نەتەوەیەك دەبێتە هاوکارو هاوسەنگەری. گەلی عیراقیش ئەوەندە خوێنی رۆڵەکانی نەدەرژاو ئەو هەموو چەرمەسەری‌و کوێرەوەریەشی بەسەردا نەدەهات. بەڵام حکومەتە یەك بەدوای یەکەکانی عیراق هەمیشە

ویستوویانە بە گیانی شۆڤینیستیو تەسك بینیو دەمارگیرییەوەو بە زەبری ئاگرو ئاسن کێشەی کورد نەهێڵن. بێگومان ئەمەش بیرکردنەوەیەکی ئیفلیجەو ئەمڕۆش نەبێ، سبەینێ هەر دەبێ بە تەواوی دان بە مافی رەوای نەتەوەی کورددا بنرێ.

لە عیراقدا، راستە ئێستگەی رادیۆو تەلەفزیۆنی کوردیو رۆژنامەو گۆڤاری کوردی بەردەوام بووە، بەڵام هەمیشە بەشێکی زۆری راگەیاندن بۆ خزمەتو راژەی حکومەت خۆی بووەو ویستوویەتی بەزمانی کوردیش پڕوپاگەندە بۆ خۆیو بەناو دەستکەوتەکانی بکا. هەمیشەو بە درێژاییی ئەم ساڵانەی دوایی حکومەت پلانێکی ستراتیژیی درێژ خایەنی دانا بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کوردو گۆڕینی جوگرافیاو شوێنەواری باو باپیریو نەهێشتنی روخسارو رواڵەتی نەتەوایەتی کورد لە زۆربەی شوێنەکانداو راگواستنو دورخستنەوەی لێیانو داگیرکردنو هێنانی بەکۆمەڵی خەڵکی باشووری عیراقو دانانیان لەو ناوچانەدا. ئەم کارانە تەنانەت کاری دەکردە سەر هەستی ئەو کوردانەش، کە سەر بە میری بوونو لە پەرەی دڵی دەدان. جگە لەوەی، کە نەتەوەخوازانو کوردپەروەران هەمیشە ئازاریان بەدەستەوە چەشتووەو دڵیانی داخ کردووەو لەبریی سەرکوتکردنو نەهێشتنی کێشەکە، هەمیشە هاوکێشەکە بە پێچەوانەوە دەکەوتەوە. واتە تینو تاوو تەوژمی کوردایەتی زیاتر پەرەی دەسەندو زۆرتر خەڵکی کوردستانی هان دەدا

بۆ تۆڵە سەندنەوەو فیداکاری لەڕێی خاكو خۆڵو نیشتمانی خۆیدا، چونکە بیری نەتەوایەتی تێکەڵی خوێنو بەدەمارو لوولەکانی خوێندا هەمیشە لە هاتوچۆدایە.

ئێمە لە کاتێکدا لە کۆتایی ۱۹۸۳دا شۆڕشەکەمان پەرەی سەند بوو، حکومەت بە تەواوی حسابی بۆ دەکرد. ناوچەیەکی ئازادکراوی زۆرمان بەدەستەوە بوو. هەرچەندە بەهۆی شەڕی ناوخۆی حزبەکانی دیکەی کوردستان هێزی پێشمەرگە پێویستیان بە حەسانەوەو ڕێکخستنی سەرلەنوێ بوو، بەڵام هەمیشە وورەی پۆڵایینی ئەو قارەمانانە هەر لە پتەوی‌و بەرزی‌دا بوو. لەو کاتانەدا شەهید (دکتۆر قاسملۆ) لەگەڵ (مام جەلال)دا چاوپێکەوتنیان لەبارەی وەستانی شەڕو گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عیراقدا کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

لە راستیدا هەمیشە گفتوگۆ بەشێکە لە خەبات، ئێمەش خەباتمان لەپێناوی بە ئاشتی ژیاندا بوو. بۆیە پاش هەوڵێکی زۆری شەهید (قاسملۆ)، سەرکردایەتیی یەکێتیی رازی بوو بەوەی بە گفتوگۆو هەوڵی‌دا نوێنەری خۆی رەوانەی حزبە کوردستانیەکان بکا تا ئەوانیش رازی بن‌و هەموویان بەیەك دەنگ ببنە هێزێکی پتەوو داخوازیەکانمان بکەینە یەك بۆ ئەوەی لەکاتی گفتوگۆدا بەهێزبین‌و جگە لەوەش پرس‌وڕا بە رۆشنبیرو پیاوی ناوداری میللەتەکەمان بکەین‌و رای ئەوانیش وەرگرین دەربارەی.

داخەکەم وەڵامی هەموو حزبەکانی دیکە ناڕەزایی بوو، بەڵکو چەندین بەیانی دژ بەیەکێتیشیان بڵاودەکردەوەو ناوو ناتۆرەی زۆریشیان خستە پاڵی. بەڵام ئێمە بەرژەوەندی گەلەکەمان لا پیرۆزتر بوو.

ئەگەر بەتەنها بتوانین هەموو خاڵەکانی بەیاننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠) بە حکومەتی عیراق جێبەجێ بکەین، ئەوا دیسان هەر سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ ئێمە. جگە لەوەش حکومەت خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە ئەو سەردەمە رازی بوو. بۆیە سەرکردایەتی بڕیاری گفتوگۆیداو هەرگیز لەیادم ناچێ، بۆ مێژوو دەیڵێم، کە هەڤاڵ (مام جەلال) بڕیاریدا خۆی بچێتە بەغدا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ (سەدام حسین)دا. هەرچەندە ئێمە پێمان چاك نەبوو، کە ئەو بچێ، چونکە هیچ (گەرەنتیەك) نەبوو بۆ ژیانی. ئەوسا پێمان گوت: "تۆ لەسەر چ بناغەیەك دەچیتە ئەوێ، ناترسی بگیرێیت‌و لەناوت بەرن؟"

بە ئازایانە گوتی: "من بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئامادەم بچمە ترسناکترین شوێن‌و لەگەڵ دژترین کەس وتووێژ بکەم. (زەمانەتیش) تەنها ئەوەیە، کە من بە راستگۆیی‌و خاوەن هەق دەچمە ئەوێ‌و داوای مافێکی رەوا دەکەم. خۆ ئەگەر شەهیدیش بم، ئەوە بۆ من جێی شانازییە. نوێنەرانی یەکێتیی بە سەرکردایەتیی (مام جەلال) چوونە بەغدا، لەگەڵ سەدام حسەین کۆبوونەوە. هەردوولا لەسەر ئەوە پێکهاتن، کە کۆتایی بە شەڕی نێوانیان بهێنن. پاش ئەوە لەلایەن

عیراقەوە (تارق عەزیز) دانرا بە سەرپەرشتیاری وتووێژەکان. چەند جارێ نوێنەرانی بەغدا هاتنە بارەگای یەکێتی لەدێی (سوێرە).

ئەوەندەی لە کۆبوونەوەکانی بەغداو لە کۆبوونەوەکانی کوردستانیش ئاگادار بووم، کە لە زۆربەیاندا بەشدار بووم، تیایدا زۆر بە ئاشکرا دیار بوو، کە حکومەت نەیدەویست بەڕاستی بێتە پێشەوە. (سەدام حسێن) هەر دکتاتۆرەکەی جاران بوو، هیچ گۆڕانکاریەك لە سیاسەتیدا نەبوو تەنها دەیویست لەو ناوچانە تەرازوی هێزەکانی ڕێکبخاتەوەو بەهۆی کوردەوە ئێران هێزی خۆی نەهێنێتە ناو خاکی کوردستانەوەو ببێتە مەترسی بۆ ئەم. لەوە زیاتر پەیمانەکانی تەنها کوشتن بوو، چونکە لە دواهەمین کاتەکانی گفتوگۆدا بڕیاردرا، کە بەیانێکی ڕەسمی لە ئێستگەو تەلەفزیۆندا بلاو بکرێتەوە، کە ئەمە بۆ ئێمە سەرکەوتنێکی گەورە دەبوو. بەلام بەعسیەکان چەندین جار بە بەهانەی جیاجیاو پڕوپوچ دوایان دەخستو دەیان گوت وەختی خۆی نییەو لەکاتی خۆیدا ئەو بەیانەمان خوێندۆتەوەو پێویست ناکا دووبارەی بکەینەوە، بەتایبەتی تورکیا ناڕازی بوو، نەیدەویست کورد ببێتە خاوەن مافی خۆی، بەلکو داوای ویلایەتی (موسل)یشی دەکرد، کە گوایە لە تورکیا دابڕاوەو خراوەتە سەر عیراق. ئەم ووتووێژانە ماوەی سالێ زیاتری خایاند، بەلام بێ سەرئەنجام بوو.

لە یەکێ لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیدا، کە باسی زۆر شت کرا، نارەزایی خۆم نیشانداو دەربارەی ئەم گفتوگۆیە بە دژ وەستامەوەو پێم گوتن " ئەو رژێمە هەرگیز ئامادە نییە دان بە مافەکانی کورددا بنێ. لەبەر ئەوە چاکتر وایە زووتر بکشێینەوە."

کارەکە گەیشتە ئەوەی، کە کێشەو تێکچوون لە نێوان منو (مام جەلال)دا دروستبێ، لەسەر ئەوەی پێشنیازەکانی ئێمەی پشتگوێ دەخستو کاری پییان نەبوو، تا وای لێهات لە مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا لەگەڵ (مام جەلال) تێکچووم و کۆبوونەوەم جێهێشتو هەر لەوێ نامەیەکی دەست کێشانەوە (ئیستقالە)م نووسی. کاك (دکتۆر فوئاد مەعسوم)، کە کارگێری مەکتەبی سیاسی بوو، خێرا گەیشتە سەرمو داوای لێکردم ئیستقالەکەم بکێشمەوە. هەروەها هەموو برادەرانی سەرکردایەتیش هەر ئەو داوایەیان لێکردم. پاشان منیش رازی بووم بەوەی ئیستقالە نەکەم، بەڵام دەبێ بواری پشوودانم بدەنێ بۆ خۆم بۆ ماوەیەك لە دێیەکی کوردستان دابنیشم، ئەوانیش داواکەیان قبوڵ کردمو منیش چووم لە دێی (هۆمەرئەمان) لە ناوچەی قەرەداخ نیشتەجێ بووم.

سەرکردایەتی بروسکەی بۆ کردم، کە دەبێ بگەڕیمەوە ناوچەی (سیروان) لە مەرگەو کانی توو، کە نەم دەزانی قەدەر لەوێ چاوەڕوانمەو بۆ ئەوەی فریای ئەو قەدەرە بکەوم، دەبێ بکەومە ڕێ.

بڕینەوەی قاچم

گۆرەوی[3]

لەدەرەوە
سەرمای (کانوون)
دەمی (با)ی لە گۆ خستووە
لەژوورەوە
خۆی بە تەنیا دانیشتووە
لاڵ و پاڵ وەك بەرخ و کاوڕ
منداڵ نوستوون.
مێردیش ئەوە چەند ساڵێکە
زریانێکەو

[3] ئەم شیعرە ساڵی (١٩٨٥)دا لە شاخ لە ناوچەی شاربازێڕ شاعیری بەناوبانگی گەلەکەمان کاك (شێرکۆ بێکەس) نوسیویەتی لەسەر من، بریتییە لەوەی، کە پێش ئەوەی قاچی راستم ببڕێتەوە، داوام کردبوو جوتێ پوزەوانەم بۆ بچنن، بەڵام بەداخەوە، پێش ئەوەی پوزەوانەکەم تەواو ببێ، قاچی راستم لەدەست دا. ناوەرۆکی ئەم شیعرە بریتییە لەم چەند دێرەی سەرەوە.

شوێن عەشقی چیا کەوتووە
خۆی بەتەنیا دانیشتووە
ئەڵێی شۆڕەبی پاییزە
سەری بۆ کۆش داخستووە
هەر ئەچنێت و ئەچنێ
نیوە شەوێ تەواو ئەبێ!
ئاخ نازانێ! داخ نازانێ
کاتێ گۆڕەوی ئەگاتێ
ئەو بەتەنها هەر تاکێکی
بۆ قاچەکەی چەپی ئەوێ!

ساڵی ١٩٨٤ من ئەندامی سەرکردایەتیو لێپرسراوی مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بووم‌و مەڵبەندەکەیشم لە (بۆتێ) بوو. ماوەیەك لە کاتی وتووێژدا لە ناوچەی (قەرەداخ) لە دێی (هۆمەرئامان) مامەوە. لەوێ بنکەیەکم هەبوو، وەکو سەرپەرشتکاری سەربازی ناوچەکە.

ئەوکاتە وتووێژ لە نێوان ئێمەو حکومەتی (بەغدا)دا هەبوو، بەڵام حکومەتی عیراق هیچی بۆ نەکردین، ئەو هەر بیری لەوە دەکردەوە

چۆن لەنێومانبەریێو سوود لەو ناکۆکیو ناتەواوییەی نێوان خۆمان وەرگرێ.

لە لایەن بەرێز (مام جەلال)و مەکتەبی سیاسییەوە بە بروسکەیەك ئاگاداریان کردم، کە بگەڕێمەوە بۆ سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی، کە ئەوکاتە بارەگای سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی لە (کانی توو) بوو. منیش دوای چەند رۆژێ گەڕامەوە بۆ ئەوێ.

شەوی ۱۹۸۵/۵/۲۳ گەیشتمە لای بەرێز (جەمال ئاغا) لە مەرگە. ئەوکاتە بارەگاکەی لە دێی (ئاوەژێ) بوو. دووشەو لەوێ بووم. بەرێز (مام جەلال)و کاك (نەوشیروان مستەفا) هاتن بۆلام باسی رەوشەکەیان بۆکردم، کە حکومەتی عیراق هەتا ئێستا نەیدەویست هیچ بۆ کورد بکا. ئەوەی گوتوویەتی لە هەمووی پەشیمان بۆتەوە.

پاشان گوتیان: "ئێمە بەنیازین سەرلەنوێ هێزو تیپو شانە نهێنیەکان رێکبخەینەوەو تۆش دەبێ ئامادە بی."

گوتیان: "ئێمە دەڕۆین بۆ دروستکردنەوەو رێکخستنەوەی ناوچەی سنووری مەڵبەندی سێ. هەروەها کاك (نەوشیروان)و کاك (کۆسرەت)یش بۆ سنووری مەڵبەندی چوار.

رۆژی ۱۹۸۵/۵/۲۵، لای نیوەڕۆ، ئێمە لای (جەمال ئاغا) میوان بووین. پێشمەرگەکان هەواڵیان بۆ هێناین، گوتیان ۳ فڕۆکە بە دۆڵەکەدا هاتنو دەچن بەرەو (کانی توو)و (سیروان). ئێمەش ئاگاداری هەموو

پێشمەرگەکانمان کرد، کە باش وریابن‌و جێگەکانی خۆیان چوڵ بکەن‌و بچنە شوێنە بەرزەکان. ئێمە خۆشمان چووینە دەرەوە.

فرۆکەکان گەیشتنە (کانی توو)و (سیروان)و بۆ ماوەی نیو کاتژمێر هەموو ناوچەکەیان بە دێکان‌و بارەگاکانمانەوە بۆردومان کرد، دوای ئەوە گەڕانەوە.

بەڕێز (مام جەلال) ئۆتۆمبیلەکەی خۆی بۆ ئێمە نارد بە کوڕێکی شوفێردا، ناوی (سیروان) بوو، کە بچینە خوارەوەو لە زیانی گشتی بزانین. لە هەمان کاتدا ئەو دوو هێزەی لەوێ بوون، هێزی (عەبدوللای مام عەلی)و هێزی کاك (عەبدولڕەحمان)، دەبوو ئاگاداریان بکەین، کە ووریابن نەبا سەرلەنوێ میری هێرش بهێنێتەوە.

ئێمەیش رۆیشتینە خوارەوە بۆ بەری (بنگرد)و (مەرگە) نەوەك سوپا هێرش ببا، دەترساین ئەمە پیلانێکی داڕێژراو بێ. هەر لەو کاتەشدا دەمانبینی دەیان کەس بە تراکتۆرو پیکاب‌و ئۆتۆمبیل دەیان بردنە خوارەوە بۆ نەخۆشخانەکەی (مەرگە). هەڵبەت ئەو کاتە نەخۆشخانەی سەرەکیی ئێمە لە (مەرگە) بوو، هەموو داو دەرمان‌و پێویستییەکانی برین پێچی لەوێ بوو. ئێمەش لەگەڵ (جەمال ئاغا)و چەند برادەرێکیتردا رۆیشتینە خوارەوە بۆ ئەوێ. کە چووینە نەخۆشخانەکە، بینیمان دەیان کەس لەو هۆڵەدا کەوتوون. یەکێ دەستی، یەکێ قاچی، یەکێ پشتی بە بۆردومانی فرۆکە بریندارکراوە.

ئێمه لەنێو نەخۆشخانەکەدا بووین، تۆپێ تەقیو بوو بەدوانو سیان. منیش چوومە دەرەوەی نەخۆشخانەکەو داوام لە هەموو پێشمەرگەکان کرد بچن بۆ یالە بەرزەکان.

پێم گوتن: "ئەمە بە تەئکید هێرشو گێومالّی سەربازییە، ئەگەر وابێ، ئەو بریندارانە هەموویان دەگیرێنو کەسیشمان دەرناچین لێی."

ئەوکاتە دوو تیپیش لەپێشەوە بوون لەپشتی بنگردەوە، تیپی (کاکە عەبدورەحمان مەرگەیی)و تیپی (عەبدوللای مام عەلی).

پێشمەرگەکانمان کۆکردەوەو بڕۆین، بەلاّم تۆپەکان لە چەند لایەکەوە دەهاتن، لە (بنگرد)و لە (رانیە)و لە (قەلاّدزە)و لە (قەرەسرت)ەوە. نەخۆشخانەکە، کە کاتی خۆی سەربازگەی حکومەت بوو، لە هەموو لایەکەوە تۆپیان بۆ هەلّدەدا. چەند کەسێکیتر لەوێدا بریندار بوون.

ئێمە تەنها دە دەقیقەیەك لە بارەگای (فەوجی بنگرد)ەوە دووربووین. تۆپ باران لە (بنگرد)و (رانیە)و (چوارقوڕنە)وە بەرەو نەخۆشخانەکە بەردەوام بوو. من چوومە نەخۆشخانەکە بۆ سەردانی بریندارەکان. کە هاتمە دەرێ، لەسەر جادەی بەردەمی نەخۆشخانەکە تۆپێ لە پێشمدا تەقییەوەو بووە هۆی لەدەستدانی قاچی راستم. دوو پێشمەرگەش لەوانەی لەگەلّمدا بوون بریندار بوون. (جەمال ئاغا)شم لەگەلّدا بوو، بەلاّم ئەو سەلامەت دەرچوو. بە ئۆتۆمبیلێ منیان بردە بارەگای سەرکردایەتی لە (کانی توو)، تۆپ بارانیش هەر بەردەوام بوو.

ئەو کاتە بەڕێز (مام جەلال) لە (سیروان) بوو. من باری تەندروستیم زۆر زۆر خراپ بوو. بە ئاگاداریی زۆربەی زۆری برادەران وەك دكتۆر فوئاد مەعصوم بێ بەنجو کەرەستەی پزیشکی لەنێو تاریکیو بەچرایەكو چەقۆیەك، لەگەڵ ئازارو ژاندا، دكتۆر شالاوو دكتۆر خدر کەوتنە نشتەرگەریو لە جومگەی ئەژنۆمەوە قاچیان بڕیمەوە. هەر بۆ ئەو شەوەو بۆ بەیانیەکەی، کە چاوەڕێی فڕۆکەمان دەکرد بێتە سەرمان. بردیانم بۆ ئەشکەوتێ لەبن شاخەکەی (کانی توو). ئەو رۆژەو رۆژەکانیتر چەندجار فڕۆکە دەهاتە سەرمان بۆ بۆردوومانکردنمان.

لەوێ لە ژووری دایاننام. بە تابوتێ گواستیانمەوە بۆ ئەشکەوتەکەی پشت (کانی توو)، سێ هەفتەیەك لەوێ مامەوە، بەلام وەزعم یەکجار خراپ بوو. لەو کاتەدا کاك نەوشیروان مستەفاو دكتۆر فوئاد مەعصومو مولازم عومەر چەند جارێ سەردانی کردم. هەروەها بەڕێز (مام جەلال)یش چەند جارێ هاتە سەردانم.

(مام جەلال) پەیوەندیی بە (دكتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ)وە کرد، کە چارەسەرێکم بکەن. ئەوان هەر مانگێ دوو دکتۆریان لە (فەرەنسا)وە بۆ دەهات بۆ یارمەتیدانیان.

بارەگای دەفتەری سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە (گەڕەدێ) بوو. لەسور داوای دكتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ لەدیوی

(شارباژێر) منیان برده نزیك ئهوانو له (گهڕهدێ) كهپرێكیان بۆ كردم. دكتۆره فهرهنسیهكان تهماشایان كردمو گوتیان لایهكی ئهژنۆی ماوه پێویستی به نهشتهركاریهكی بهپهله ههیه، چونكه گهر نهكرێ ئهوا تووشی گهنگرین دهبێ. برادهرانمان داوایان لێكردن نهشتهركاریهكهم بۆ بكهن، بهلاّم دكتۆرهكان له ماوهی دوو رۆژدا دهبوو بچوونایهتهوه (بهغدا)و لهوێوه بۆ (فهرهنسا)، لهبهر ئهوه پێیان نهكرا. برادهرانی دیموكرات یارمهتییهكی زۆریان دام، پێشنیازیان كرد، كه وهك پێشمهرگهیهكی خۆیان بمژمێرن به مهرجێ كهس نهزانێو لهگهڵ خێزانهكهمدا بمبهن بۆ نهخۆشخانهی (كارێزه)، لهوێ بارهگای لقی حكومهتی عیراقی لێبوو، ههموو شتێكیان ههبوو. گوتیان به نهێنی دهمبهنه ئهوێو سهرلهنوێ لاقم دهبڕنهوهو ئهوجا دهمهێننهوه. بردمیانه ئهوێو نهشتهركارییهكی دیكهیان بۆ كردم. شهوێ لهوێدا مامهوه. بۆ رۆژی دواتر هێنامیانهوه بۆ (گهڕهدێ). ماوهیهكی زۆر لهژێر چاودێریی دكتۆرهكانی ئهواندا بووم، له تهنیشت نهخۆشخانهكهی ئهوانهوه كهپرێكیان بۆ خۆمو خێزانهكهم كردو لهو ماوهیهدا چهند جارێ فرۆكهی ئێرانی بۆمبابارانی دهوروبهرهكهی كردو زیانێكی زۆری گهیاند، بهلاّم سهلامهت بووین.

تا دههات دنیا بهرهو سهرماو سۆڵه دهچوو، شهویش ساردتر دهبوو. (مام جهلال) هاته لامو ههوڵێكی زۆریدا، كه رهوانهی جێگهیهكم بكا بۆ

عیلاج کردنی تەواومتی. لەو کاتەدا خوالێخۆشبوو کاك (حەمە رەحیم) واتە (خاڵە حاجی)، کە ماڵی لە ئێران بوو، خەسوی ناردەلام، کە ئەگەر بمەوێ، ئەوا دەتوانێ مۆڵەتم بۆ وەربگیرێ بچمە ئێرانو لەوێوە وەکو پێشمەرگەیەکی ئەوان رەوانەی وڵاتێ بکرێم. خەسووی (خاڵە حاجی) چەند رۆژێ لامدا مایەوە. جارێکی دیکەش (مام جەلال) هاتەوە بۆ سەردانمو لە پێشنیازەکەی (خاڵە حاجی) ئاگادارم کرد. ئەویش پێی چاك بوو، کە وەڵامی بۆ بنێرمو سڵاوی (مام جەلال)یشی پێ بگەیەنم تا بەزووترین کات هەوڵ بدا چارەسەرێکم بکا. منیش لەوبارەوە (خاڵە حاجی)م لە رێی خەسوویەوە ئاگادرا کردەوە.

پاش دوو هەفتەیەك وەرەقەیەکی بۆ ناردم بە ئیمزای (موحسین رەزایی)، کە بۆم هەیە بۆ ماوەی مانگێ لە ئێراندا بمێنمەوە.

ماڵو منداڵەکەم ناردە (مالوومە)و خۆشم لەگەڵ (عەبدولڕەحمان)و چوار پێشمەرگەی دیکەدا کەوتینە رێ بۆ (ورمێ). چەند رۆژێ لەو شارەدا مامەوە. لەو ماوەیەدا چەند لێپرسراوێکی ئەوێم چاو پێکەوت، وەك: بەر پرسی (ئیتلاعاتی ئوستانی ئازربایجانی غربی). هەندێ پرسیاری دەربارەی بارودۆخی کوردستان لێکردم. منیش وەك خۆم ویستم بەو جۆرە بۆم باسکرد، بەڵام ئەو بڕوای پێنەکردمو گوتی: "ئێمە زانیاری تەواومان دەربارەی ژمارەی هێزەکانی یەکێتیو چۆنیەتیی کارکردنیان هەیە." ئەوەشی پێ گوتم کە ئەوان وەك

موسوڵمانیٚ ریٚی منیان داوه، که له ئیٚراندا بمیٚنمهوه. منیش گهلیٚ سوپاسم کردن.

کاك (حهمه رهحیم) داوای لیٚبوردنی لیٚکردم، که ئهو نهیتوانیوه راستی له (ئیتلاعات) بشاریٚتهوهو ئهوان تهنها ویستویانه ههندیٚ زانیاری له من وهربگرن دهربارهی یهکیٚتی.

دوای دوو ههفته چوومه تاران. پاش ماوهیهك مانهوهم لهویٚ، له ریٚی قاچاخچییهوه ههوڵی چوونه دهرهوهم دا. چوومه (نهمسا)و لهویٚوه بۆ (ئهڵمانیای رۆژههڵات)و لهویٚشهوه بۆ سوید. من له رۆژی ١٩٨٥/١١/٢٥دا گهیشتمه سوید.

چوونم بۆ سوید

ئەو رۆژەی گەیشتمە (سوید)، بردمیانە کەمپێکی پەنابەران لە (هێلسنگ بۆری)، کە شارێکە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای (سوید) نزیکی سنووری (دانیمارك). لەگەڵ خۆمدا ژمارەی تەلەفۆنی چەند برادەرێکم هێنا بوو، کە لە (سوید)دا دەژیان، تەلەفۆنم بۆ کردن‌و هاتنە لام‌و لە کەمپەکە مۆڵەتی چوونە دەرەوەیان بۆ وەرگرتم‌و بردیانم لەگەڵ خۆیاندا بۆ شاری (مالوێ)و لای خۆیان میوانداریان کردم. دواتر لە لایەن (سەرداری سەعید خەڵەف)و کاك (دانا مستەفای ئەندازیار)وە ئاگاداریان کردم، کە بچمە کەمپی (ئەلبیستە)و دوو هەفتەیەکیش لەوێ مامەوە. لەو ماوەیەدا لیژنەیەکی تایبەت سەردانی کردم ناویان خستمە لیستەی برینداربووەکانەوە، کە هەموویان لە شارێ خرپەدەکرانەوە بە ناوی (لینشۆپینگ). ئەو شارە نەخۆشخانەیەکی تێدا بوو، کە هەر کەسێ بریندار ببوایە، بۆ چارەسەرکردن دەیانبردە ئەوێ.

شەهیدبوونی عەبدوڕەحمان

ساڵی ١٩٨٦، بۆ ماوەی چوار مانگ لە نەخۆشخانەیەك بووم لە (سوید) لە شاری (لینشۆپین). دوای ئەو چوار مانگە، لەسەر داوای چەند برادەرێکی خۆشەویستم پێیان باش بوو پاش چارەسەر بچمە شاری (ئۆپسالا)و لەوێ لە نزیکی ئەواندا بژیم. پاشان بە مۆڵەتی حکومەتی (سوید) خانوویەکیان بۆ پەیداکردم، ئەمەیش لە مانگی ١٩٨٦/٥دا بوو. ماوەیەك لەوێ مامەوەو لە هەموو شوێنێکی (سوید)و وڵاتانی ترەوە دۆستو ناسراو دەهاتن بۆ لام. ئەو ماوەیەش، کە لە نەخۆشخانەی شاری (لینشۆپین) بووم، لەژێر پرۆسەی چارەسەرکردندا زۆر لە برادەرانیتر دەهاتن بۆ لام. هەڵبەت ئەوان دەیانزانی (عەبدوڕەحمان)ی کوڕم شەهید بووە. بەڵام من نەمزانی بوو.

کە هاتمە شاری (ئۆبسالا)، لە دوای ماوەیەك، بە هۆی نامەی برادەرێکمەوە، کە ناوی (حمەی عەتێ) بوو لە ئەڵمانیا دەژیا، ئەو هەواڵە دڵ هەژێنو جەرگ بڕەی پێڕاگەیاندمو لە نامەکەیدا سەرخۆشیی لێکرد بووم بەبۆنەی شەهید بوونی (عەبدوڕەحمان)ەوە. بەڕاستی لەگەڵ ئەو هەموو ڕەوشە ناتەواوەی خۆمدا ئەم هەواڵە کاریگەرییەکی دەروونیو ڕۆحی تێکردم. هەڵبەت من لەو ماوەیەدا، کە لە نەخۆشخانە بووم، بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی (عەبدوڕەحمان) هیچ

دەنگو نامەیەکی نییە؟ زۆر دڵگران دەبووم بەوە، کە (عەبدوڕەحمان) بێدەنگە، چونکە من لە ١٩٨٥/١١/٢٥، کە گەیشتمە (سوید) هەر ڕۆژ ناڕۆژێ ئەو تەلەفۆنی لەگەڵدا دەکردمو دەربارەی بارو جێگەو ڕێگەم پرسیاری دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی چوومە نەخۆشخانەو کەوتم، ئیتر ئاگام لە هەواڵی ئەو نەما. لە ڕێگەی برادەرانو هەروەها حیزبی دیموکراتیشەوە، بەهۆی کاك (کەریمی هاشمی)یەوە هەواڵمدا هەواڵی بزانم. ئەویش پێی ڕاگەیاندم، کە بە جیهاز قسەمان لەگەڵ بەڕێز (مام جەلال) کردووەو گوتویەتی:

"بە (حەمە) بڵێن (عەبدوڕەحمان) لە جەنگو ڕووبەڕووبوونەوەدایەو سەلامەتە."

ڕۆژانە ئەو برادەرانەش، کە دەهاتنە لام، هەر هەواڵیم دەپرسیو دەیان گوت:

"لە کوردستان شەڕ گەرمەو تاکو ئێستاش هیچ شتێکی وا نەبووە دەربارەی (عەبدوڕەحمان).

ئەوە بوو، بەهۆی نامەکەی کاك (حمەی عەتێ) زانیم، کە شەهید بووە. بەڕاستی، هەرچەندە خۆم وەزعم خراپ بوو، برینەکانیشم هێندەیتر کولانەوە. چەند ڕۆژێ لە شاری (ئوپسالا)دا پرسەمان دانا. پرسەیەکی زۆر قەرەباڵغ بوو. لەهەموو شوێنێکی (سوید)و (دانمارك)و (ئەڵمانیا)وە خەڵك هاتبوون بۆ بەشداریکردن لەو پرسەیەدا. لێرەدا

دەمەوێ زۆر زۆر سوپاسی ئەو برادەرو دۆستە بەوەفایانە بکەم بۆ بەشداربوونیان لەو پرسەیەدا، کە بە هاتن‌و نامەو بە تەلەفۆن لەگەڵماندا بوون. بەڕاستی ئەوەی ئەو برادەرانە کردیان بە جیاوازیی بیروباوەڕی جیاجیاوە. زۆر سەبووریی بە من داو وای لێکردم بتوانم زیاتر هێور ببمەوەو سەبووریم بۆ بێ بەرامبەر بەو کۆستە گەورەیە.

هەرچەند من چەندین کوڕی قارەمان‌و بەتوانام لەگەڵدا شەهید بووە بەدرێژایی ئەم شۆڕشە، کە ئەوانیش وەکو براو کوڕی من وابوون، بەڵام ئەوەی زیاتر کاری لە من کرد، ئەوە بوو، کە من کوردستانی (عیراق)م بەجێهێشت، هەرچوار خێزانەکەمان لای ئەو دانا، زۆر دڵم پێ‌ی‌خۆش بوو، چونکە لەڕاستیدا هەموو سیفەتێکی جوامێرانەو پیاوەتیی تێدا بوو بەرامبەر بەخێزانەکەمان‌و خەڵکە چاکەکەی کوردستان.

دوای دوو هەفتە، لەمانگی ٦/ ١٩٨٦، بە یارمەتیی برادەران، لە ڕێگەی (ئێران)ەوە گەڕامەوە بۆ کوردستان‌و برای بەڕێز کاك (عەبدولڕەزاق فەیلی)یش لەگەڵمدا هات تا (ئێران). هەروەها برای بەڕێزم کاك (جەمال ئاغا)و چەندین برادەریتر هاتن بەپیرمەوە بۆ (تاران). پاشان لەوێ دەرچووین بەرەو کوردستانی (عیراق)و دوای ٣ ڕۆژ گەشتینە گوندی باڵخ. ئەوکاتە ماڵمان لەوێ بوو.

پرسیمان: "تەرمەکەی (عەبدوڕەحمان) لەکوێ ناشتوویانە؟"

گوتیان: "لە گوندی (مالوومە)یە."

منیش بێ ئەوەی دابەزم لە ئۆتۆمبیلەکە، یەکسەر چووم بۆ سەر گڵکۆو مەزاری.

بەڕاستی شەهیدبوونی ئەو جوامێرە خەسارێکی گەورە بوو لە بنەماڵەکەمانو خەڵکی کوردستان. ئەو قارەمانە هیچ خێرو خۆشییەکی بۆ خۆی نەدەویست، هەموو کاتەکانی تەرخانکرد بوو بۆ خزمەتکردن بە خەڵکی کوردستان. بەڵام ئەوەش جێگەی دڵخۆشیی من بوو، کە ئەو لە شەڕێکی قارەمانانەی دەستەو یەخەداو دوای ئەنجامدانی کارە پیرۆزەکەی، کە خۆی پێشتر دیاری کردبوو توانیبووی بە ئەنجامی بگەیەنێ. ئینجا شەهید کرا بوو.

ئەم نەبەردە هیچ کەسێکیش نەبووە گلەیی لێ هەبێ لەبوارەکانی خەباتو تێکۆشانیدا.

دوای ئەوەی لەسەر قەبران گەڕامەوە، چوومە دێی باڵخ بۆ لای مناڵەکان، کە زۆر وەزعیان خراپ بوو. دڵخۆشیم کردنو پێم گوتن: "من زۆر دەمێکە چاوەڕوانی ئەمەم دەکرد، کە کاك (عەبدولرەحمان) شەهید ببێ، چونکە ئەو هیچ حسابێکی بۆ دوژمنانی گەلەکەمان نەدەکردو لە هیچ شەڕێکدا سڵی لە دوژمن نەدەکردەوە، بەوە سەبووریی خۆموماڵو مناڵم دەدایەوە، کە کوڕی من لەپێناوی بەرژەوەندیی میللەتدا ڕۆیشتووەو هەموو خەڵکی کوردستانیش ئەو شاهیدیەمان بۆ دەدا، کە کاك (عەبدورەحمان) چ پیاوێکی لێهاتوو

دڵسۆزبووە. ئەو ماوەیەی، کە لە گوندی (باڵخ) بووین لەبەر هێرش‌و بۆردومانی فڕۆکەو تۆپی دوورهاوێژ دەچووینە دەری گوندەکەوە. لەڕاستیدا منیش زۆر وەزعم خراپ بوو، ئازاری قاچەکەم هەر بەردەوام بوو، قاڵبێکی کاتییان بۆ کرد بووم بۆ ئەوەی بیکەمە پێم‌و بتوانم هاتووچۆی پێبکەم. هەموو قاچم ببوو بە برین، لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەی‌تردا، کە هەم بوو. دوای ماوەیەك برای بەڕێز کاك (جەمال ئاغا) لە بنارەکەی بەرامبەر بە گوندی (مالوومە) کەپرێکی گردبوو، داوای لێکردم بۆ ماوەیەك بچمە ئەوێ. چەند بۆرییەکی ئاوو ئاوەڕۆی لێبوو لە نێویدا دەنووستین.

ئەوکاتە (شێخ حسێن تیماری)یش بریندار ببوو. دوای ماوەیەك شەڕی (قەیوان‌و ماوەت) دەستی پێکرد. حکومەت بە شەو بە تۆپ بۆردومانی هەموو ناوچەکەی دەکردو بە ڕۆژیش بە فڕۆکە هێرشی دەکرد. منیش وەزعم زۆر خراپ بوو، بۆیە ناچاربووم هەوڵ بدەم هەندێ لە منداڵەکان بگەڕێنمەوە بۆ نێو شارو لە ماڵی خزمەکاندا خۆیان حەشار بدەن‌و هەندێکی تریشیان لەگەڵ خۆمدا بیان بەم بۆ (ئێران). هەروەها برای بەڕێز (مام جەلال)یش ئاگاداری کردم، بگەڕێمەوە بۆ دیوی (ئێران)، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ شەڕەکە گەرمتر دەبووو حکومەت نیازی وابوو ئەم ناوچانە هەمووی بگرێتەوە. منیش داوام لێکرد بەڵکو بەڵگەیەکی هاتووچۆم بۆ بکەن تا بچمە نێو (ئێران)ەوە، لەگەڵ هەندێ

لە منالەکانمدا. ئەویش نامەیەکی پێدام بیدەم بە (ئاغای رەحیمی)، کە لێپرسراوی (قەرارگای رمەزان) بوو.
دوای چەند رۆژێ چوومە لای ئاغای رەحیمیو نامەکەم دایێ.
پێیگوتم: "دەتانەوێ لەکوێ دابنیشین؟"
ئێمەش پێمان باش بوو بچینە شاری مەهاباد. ئەویش نامەیەکی بۆ نووسیم بۆ فەرمانداری (مەهاباد)و لەگەڵ منالەکاندا رێکەوتین بەرەو (مەهاباد)و لەوێش چووینە ماڵی برای بەرێز کاك (جەلال ئاغا)، کە پیاوێکی دڵسۆزو بەوەفا بوو بەرانبەر بە خەڵکە لێقەوماوەکەو دوو شەو لە ماڵی ئەوان ماینەوە. پاشان داوام لێکردن بەڵکو هەوڵ بدەن لە نزیك خۆتان دوو ژوورمان بۆ پەیدابکەن. ئەوکاتە ماڵیان لە پارکی کودەك بوو، لە نزیك خۆیان، دوو ژووریان بۆ پەیداکردین لە خانووەکەی (جەلیل گادانی)، کە ئەوکاتە ئەندامی دەفتەری سیاسی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بوو. ماوەیەك لەوێ ماینەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خەڵکێکی جۆراوجۆر هاتووچۆیان دەکردین بۆ سەردان لە ئۆردوگاکانی بەشی کوردستانی خۆمانەوە. چەند جارێ (ئیتلاعات) بانگی کردینو پرسیاریان دەکرد: "ئەم خەڵکە بۆچی هاتووچۆتان دەکەن؟" منیش دەمگوت: "هەموویان دۆستو ناسراونو بۆ سەردانمان دێن" هەرچەند ئەوان رازی نەبوون بەوە، بۆیە دواتر بیرمان لەوە کردەوە، کە خێزانەکەم بە نهێنی بنێرم بۆ (سلێمانی) بۆ

سەردانی هەندێ لە منداڵەکان، کە لە (سلێمانی) مابوونەوەو منیش بگەڕێمەوە بۆ (سوید).

بەڵام پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ سوید، (ئیتلاعات)ی ئێران ناردیان بەشوێنمانداو بە توندی لەوە ئاگاداریان کردمەوە:

"نابێ کەس هاتووچۆتان بکا. ئەگەر هەر کەسێکیش دێ بۆلاتان، دەبێ ناوی بنووسن‌و بیدەن بە ئێمە."

منیش پێم گوتن:

"شتی وا چۆن دەبێ؟ ئێمە خۆمان نانێرین بەدوای کەسداو ئەوانەی دێن بۆلامان هەمووی دۆست‌و ناسیاوە."

بەڵام ئەوان زۆر نیگەران بوون بەمەو ئێمەیان بانگ کرد بۆ (ئیتلاعات)و خۆم‌و منداڵەکانمیان زیندانی کردو ماڵەکەشیان داخستین، گوتیان: "دەتاننێرین بۆ شاری (خوی)."

بەمەش زۆر دۆست‌و برادەرانی خەڵکی (مەهاباد) نیگەران بوون.

ئەو کاتە کاك (رەفعەتی مەلا) بەرپرسی پەیوەندییەکان بوو لە (تاران). زانیبووی‌و هەواڵیان گەیاندبوو بە (مام جەلال). دوای (٢) رۆژ بروسکەیان کردبوو، کە بەرمان بدەن.

ئازادیانکردین‌و پێیان گوتین:

"دەبێ ئاگامان لە هەموو هەڵسوکەوتتان بێ."

ئێمەش گەڕاینەوە ماڵەوەو چەند ڕۆژێ لە خانووەکەدا بووین، کە لەنێوشاردا بوو.

ئێمە ماوەی پێنج ساڵ بە ماڵەوە لە (ئێران) بووین. هەرچەند خەڵکی (مەهاباد) زۆر ڕێزیان لێدەگرتین، بەڵام کاربەدەستانی حکومەت زۆر فشاریان خستبووە سەرمان. ئیدی ناچاربووم بگەڕێمەوە بۆ (سوید)و لە هەوڵی ئەوەدابم منداڵەکانم بگەیەنمە ئەوێو لەوێ جێگیربین تا بزانین وەزعەکە دەگاتە کوێ.

ئەوە بوو، دوای شەش مانگ هەموو منداڵەکانم بردە (سوید)و لەوێ ماینەوە تاکو دوای ڕاپەڕین.

لە مانگی دووی/١٩٩٢ گەڕامەوە بۆ کوردستان. پاش چەند ڕۆژێ چوومە هەڵەبجەو سەردانی گۆڕستانی بە کۆمەڵ کوژراوو بێتاوانی هەڵەبجەم کرد، ئەو هەڵەبجە جوانەی شوێنی سەدان گەڵەپیاوو نووسەرو شاعیرو خاوەن دیوەخانو خانەدان بوو. بەڕاستی ئەوەندە کاری تێکردم ئەو شارە جوانەم بەو شێواویو وێرانییە بینی، کە چەندین ژنو منداڵو پیاوی باشی تیاچوو بوو. ئەوەشی لەوێدا مابوون، بێ جێگەو ڕێگەو سەرلێشێواو بوون، لە خێزانێکدا یەکێ، یان دوانی مابوووەو هی وایش هەبوو هیچی نەمابوو. بەڕاستی هەر کەسێکی بەویژدان پێشتر هەڵەبجەی دیبێو دوای ئەو کارەساتەش ئاگای لە وەزعی خەڵکەکە بێ، هەرگیز ئەو تاوانە گەورەیەی بەرامبەر بە خەڵکی هەڵەبجە لە دڵی

كرد، ئەو هەڵەبجە جوانەی شوێنی سەدان کەڵەپیاوو نووسەرو شاعیرو خاوەن دیوەخانو خانەدان بوو. بەڕاستی ئەوەندە کاری تێکردم ئەو شارە جوانەم بەو شێواویو وێرانییە بینی، کە چەندین ژنو منداڵو پیاوی باشی تیاچوو بوو. ئەوەشی لەوێدا مابوون، بێ جێگەو رێگەو سەرلێشێواو بوون، لە خێزانێکدا یەکێ، یان دوانی مابووەوەو هی وایش هەبوو هیچی نەمابوو. بەڕاستی هەر کەسێکی بەویژدان پێشتر هەڵەبجەی دیبێو دوای ئەو کارەساتەش ئاگای لە وەزعی خەڵکەکە بێ، هەرگیز ئەو تاوانە گەورەیەی بەرامبەر بە خەڵکی هەڵەبجە لە دڵی دەرناچێ. ئێستاش هەڵەبجە کە لە هەموو دنیادا، بەهۆی ئەو کارە نامرۆڤایەتییەوە، کە بەرانبەر خەڵکەکەی کرا، بۆتە جێگەی فەخرو شانازی بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتیو خەڵکی هەڵەبجە خۆی بەتایبەتی.

مانگی ٧ی ١٩٨٦ لە نەخۆشخانەی شاری (لینشۆپینگ) لە سوید

قاچێکی دەستکرد

ڕۆژی ١٩٨٦/١/١ چومە شاری (لینشۆپینگ)، سێ هەفتە تێپەڕی کردو سەرلەنوێ نەشتەرگەرییەکی دیکەی قاچیان کردم. کە برینەکەم چاك بووەوە، ئەوجا قاچێکی دەستکردیان بۆ کردمو بەردەوام پەراوەیان پێ دەکردم لە بەکار هێنانیو ڕۆشتن پێوەی. پاش ئەوە بە دوو مانگێ پاسپۆرتی (سوید)یم وەرگرت. لێیان پرسیم، کە چ شارێکی (سوید)م پێ خۆشە لێی نیشتەجێبم بۆ ئەوەی ڕەوانەی ئەوێم بکەن. من لە ڕاستیدا خۆم نەمدەزانی چ شارێ بۆ نیشتەجێبوونم باشە. لەبەر ئەوە بە پێشنیاری زۆربەی برادەران شاری (ئۆپسالا)م هەڵبژارد. لەوێ برادەران خانوویان بۆ جێبەجی کردم.

زۆر لە برا کوردەکان بەردەوام سەردانی نەخۆشخانەوماڵەوەیان کردم، بەتایبەت بەڕێز (عومەر شێخ موس)و کاك (حەمە چاوشین)و مامۆستا (مەحمودی مەلا عیزەت)و کاك (عومەری سەید عەلی)و (شێخ مەنسووری حەفید)و زۆر برادەرو دۆستی دیکە.

حەمەی فەرەج لە نەخۆشخانەی لینشۆپینگ لە سوید ١٩٨٦

پێشمەرگەکانی شۆڕشی چەکداریی ئێران لە نەخۆشخانەی لینشۆپین لە سوید
لە کاتی بەڕێکردنی کاکە حەمەی فەرەج دا



بەرلین ۱۹۸٦/٥/۲۹ لەگەڵ مامۆستا مەحمودی مەلا عزت



بەرلین ۱۹۸٦/٥/۲۹ لەگەڵ هاوڕێم کاك صەلاح رەشید
وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێم

سەردانم بۆ کوردستان

گەیشتنی ئەو هەواڵە جەرگ بڕە کارەساتو کوێرەوەرییەکی گەورە بوو بۆ من، هەواڵێکی دڵتەزێنی هەرگیزاو هەرگیز چاوەڕوان نەکراو بوو. ئەو هەواڵە هێندەی دیکە باری تەندروستیمی تێکشکاند. هەرچەندم دەکرد خۆم پێ ڕانەدەگیرا. لە (ئۆپسالا)دا هۆڵێکی گەورەمان گرتو پرسەیەکی گەرممان بۆ دانا. دوای ئەو کارەساتە پشت شکێنە داوام لە برادەران کرد، کە بە هەر جۆرێ بێ دەبێ سەردانی کوردستان بکەمەوەو بچمەوە بۆ نێو ماڵو منداڵەکانم. ئەو دەمە خێزانەکەی خۆمو خێزانی شەهید (عبدولڕەحمان)ی کوڕمو هەردوو کچەکەی (ئەحمەد)ی خێزانی برامو (ئەرسەلان)ی کوڕم، هەموو لەدێی (مالومە)و (باڵخ) بوون.

بە خەمو پەژارەیەکی زۆرەوە بەرەو کوردستان کەوتمە ڕێ. لەوێ بیرم لە چارەسەرێ دەکردەوە بۆ ئەو خێزانە گەورەیە. ئەو دەمە شەڕیش لە کوردستاندا زۆر گەرم بوو. ڕۆژانە تۆپباران دەکراین، ناچار هەموو جار لە دێیەکە دەردەچووینە دەرەوە، هەروەها شەڕی (قەیوان)و (ماوەت) زۆر بە گەرمیو خەستی دەستی پێکردبوو. بیرم کردەوە، کە هەندێ لە منداڵەکان بە نهێنی بنێرمەوە بۆ (سلێمانی)و هەندێکیشیان لەگەڵ خۆمدا بەرمە ئێران.

دوای شەهید بوونی عەبدولرەحمانی کوڕم لە نزیك گڵكۆكەی پاش دوو
هەفتە شەهید بوونی لە گەرەدێی ناوچەی شاربازێر

چوونی خۆم و خێزانەکەم بۆ ئێران

ئێمە چووینە ئێران و لەوێ چووینە (قەرارگەی ڕەمەزان). نامەیەکی (ئاغای ڕەحیمی)م وەرگرتبوو، کە لەوێ کاروبارەکانی پێ ڕاپەڕێنم و داوام کردبوو، کە بچین لە شاری (مەهاباد) دابنیشین. (قەرارگەی ڕەمەزان) بەوە ڕازی بوو، کە بچینە (مەهاباد)و نامەیەکیشیان دامێ بۆ فەرمانداری شاری (مەهاباد)، سەبارەت بە دەزگاکانی دیکەش گوتیان، کە خۆیان پەیوەندییان لەگەڵدا دەبەستن.

لە (مەهاباد) نامەکەم بردە لای فەرمانداری و ئەوانیش ڕازی بوون بە مانەوەمان و لەوێ چووینە ماڵی کاك (جەلال ئاغا)و دوو سێ شەوێ لەوێدا ماینەوە. لای پارکی (کوودەك) خانویەکیان بۆ پەیدا کردین و هەندێ شتی ناوماڵمان کڕی. پاش مانگێ لە دەزگای (ئیتلاعات)ەوە بانگیان کردین، پرسییان چۆن هاتووینەتە ئەوێ. پێمان گوتن: بە فرمانی (قەرارگەی ڕەمەزان)و ڕازی بوونی فەرمانداریێتی. گوتیان: "بۆ خەڵکێکی زۆر هاتووچۆتان دەکەن؟"

پێم گوتن: "پرسەمان هەیە بۆیە ئەو خەڵکە زۆرە دێنە لامان."

گوتیان: "لەمەو پاش هەرکەس بێتە لاتان، بەر لەوە دەبێ بێتە لای ئێمەو ناوی بنوسین، هەر کاتێکیش خانووەکەت گواستەوە، دەبێ لە

ناونیشانی نویٚ ئاگادارمان بکەی، هەر کاتێکیش خۆت بە لایەکدا رۆیشتی، هەردەبیٚ ئاگادارمان بکەیت."

ژان و ئازاری قاچم بەرەو زیادبوون دەچوو. لە بەر ئەوە بڕیارمدا، کە بگەڕێمەوە (سوید).

حەمەی فەرەج لەگەڵ بەرێز مام جەلال لە مەهاباد ١٩٨٩

گەڕانەوەم بۆ سوید

ئەو دەمە ساڵی ١٩٨٧ بوو، منداڵەکانم لە (مەهاباد) جێهێشتو پێم گوتن: ئەگەر (قەرارگەی رەمەزان) پرسیاری کرد ئەوا لە گەڕانەوەم بۆ (سوید) ئاگاداریان بکەن پاش ماوەیەك منداڵەکانم خانویەکی باشتریان دەست کەوتبوو هەڵبەت لە گواستنەوەیان دەزگا ئێرانیەکانیان ئاگادار کردبوو، دوای سێ مانگ خۆشم دیسانەوە گەڕامەوە بۆ ئێران.

سەرلەنوێ (ئیتلاعات) ناردیانەوە بە دوامداو بەوە تاوانباریان کردم، کە خەڵکێکی زۆر هاتووچۆمان دەکەن. ئاگادارم کردنەوە، کە ئەوانە کوردی عیراقن‌و ناسیاوو برادەرمن‌و منیش نەهاتوومەتە وڵاتەکەتان نەخشەو پیلانێکی دژ بە ئێوەم هەبێ، بەڵکو بە رازیبوونی خۆتان هاتوومەتە ئێرە. ناونیشانی تازەی ماڵەوەیان لێوەرگرتم‌و کاتژمێرێکی نەبرد هەموو منداڵەکانیان هێنایە (ئیتلاعات). گوتیان: "هەمووتان دەنێرین بۆ (خویی)." منیش گوتم: "ناچین" بۆیە ماوەی دوو رۆژ زیندانییان کردین. بیرم لەوە کردەوە دەستوبردانە ئاگاداری (مام جەلال) بکەم، کە لە (قاسمەڕەش) بوو، یاخود کاك (رەفعەتی مەلا)، کە نوێنەری

یەکێتی بوو لە ئێران، تا لەو کارە ناڕەوایەی (ئیتلاعات)ی مەهاباد دژ بە ئێمە ئاگاداربن.

باش بوو (مام جەلال)و کاك (ڕەفعەت) ئاگادارکران، ئەوانیش ئاگاداری ئێرانیان کرد. پاش چەند ڕۆژێ بەریانداینو هەر لە (مەهاباد) ماینەوە. پاش ئەو وەزعە نالەبارە، بڕیارماندا موعامەلەی پێویست بۆ منداڵەکان چی بکرێ تا بێنە (سوید). هەر لە ڕێی سەفارەتی (سوید)ەوە لە (تاران) هەوڵی جێبەجێکردنی کاری منداڵەکانمان داو خۆشم گەڕامەوە بۆ (سوید). هەر لە (سوید) داوای هاتنی منداڵەکانم کرد، کە باری تەندروتسیم خراپەو پێوستم بە یارمەتیدانی ئەوان هەیە. دوای چەند مانگێ ڤیزەو ئیقامەیان بۆ ناردنە سەفارەت لە تارانو ڕۆژی ١٩٩٠/٦/٥ گەیشتنە (سوید) بۆلام. پاش هەوڵێکی زۆر منداڵەکانی شەهید (عەبدلڕەحمان)ی کوڕیشم لە١٩٩٠/٨/٢٠ هاتنە (سوید). هەموو خێزانەکە لە شارۆچکەیەکی بچووك بە ناوی (هێبی) کۆبوونەوە.

مانگی ٧ی ١٩٨٦ لە سوید



لەراستەوە: شەهید عوسمان دزەیی، عەزیز عومەر (بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی)، کاکە حەمەی فەرەج، شێنێ (کچی ملازم کەریم سلام)

خاپورکردنی گەڕەکی کانیی ئاشقان

لە ئەنجامی تاوانەکانی رژێمی بەعس دژ بە خەڵکی بێ دیفاعی گوندەکانی کوردستانو دەرکردنی بڕیاری راگواستنی هەموو گوندەکانی ناوچەی هەڵەبجەو شارەزوور بەو گوندانەشەوە، کە زۆر نزیکن لە سەر جادەی گشتیی (هەڵەبجە - سەید سادق). دوا بەدوای دەرکردنی ئەم بڕیارەش، رژێمی بەعس جەماوەری هەڵەبجە، بۆ ئەوەی بە دوژمنانی نەتەوەی کوردی بسەلمێنێ، کە هەستی نەتەوایەتیی جەماوەر بە راگواستنی گوندەکان لەنێو ناچێ. ئەوە بوو لە شەوی ۱۲/۱۳ی مانگی پێنجی ساڵی ۱۹۸۷ لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە رێکخستنەکانی نێوشار بانگەوازیان بۆ جەماوەری شارکرد، کە بۆ رۆژی دوایی دوکانو بازاڕ نەکەنەوە، هەموو جەماوەری شاریش بەدەم بانگەوازەکەوە هاتنو لە بەرواری ۱۳/۵/۱۹۸۷ راپەڕین دەستی پێکرد.

رێکخستنەکان وا بڕیاریان دابوو، کە راپەڕین دژی بەعس لەنێو شاردا لە دوو لاوە دەست پێ بکا. ئەوەبوو لە کاتژمێر ۸ی بەیانییەوە لە قوتابخانەی ناوەندیی کوڕانی شارەزوور لە گەڕەکی (کانیی عاشقان)، بەشێکی جەماوەر کۆبوونەوەو بەشەکەی تریشی لە خوێندنگەی ئامادەیی (هەڵەبجە)ی کوڕان لە گەڕەکی (کانی قوڵکە) کۆبوونەوە. راپەڕینی جەماوەری شار لە هەردوو بنکەکەوە لەیەك کاتدا دەستی

پێكردو له ناوەندی شاردا بەیەك گەیشتن‌و شەڕو پێكدادان له نێوان جەماوەری راپەڕیوو رژێمی بەعس دا دەستی پێكردو له ئەنجامی دەستڕێژی گوللەی تانكی داگیركەراندا هەر له ناوەندی شاردا خوێندكار (مەریوان حمه رشید) شەهید كراو بووە یەكەمین شەهیدی ئەو راپەڕینە.

بەشێكی زۆری شار كۆنترۆڵكراو هێندەی نەمابوو شار بە تەواوی ئازاد بكرێ، بەڵام لەبەر نەبوونیی چەك‌و هێزی پێشمەرگە، كە ئەوەندە ببێ بتوانێ بەرگری لەو راپەڕینە بكا. راپەڕینەكە سەركەوتنی تەواوی بەدەست نەهێناو هەر له كاتژمێری یەكی پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژدا رژێمی بەعس بێ بەزەییانە بەربووە گیانی جەماوەری بێ دیفاعی شار بە تۆپ‌و تانك‌و هەلیكۆپتەر له ئەنجامدا راپەڕینی جەماوەر سەركوت كرا. بەهۆی قەسفی هەلیكۆپتەرو تۆپباران هاووڵاتی قادری كاكە ئەحمەد كۆكۆیی له گەڕەكی (شێخ ئیسماعیل) شەهید بووو ژمارەیەكی زۆری خەڵك بریندار بوون. كە پتر له (٣٠) كەسیان له نەخۆشخانە بە برینداری دەستبەسەر كران. پاشان هەر بە زیندویی له پشتی گوندی یامۆك كران بەژێر خاكەوە. پاش راپەڕین تەرمەكانیان لەلایەن جەماوەرەوە دۆزرایەوە، وەك (عوسمانی خاوەر، عوسمانی علی حاجی ساڵح) لەگەڵ برازایەكی داوای لێبووردن له كەس‌و كاری شەهیدەكانی تر دەكەم، كە ناوەكانیانم لەبیر نەماوە.

شیاوی باسە، بۆ پشتگیریی راپەڕینی هەڵەبجە، جەماوەری شاری (قەڵادزە)ی خۆشەویستیش وەك پیشەی هەمیشەییان لە رۆژی دواتر راپەڕینیان بەرپاکرد. ئەوە بوو پاشان رژێمی بەعس ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان لە هەڵەبجە دەستگیرکرد بە بیانوی ئەوەی، کە لە راپەڕینەکەدا بەشداریان کردووە، کە زۆربەیان گەنج بوون‌و پاش ئازار دانێکی زۆر ئازادیان کردن. هەر لەهەمان رۆژدا رژێمی بەعس تەواوی گەڕەکی کانی عاشقانی بە دینامیت تەقاندەوەو بەسەر یەکداو زۆربەی ماڵەکانیش تەنانەت پێش ئەوەی ئەشیاکانیان بینە دەرەوە بیناکانیان بەسەردا روخاندن، کە ژمارەی خانووەکانی ئەم گەڕەکە پتر لە ٣٠٠ خانوو دەبوو، رژیم وای تەقاندەوە، کە پاشان کەس نەی دەزانی سنووری ماڵەکەی خۆی کامەیە.

هەڵەبجە لەمە زۆرتری بەسەردا هاتووە. ساڵی (١٩٨٧) زوڵم‌و زۆریی حکومەت وای کردبوو لەو خەڵکە، کە ناچاربوون خۆپیشاندان بەرپابکەن‌و چەندین کەس هاتنە سەر جادەکان‌و دەستیان بە گرتنی رێگاکانی نێوشارو دروشم گوتن دژی داگیرکەران کرد. حکومەتیش بە دۆشکەو تانك دەستی بە تەقە کردو خەڵکەکەی تۆقاندو زۆریان رایانکرد بەرەو گەڕەکی کانی‌عاشقان. پاشان (جەیش‌و جاش) کەوتنە نێو شارو لە مزگەوتی (جامعە) بەولاوە کەوتنە گەڕان، ماڵ بەماڵ‌و هەرچی تێدابوو بردیان‌و دەستیانکرد بە تاڵان‌و بڕۆی خەڵکەکە تا

گەڕەکی مۆردانەو پاشان دەستیان کرد بە روخاندنی خانووەکان بەسەر خاوەنەکانیانداو. لەو هەڵمەتەدا خەڵکێکی زۆریان کوشت، فڕۆکەش لەسەرەوە بۆردومانی دەکرد بێدەست پاراستن لە هیچ کەس. ئەمە بووە هۆی کوشتن‌و بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆرو هەموو خانووەکانی گەڕەکی کانی عاشقانیان تەقاندەوە. هەروەها هەندێ لە بریندارەکان لەگەڵ ئەوکەسانەی لەگەڵیاندا بوون بە ناوی چارەسەرکردنەوە بە هەلیکۆپتەر بردنیان‌و پاش چەند رۆژێ بە زیندوێتی کردنیان بەژێر خۆڵەوە لە سەروی هەڵەبجەوە لە رێی (کانی شێخ)ی بامۆك لای (حەوزی بەلۆعەکە). لەو شەهیدانەش: عوسمان عەلی حاجی ساڵح‌و برازاکەی حمە تایەرو سەیید باقی‌و عوسمانی خاوەری عەرەبانچی، کە زیاتر لە (١٠) کەس دەبوون. پاشانیش پاسەوانیان دانا بەدیار قەبرسانەکەوە بۆ ئەوەی کەس نەچێ تەرمەکان دەربهێنێتەوە. هەندێکی‌تر لەو خەڵکانە توانییان بە پێی پەتی‌و سکی برسی هەڵهاتن بەرەو سنووری ئێران‌و بەو حاڵە ناخۆشە توانیان خۆیان لەدەست دوژمن دەربازبکەن. ئەمەش کورتەیەك بوو لە مێژووی ٤٠ ساڵەی هەڵەبجەو ئەو مەینەتی‌و ناسۆری‌و ناڕەحەتیانەی، کە بەسەریدا هاتوون.

کیمیابارانی هەڵەبجە

لە کاتی شەڕی درێژخایەنی (ئێران - عێراق)دا ئەوە بوو لە ١٩٨٨/٣/١٤ هێزەکانی ئێران هێرشێکی بەربڵاویان هێنا لە چەند لایەکەوە بەرەو هەڵەبجەو خورماڵ، بە نیازی ئەوەی بەنداوی دەربەندیخان بگرن ئەوەندەی کە من ئاگادارم لە سەرەتادا بە تۆپی دوورهاوێژ دەستی کرد بە قەسفێکی توندو تیژ بەرەو هەڵەبجەو دەوروو بەری، کەچەند سەربازگەیەکی عیراقی لەو ناوچەیەدا بووو ئەمانیش وەڵامیان دەدانەوە بە تۆپو تانكو چەکی هەمەجۆر. لە ئەنجامی ئەم شەڕە تۆپەدا زۆر جار ناو شارەکە بەر تۆپ دەکەوتو چەندین خەڵکی بێ تاوان شەهید کرانو بریندار بوون.

لە دوای دوو ڕۆژ شەڕە تۆپی خەستی هەردوولا وورده ووردە هێزەکانی عیراق ئەشکانو هەندێکیان رای دەکردو ژمارەیەکیان لێدەکوژراو بریندار دەبووو هەندێکیان لێ بە دیل دەگیراو دەبران بەرەو سنوور.

لە ئەنجامدا لە ١٩٨٨/٨/١٥ شاری هەڵەبجە کەوتە ژێردەستی هێزەکانی ئێرانو زەرەرو زیانێکی زۆر لە خەڵکی بێ تاوانی ئەو شارە کەوت.

پاشان لە ڕۆژی دواییدا، کە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٣/١٦ دەکا لە کاتژمێری (١١،٢٠)دا فڕۆکەیەکی میکی ٢١ی عیراقی هاتو خولێکی کرد بەسەر شارەکەدا بۆ کەشفو ڕۆیشت.

بەڵام لە کاتژمێری ١٢ای نیوەڕۆدا چوار فڕۆکەی عیراقی هاتو گەڕەکی سەرای بە ساروخ بۆمباباران کرد، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بێ تاوانی شەهید کردو هەندێکیتریش بریندار وون. هەموو خەڵکەکە سەریان لێ شێواو نەیاندەزانی بەرەو کوێ بچن، چونکە دەیان زانی ئەوە تەواو نابێو هەر بەردەوام قەسف دەبێ. بەم شیوەیە قەسف بەردەوام بوو. لە ماوەی دە دەقیقەداو شەش، تا حەوت فڕۆکەیتر دەهاتو بە ساروخو ناپاڵم شارەکەیان بۆمباباران دەکردو دەگەڕانەوەو کۆمەڵێ فڕۆکەیتر دەهات. ئەمە بەردەوام بوو هەتا سەعات ٣,٢٠ دەقیقە بۆ ئەوەی هەموو خەڵکەکە بچێتە ژێرخان وەك جاران، کە لە ترسی تۆپو ساروخ خۆیان دەشاردەوە. دوای قەسفی ساروخو ناپاڵم. ئینجا بۆ ئەوەی کەس رزگاری نەبێ بە کیمیاوی قەسف دەستی پێکرد تا کاتژمێری ٦ی ئێوارە. بەڕاستی کارەساتێ بوو بەسەر ئەو شارەدا هات، نە خامە نە زمان ناتوانێ بە تەواوی ئەو حاڵەتە باس بکا، تەنها ئەو خەڵکە خۆی نەبێ، کە لە نێو کارەساتەکەدا بوون.

لە ئاکامی ئەم زوڵمو زۆرە ناڕەوایە زیاتر لە (٥٠٠٠) هەزار کەس شەهید بوون لە ژنو منداڵو پیرو گەنجی ئەو شارە هەزارانیتریش بریندار بوون، کە زۆریان کوێر بووبوون یان لەشیان سووتابوو بە کیمیاوی، ئەوەشی رزگاری بوو، بە پێی پەتیو بە برسێتیو بێ کەلو پەلی ژیان بە سەرلێشێواوی کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو سنوورەکانی ئێران

بەڕێ کەوتن. لە ڕێگادا بە دەیان تراکتۆرو سەیارە دەبینران، کە خەڵکەکەی ناوی شەهید بووبوون بە کارگەریی کیمیاویەکە. ئەمەو سەدان ڕووداوی دڵتەزێنیتر، کە لە ڕێگەدا دەبینران، کە هەر خێزانێ بە شێوەیەك لیێی قەوماوەو جۆرەها شێوە بریندارو سووتاوو جەرگ سووتاوو شتیترت بەرچاو دەکەوت. بەڕاستی کارەساتی وا کەم ڕوویداوە، کە دژ بە خەڵکی بێ گوناهی شارێکی ئاوا بکرێ.

ئەمە تاوانێکی ئەوەندە گەورەبوو، کە ڕژێمی فاشستی بەغدا دژ بە گەلی کورد کردی، ئێمە جگە لەو هەموو تاوانانەیتر، وەك ئەنفال‌و گرتن‌و تۆقاندن‌و لەسێدارەدان، کە دەرحەق بە گەلەکەمان ئەنجامی داوە. ئەوە بوو، ئەم تاوانە گەورەیەی دژ بە شاری هەڵەبجە دنیای هەژاندو زۆربەی زۆری دەوڵەت‌و گەلانی دنیا دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوەو بەجارێ داوای دادگایی دەکەن بۆ ڕژێمی عیراق‌و پەیوەندیان لەگەڵ بڕیوەو بە هەموو شێوەیەك دژایەتیی ڕژێمەکە دەکەن. لە بەرامبەریشدا هەموو دنیا پشتگیریی گەلی کورد دەکەن‌و داوای جێبەجێکردنی مافەکانی گەلی کورد دەکەن‌و کۆنگرەی جیهانی دەبەسترێ، بەتایبەت بە گەلی کوردو داکۆکی لە مافەکانی دەکرێ بە جۆرێ، کە دەنگی کورد گەیشتۆتە هەموو دنیاو کارەساتی ئەم شارە بووە هۆی بە جیهانیکردنی کێشەی کورد. بەڵام تاکو ئێستا وەك پێویست هیچ شتێکی سیاسیان بۆ نەکردووین لەکاتێکدا هەموو

لایەکیان باس لەوە دەکەن کێشەکەمان رەوایەو پێویستی بە پشتگیری ولاتانی دنیا هەیە.



شەهید شەماڵ ئەحمەد قادر

١٩٨٨ دوای کیمیاباران لە نێوان سەید سادق و هەڵەبجەدا شەهید بوو

شەهید شاهۆ ئەحمەد قادر

لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری هەڵەبجە شەهید کراوە

شەهید کەژاڵ ئەحمەد قادر

لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری هەڵەبجە شەهید کراوە

راپەڕین و ئازادکردنی کوردستان

ئازادیی کوردستان خەوی سەرجەم نەتەوەپەرستان و ئازادیخوازانی کورد بوو. عیراق لە ئەنجامی شەڕێکی سەختی خوێناویدا، بۆ ماوەی هەشت ساڵ ماڵوێرانی و خەڵك بە کوشتدان کەوتبووە ژێر باری قەرزارییەکی زۆرەوە. لە ئەنجامی لەخۆباییبوون و غەڕایی، ویستی بەهۆی داگیرکردنی (کوێت)ەوە، بە پارەو پولی نەوتی (کوێت)، ئەو قەرزانەی سەرشانی سووك بکاو ئابووریی داتەپیوی عیراق و باری ژیانی دواکەوتووی ٨ ساڵ شەڕ، کەمێ بەرز بکاتەوە.

ئەوەبوو بەو بیانووەی، کە (کوێت) بەشێکە لە عیراق و لێی جیانابێتەوە. (کوێت)ی گرت، هەر زوو (ئەمریکا)و هاوپەیمانانی ئاگاداریان کردەوە، کە بە زووترین کات لە (کوێت) بکشێتەوە دواوە. بە سەدان نێردراوی دەوڵەتی و جیهانی و رۆژنامەنووسان سەردانی عیراقیان کرد، داوایان کرد، کە لە (کوێت) بکشێتەوە، بەڵام غەڕایی و لەخۆبایی بوون و بیرنەکردنەوە لە ئەنجامی کارەکە، وای کرد (ئەمریکا)و هاوپەیمانانی و کۆمەڵێ لە دەوڵەتە عەرەبیەکان لە هێرشێکی سەختدا لە (کوێت) دەری بپەڕێنن و سەربازو ئەفسەرێکی زۆری لەنێو ببەن و هەرچی تانك و تەقەمەنی و کەل و پەلێکی زۆری سەربازی و جەنگی هەیە ووردوخاش بکەن. سەرەڕای بۆردومانکردنی

دامەزراوە گشتیو بەرهەم هێنەرەکانی نێو عیراق خۆیشی. لە ئەنجامی ئەم تێکشکانە خێرایەدا ناڕەزاییو تەقینەوەی خەڵکی خوارووی عیراق گەورەترین ڕاپەڕینی جەماوەری لە شارەکانی وەك (بەسرەو عەمارەو کوتو نەجەفو کەربەلا)و هتد... دروستکرد، ئەوەندەی نەمابوو هێرشی جەماوەری ڕاپەڕیوو بەغدای پایتەختیش بگرێتەوەو کورسیی حوکم لەتو پەت ببێ. پاش ماوەیەکی کەم لە کوردستانیش بڵێسەی گڕی ڕاپەڕین لە (ڕانیە)وە دەستی پێکردو جەماوەر توانییان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا شاری (ڕانیە) کۆنترۆڵ بکەنو زۆربەی کاربەدەستەکانی ڕژێم بگرنو ئەویتریشی کوژرانو لەناوچوون.

پاش دوو ڕۆژ جەماوەر لە (سلێمانی)ش ڕاپەڕین شاری (سلێمانی)یان لە ڕۆژی ٧ی ئازاردا کۆنترۆڵ کردو هەڵیانکوتایە سەر دامودەزگاکانی ئەمنو ئیستخباراتو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەوەی بەردەستیان کەوت کوشتیان. بەوە ڕاپەڕین سەرتاسەری کوردستانی گرتەوەو شارو شارۆچکەکان یەك بەدوای یەکدا دەکەوتنە بەردەستی جەماوەر. هەولێرو دهۆك ئازادکرا. پاشتریش شاری (کەرکوك)یشی گرتەوە. جەماوەری خەڵکی کوردستان بەشێوەیەك ڕاپەڕیبوو ڕقو کینەی ٢٣ساڵی ژێردەستەیی دەتەقاندەوەو وەك لافاو دەزگا کارتۆنییەکانی بەعسی ڕادەماڵی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو سەرجەم پارتە

سیاسیەکانی کورد رۆڵێکی باڵایان لە نەخشەکێشان‌و هاندانی جەماوەرو بەشداری سەرتاسەری راپەڕینەکەدا هەبوو.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە چەند هەفتەیەك لەوە بەرەوە شانە چەکدارەکانی خۆی لە ژێر نەخشەیەکی دیاریکراودا رەوانەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەکرد. بە نهێنی هەڤاڵ (نەوشیروان مستەفا) بە نامە پەیوەندیی بە شانە چەکدارەکانی نێو شارو شارۆچکەکانەوە دەکرد، بە سەرۆك جاش‌و عەشیرەتەکانیشەوە، کە لە رۆژی راپەڕیندا پەیوەندییان پێوە دەکرێ‌و راپەڕین‌و رزگاربوون لە کۆت‌و پێوەندی بەعس.

هەر لە یەکەم ساتی بیستنمانەوە لەو دوورە وولاتانەوە، کە راپەڕین بەرپابووەو جەماوەر توانیویەتی دام‌و دەزگاکانی رژێم بڕوخێنێ، دەقیقە بەدوای دەقیقە لە چاوەڕێی هەواڵی سەرکەوتنی دیکەدا بووین. من وەك کوردێ، کە هەمیشە بە هەست‌و گیانم لەگەڵ بیری ئازادیی نەتەوەکەمدا بووم، وێنە بە وێنە چاوم لە رووداوەکان بوو، بەڵام چی لەگەڵ قەدەردا بکەم، کە من هێشتا لەژێر چارەسەری قاچم‌و ئەو پارچانەی لە گیانمدا بوون خەریك بووم، دەبوو هەموو جارێ بە چەند ماوەیەك بەهۆی نەشتەرگەریی ئەو شوێنانەی لەشم، کە هێشتا پارچە تۆپیان تێدا مابوو، لە نەخۆشخانە بۆم تیمار بکەن‌و بۆم دەربهێنن. ئەمە ماوەی ئەوەی نە ئەدام بێمەوە وەك پێشمەرگەیەك بجەنگم بۆ

گەلەکەم، ئەو ئازادکردنەی کوردستان خەوێ بوو، کە هەموو کوردێکی بە شەرەف سات بەسات لە گەڵیدا دەژیا.

پاش ئەوەی رژێمی بەغدا کەوتەوە خۆی‌و بە هۆی چڵکاو خۆرانی‌و گاردی کۆمارییەوە وەك‌و گورگ بەربووە گیانی میللەت‌و بەهۆی وەستانی شەڕی کەنداوەوە زیاتر هێزی سەربازی نارده ئەو ناوچانە، شار بە شاری خوارووی عیراقی گرتەوەو زۆر دڕندانە کەوتە گیانی جەماوەری راپەڕیوو بەشێکی زۆری لێ کوشتن‌و لێ رەمی کردن. پاش ئەوە هێرشێکی بەربلاوی کردە سەر کوردستانیش، خەڵکی بەشەرەفی کوردستان دلێرانە لە زۆر ناوچەدا بەرەنگاریان بوونەوە، بەڵام بۆ ئەوەی، کە خوێن زۆر نەرژێ‌و شارەکانی کوردستان خاپوور نەبن. وا بەباش زانرا، کە سەرتاسەر شارو شارۆچکەکان چۆڵ بکرێن بەوە کۆڕەوێکی دوو ملیۆنی خەڵکی کوردستان بەرەو ناوچەدوورەکانی کوردستانی باشوورو ناوچە نزیکەکانی کوردستانی رۆژئاواو باکوور دەستی پێکرد. ئەم کۆڕەوەی جەماوەر، لە هەموو دنیادا دەنگی دایەوەو بووە هۆی ئەوەی هەموو ئاژانسەکانی دنیا بە کوردەوە خەریك بن‌و شێوەی ئەو هەموو خێزانە ئاوارەو سەرلێشێواوو دەربەدەرو ماڵوێرانە، لە ئێستگەکانی تەلەفزیۆنی دنیاوە پیشاندەدراو لە زۆربەی شارەکانی ئەوروپادا خۆپیشاندانی کوردو دۆستەکانی روویدا.

رژێم شارو هەندێ لە شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوەو لە ئەنجامدا سەر لەنوێ وتووێژو دانوسان لە نێوان بەرەی کوردستانیو رژێمدا دروستبووەوە بەوە خەڵکەکە وردەووردە هاتنەوە ناو شارو جێگاکانی خۆیان، کە بەشێکی زۆری تالآن کرا بوو.

جەماوەری کورد کەژانو ئازارێکی زۆری بەدەست رژێمی فاشیستی بەغداوە چێشتبوو، بە هەر جۆرێك رازیبوونە بەوەی پارتیو یەکێتی حوکم بگرنە دەست. ئەوەی زۆر گرنگ بوو بۆ کورد ئەوە بوو، کە شەڕی براکوژی روونەدا. منیش وەك کوردێ هیوام هەمیشە ئەوە بوو، کە قەوارەیەکی سیاسی کوردستانیی پێکبێ. بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە پیرۆزبایی گەرمم لە خۆمو هەموو نەتەوەی کورد کرد، پێم وابوو ئیدی ئاسۆی رووناکی کورد هەڵهاتو لەژێر دەستەییو سیاسەتی قڕکردن رزگارمان بوو، بڕیارمدا بگەڕێمەوە کوردستان. ئەوەبوو، لە مانگی مارتی ١٩٩٢دا سەردانی کوردستانی ئازادم کردەوە، چوومە شاری هەڵەبجەو کاری یەکەمم سەردانی ئەو گۆڕستانە بوو، کە بە کۆمەڵ کوردی ژێردەستەی ستەمدیدەی تێدا نێژرابوو، ماتەمینیەکی زۆر سەرتاپای لەشی داگرتم، لە هەمان کاتیشدا دڵم بە گەڕانەوەکەم خۆشبوو، کە بۆ جاری یەکەم لە ژیانمدا هەوای کوردستانێکی ئازادی بێ رژێمی داگیرکەری بەغدا هەڵدەمژم. لە شارە خۆشەویستەکەمدا، کە جێگای باوباپیرانم بوو.

لەوێ (مام جەلال)و (هێرۆ خان)و کاك (کۆسرەت رەسوڵ)و (مولازم عومەر)و کاك (عومەر فەتاح) سەردانیان کردم. ئەو دەمە لە ماڵی کاك (عەلی مەلا محەمەد) بووم. (مام جەلال)، گوتی: "حەمە ئەوا ئیدی شارەکەت رزگاری بوو، هەوڵ دەدەین هەموو کەم‌و کورپییەکانی دابین بکەین."

منیش پێم گوت: "مام جەلال تەماشای ئەم شارە خنجیلانەیە بکە چیی بەسەرهاتووە، ئومێدەوارم بتوانن چارەسەری تەواو بۆ خەڵکی سەرانسەری کوردستان بدۆزنەوەو لەگەڵیاندا بەوەفا بن، بیر لەوە بکەنەوە کار بدەنە خەڵکانی لێهاتوو بە توانا، کە بەرێوەی بەرن. داواکانی خەڵك لەبیر نەکەن. دەبێ بۆ هەموو لایەکی بسەلمێنن، کە شۆرش بۆ جەماوەری کورد کراوە، نەك بۆ کۆمەڵێ لە سەرکردایەتی‌و ئەندام‌و لایەنگرانی حیزبەکان." لەوەڵامدا پیێ گوتم: "کە بەهاوکاری گشت لایەك هەنگاو بۆ ئەو مەبەستە دەنێین‌و تۆش لەم بارەوە دەبێ هاوکاریمان لەگەڵدا بکەی."

من بێگومان ئامادەییی خۆمم لە هەموو خزمەتێدا نیشاندا، کە پێم بکرێ.

دواجار سەردانی (قەڵاچوالان)م کرد. (مام جەلال) لەوێ پێی گوتم: دەمەوێ دەزگایەکی کۆمەڵایەتی دابمەزرێنێ بۆ جێبەجێکردنی گیروگرفتی ناوچەکان وەك لێکۆڵینەوە لە گیروگرفت‌و کێشەی

عەشیرەتەکان، چاوپێکەوتن‌و کۆبوونەوەکردن لەگەڵ پیاوماقوڵان‌و پیاوە ناسراوەکانی کوردستان‌و بەسەرکردنەوەی کەسایەتیە ئاینیەکان‌و... هتد. ئەو دەزگایەش بریتی بێ لە (١٠-١٥) کەس‌و بەسەرکردایەتی (مام جەلال) خۆی بەڕێوە بچێ.

پاش لێکۆڵینەوە، لەسەر ئەو مەسەلەیە، من لای خۆمەوە بە باشم زانی لەو خزمەتکردنەدا هاوکاری بکەم. ئەنجام منیان کردە لێپرسراوی چەند ناوچەیەك وەك: (هەڵەبجە، شارەزوور، پێنجوین، دەربەندیخان، بەرزنجە، هەورامان). بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانە، لیژنەیەکم لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەو ناوچانە پێکهێنا. مەلاکانی ئەو ناوچانەمان خرکردەوەو یارمەتی‌و پێداویستیەکانمان بۆ دابین کردن، یارمەتیدانی خێزانێکی زۆری شەهیدان‌و لێقەوماوانمان تا رادەیەکی باش دەستەبەرکردو ئەم کاروبارانەمان تا ساڵی ١٩٩٤ بە رێکوپێکی بەڕێوە دەچوو، بێ ئەوەی هیچ جیاوازیەك لە نێوان یەکێتی‌و پارتی‌و لایەنەکانی دیکەماندا کردبێ، بە تایبەتی ناکۆکی‌و کێشەی زۆری نێو عەشیرەتەکانمان جێبەجێ کرد، وەکو کوشتن‌و کۆمەڵێ ناکۆکی‌و حاڵەتەکانی دیکە.



مامۆستا فەیسەڵ

لە ساڵی ۱۹۹۱ لە راپەرینەکەدا شەهید بوو لە تاسڵوجە

گەڕانەوەم بۆ کوردستانی ئازاد

مانگی ئازاری ١٩٩٢، بە دڵێکی خۆشەوە گەڕامەوە بۆ کوردستان، کە ئاواتی چەند ساڵەی خۆم‌و خێزانەکەم بوو. ئەم ئازادییە بە چاوی خۆمان ببینین. دوای چەند رۆژێ چووم بۆ شاری هەڵەبجەو ماوەیەك لەوێ مامەوە، زۆر دڵخۆش بووم بەوەی لە پاداشتی خەباتی چەند ساڵەی خۆم‌و هاوخەباتەکانم، ئەم ئازادییە لە کوردستاندایە ببینم.

ئەو ماوەیەی لەوێ بووم، بەبێ ترس هاتووچۆی زۆر شوێنم دەکرد، بێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێ بکەمەوە، کە بەرامبەرم بکرێ. پاش ماوەیەك چەند دۆستێ هاتنەلام پێیان گوتم:

"ئاگاداری خۆت بکەو بە بێ پاسەوان بۆ هەموو شوێنێ مەچۆ."

بەڕاستی منیش سەرم سووڕما، پرسیم:

"بۆچی؟:

پێیان گوتم: "جاشەکان لە زۆر شوێن باسیان کردووە، کە (حەمە) باوکی کوشتووین‌و دەمانەوێ تۆڵەی لێبکەینەوە."

منیش زۆر گوێم بە قسەکان نەدا. رۆژێ لەلایەن (دەروێش ئاغا)وە، کە بەرپرسی پارتی بوو لە سلێمانی، هەواڵی بۆ ناردم، کە کوڕو کەس‌و

کاری جاشەکانی دەوروبەری هەڵەبجە هاتوونەتە لامو شکاتیان کردووە لێم!

منیش پێم گوت: "بۆچی شکاتیان لێ کردووم؟"

گوتی: "ئەوان گوتوویانە: (حەمە) باوکو برای کوشتووین."

منیش پێم گوت: "من هەرچییەکم کردبێ ئەوکاتە بۆ شۆڕش کردوومە، کەس ئاشو باخی لێ داگیرنەکردووم، ئەی بۆ ئەو هەموو پێشمەرگانەی، کە شەهید کراوە ئێمە شکات لەکێ بکەین؟"

ئەویش داوای لێبوردنی کردو گوتی: "هاتوونەتە لامو ئیزنم داون."

پاشان هەواڵم زانی، کە ئەوانە کەوتوونەتە جموجوڵ. رۆژانە من دەچوومە دەرەوەو بەیانیان زوو لەبەر ماڵەکەی خۆماندا پیاسەم دەکرد. کوڕێ بە ناوی (حەمە ساڵح) گوتی:

"(حەمە) بەیانیان زوو مەیە دەرەوە، چونکە کەسانێ چاودێریت دەکەن."

خۆشم هەروەها زانیاریم هەبوو، کە چەند جارێ هاتوونەتە دەوروبەری ماڵی ئێمە بۆ چاودێری. ئەو کاتە ئەوانە سەر بە پارتی بوون. منیش لە رێی (دەروێش ئاغا)وە ئاگادارم کردن:

"ئەگەر بیانبینم لەم ناوە تەقەیان لێدەکەم بۆ ئاگاداریتان."

ئەمەیش بۆ ئەوەی نەبێ بە کێشە لە نێوان پارتیو یەکێتیدا، چونکە ئەوانە کوڕی ئەو پیاوە تاوانبارانەن، کە دەستیان سوورە بە خوێنی

سەدان پێشمەرگەو ئێستاش لە کاتی ئەم ئازادییەدا، کە ئاواتو ئامانجی هەزاران خەڵکی تێکۆشەرە دەیانەوێ تۆڵەی باوکیان بسێننەوە."

دەڵێن (حەمە) باوکی کوشتووین

لە مانگی (گەلاوێژ)ی ساڵی ١٩٩٣دا بوو، لە (سلێمانی) لەماڵەوە دانیشتبووم میوانم هەبوو، برای بەڕێز کاک (جەمال ئاغا) لەگەڵ (جەلال عەلی ئاغای زڕگوێز)دا هاتنە لام. کاک (جەمال ئاغا) پارچەیەك کاغەزی دایە دەستم، تەماشامکرد چەند ناوێکی تیابوو، گوتی: "ئەمانە هاتوون بۆ لای ئێمە بۆ مەڵبەندو شکاتیان کردووە، دەڵێن (حەمە) باوکی کوشتووین."

منیش رووم کردە (جەمال ئاغا)و پێکەنیم، گوتم: "کاك جەمال من کەسم بۆ خۆم نەکوشتوە، ئەگەر هەر چیم کردبێ لەپێناوی میللەتەکەمدا کردوومە، بەڵام هەر پێم خۆش بوو لێت بپرسیبایە، باوکی ئەوان چ کارە بووە، کە من کوشتوومە؟"

ئەویش وەڵامی دامەوەو گوتی: "من پێم گوتوون بەیانی بێنەوە وەڵامتان دەدەمەوە."

میوانەکانی، کە لام دانیشتبوون (بورهانی کوێخا حسێنی هەناران و کاك شێخ تاڵیبو حسێن حەمە ساڵح)و چەند پیاوێکی‌تر بوون. سەریان سوڕما بوو لەمە، گوتیان گوایە دەبێ ئازادی وابێ، کە لەبریی ئەوەی پاداشتی خەڵکە کوردپەروەرەکان بدرێ، دەبێ دادگایی بکرێن؟ گوتیان

باشە ئەی ئێمە شکات لە کێ بکەین، ئەو هەموو کوڕو براو کەس‌و کارانەمان شەهید بوون، کێ بەرپرسیارە لەمەو داوای حەقەکەمان لەکێ بکەین؟!

بەشی دووەم



شەهید عەبدولڕەحمان

شەهید

شەهید نەمرە وەکو شاخ،
وەکو بەفر، وەکو درەخت،
وەکو بەهارو گوڵەباخ.
شەهید ئاوە
تینوێتیی زەوی ئەشکێنێ.
پەنجەو دەستە
ئازاری خاک رائەژەنێ.
سۆمای چاوە
کام دوا رۆژ دوورە ئەبینێ.
شەهید باڵای
بەقەد باڵای کوردستانە،
دڵی ئازادیو بەیداخی
لووتکەی هەڵوێستی
ئینسانە.

ژیاننامەی شەهید عەبدولڕەحمان

شەهید عەبدولڕەحمان لە ساڵی ١٩٥٤ لەشارە دلگیرەکەی هەڵەبجە، پەراوێزی کراسە شینەکەی شنروێ‌و تاجی سەری شارەزووردا چاوی بە ژیانی پڕ دەردەسەری‌و زەبرو ستەمی داگیرکەر هەڵهێنا.

شەهید عەبدولڕەحمان هەر وەکو خۆم لە بۆتەی ناکۆکییە دژوارەکانی نێوان دەرەبەگ‌و جوتیارە رەش‌و رووتەکاندا، لەژێر زەبری چەوساندنەوەی نەتەوایەتی‌و لە گەڵ ناڵەو نرکەی تاوانلێکراواندا سەری هەڵبڕیوە. هەر بۆیە مەلاشوی بەگیانی بەرگری‌و تۆڵە هەڵدراوەتەوە. ئا ئەوە بووە یەکەم نامەی سوورو لە مستی نرا بۆ گەیاندنی بە لوتکە.

لە ساڵی ١٩٦١دا لەگەڵ هەڵگیرسانی ئاگری شۆڕشی ئەیلوولدا، کە من بوومە یەکێ لە پێکهێنەرانی دەستە سەرەتاییەکان پێشمەرگەی شۆڕی ئەیلوول‌و رووم لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان کرد، ئەو دەمە عەبدولڕەحمان منداڵێکی نۆ ساڵان بووە، لە کۆڵانی گەڕەکی پیر محەمەد لە هەڵەبجە بە تفەنگی دارو قەوانە فیشەکی بەتاڵ دەکەوتۆتە یاری کردن‌و دیار بوو بە شانازیەوە لاساییکەرەوەی منی پێشمەرگە بوو. خۆشترین کاتیش نیوەشەوان بوو، کە بەدەم قرمەژنی گوللەوە لە قووڵایی خەو راچڵەکیوەو چاوەڕوانی گەڕانەوەی من بوو.

ئیتر عەبدولڕەحمان هەر لەو دەمەوە لەگەڵ مندا بوو بە هەڵۆی سوورو هۆگری برسێتیو نەبوونی. یەکەم ووشە دوای ناوی خۆیو من، کە فێری بوو، وشەی (کوردستان) بووە.

لە ساڵی ١٩٦٤دا ئەم هەڵۆ سوورە خوێنی بەناهەق رژاوی شەهید (ئەحمەد)ی برامو مامی خۆی بە چاوی خۆی بینی، کە بە دەستی رەشو گوللەی غەدری جاشە نەفرەت لێکراوەکان مەرگی پیرۆزی بە باڵا بڕا، تەنها هەر لەبەر ئەوەی کوردو کورد پەروەر بووو تەنها لەبەر ئەوەی چاوەگەشەکانی بە سیمای دزێوی داگیرکەردا هەڵنەدەهاتو هیوای رزگاربوونی کوردستانی کردبوە گۆرانییەکی خۆش ئاواز. ئەمە گەورەترین کارەساتی جەرگ بڕ بوو، کە دڵی عەبدولڕەحمان ی پێ داخکراوەو بە قووڵی هەستی پێدەکرد.

لە ساڵی ١٩٦٨دا عەبدولڕەحمان، بوو بە مێرمنداڵە. هەر کە بە خۆیدا رایبینی شانی چەك هەلگرێو توانای ئەوەی بوو خەمی گەورەو کەسەری قورس بکاتە کۆڵ، وازی لە خوێندنی قوتابخانە هێناو پۆلی یەکەمی ناوەندی بەجێ هێشتو لەگەڵ مندا بوو بە پێشمەرگە. ئیدی هەردوو پێکەوە بووینە دوو هاوڕێی رێی تێکۆشان. هەر ئەو دەمە، هەردوو پێکەوە بە یەك دڵو هەناسە بەڵێنماندا دابێ تا کاروان بەرێوەبێ پێشمەرگە بینو ئیدی نەسرەوین.

لە ساڵی ١٩٧٠دا، لە پاش رێككەوتنی پارتی‌و حكومەتی بەغداو دەركەوتنی بەیاننامەی یانزەی ئازار، كە بەهۆیەوە باری سیاسی‌و شەڕی كوردستان هێدی‌و هێمن بووەوە، عەبدولڕەحمان رووی كردە شاری هەولێرو لەوێ بووە فەرمانبەر لە دەزگای ئاگركوژێنەوە. لەپاڵ ئەو كارەشیدا بە شەو درێژەی بە خوێندنەكەی دا تا پلەی سێ‌ی ناوەندیی بڕی. بەڵام ئیدی ناچار بەهۆی ئەوەی كە شەڕی كورد لە ساڵی ١٩٧٤دا هەڵگیرسایەوە، دەستبەرداری فەرمانبەریەكەی‌و خوێندنی شەوەكەی بووەوە بە پێشمەرگە.

لەو ساڵەدا، كە رژێمی پارتی بەعسی سۆشیالیست لەپاش چوار ساڵ تەقە وەستان، هەر ئامادە نەبووە بەڕاستی مافەكانی گەلی كورد بچەسپێنێ، عەبدولڕەحمان وەكو هەر رۆڵەیەكی هۆشیاری‌تر رقێكی پیرۆز دژی ئەو رژێمە نەژادپەرستە ئاگری بەردایە دڵی، بۆیە خۆی لە تفەنگەكەی‌و تفەنگەكەی لە خۆی گەرمتر بە پیریی تۆڵەسەندنەوە رۆیشت‌و رووی كردەوە شاخ. لە نەبەردو داستانەكانی قەرەداخ‌و شارەزوورو جادەی سلێمانی- عەربەت‌و گەرووی بێشێ‌و گەلاڵەدا، شێرانە هاوبەشیی كرد.

لە ساڵی ١٩٧٤، كە شەڕ لەگەڵ حكومەتدا دەستی پێكرد، من لە (قەرەداغ) بووم، لە سەركرایەتیەوە داوایان كردین، كە هێزەكەمان بچێ بۆ ئەوێ. لە مانگی ١٢/ ١٩٧٤دا چووین‌و گەیشتینە (سەرتیز)و (بێشێ).

لە سەرتیز (عەبدورەحمان)ی کوڕم لەگەڵ مندا بریندار بوو، پارچەیەك لە گوللەی تۆپ لەسەر سنگی ئەودا هەر مابووەوە. هەر بە سۆی ئەو زامەوە یەکەمین کۆرپەی خۆی ناو نا (سەرتیز).

دکتۆرەکان پێیان دەوگوت: "پێویستت بە ئیسراحەت هەیە."

بەڵام خۆی پێ نەدەگیراو دانەدەنیشت، هەر داوای ئەوەی دەکرد بگەڕێتەوە بۆ لای من بۆ پێشمەرگایەتی. ئەوکاتەماڵمان لە (سەرپێڵی زەهاو) بوو، هەموو رۆژێ دەیگوت دەگەڕێمەوە بۆ لای باوکم. دوای هەرەسەکە، کە گەڕاینەوە بۆ کوردستانی عیراق لەنێو شاردا. (٢) دوو هەفتەی نەبرد دەستی کردەوە بە ئیشی نێوشارو لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەراندا دەستی دایە کاری رێکخستن.

لە ساڵی ١٩٧٥، لە رۆژە تاڵەکانی نسکۆدا، کە نائومێدی سەری کردە گیانی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵك، ئەم وەك تینویەك کەوتە گەڕان بەشوێن چکێ ئاودا تا گەرووی وشك هەڵاتووی پێ تەڕ بکا، ئاویش بەدوای گەرووی ئەوانەدا دەگەڕا، کە رزگاریی گەل‌و نیشتمانیان کردبووە بەرزترین ئامانج‌و گەورەترین رێبازی ژیان‌و کوردایەتی. هەر بۆیە دوای ماوەیەکی کەم لە یەکێ لە شانەکانی رێکخستنی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) رێکخراو.

لە ساڵی ١٩٧٨دا، هێندە نەبەردو قارەمان بوو، لە ئەنجامی دڵسۆزی‌و کارامەیی کرا بە ئەندامی (کەرتی شەهید کاروان)و لە ماوەی ئەم

ساڵەدا گەلێ چالاکی ڕێکخراوەیی نواندو توانی چەندین ئەندام‌و دۆست‌و لایەنگر ڕێك بخا.

لە ساڵی ١٩٧٩ لەسەر داوای خۆی گوێزرایەوە بۆ شانەیەکی‌تر، کە کاروباری دەستوەشاندن‌و چالاکیی نهێنی گرتە ئەستۆ. لەبەر ئازایەتی‌و لێهاتوویی کرایە لێپرسراوی یەکێ لە مەفرەزەکانی (تۆڵە)و لە چەندین چالاکیی ناوشاردا قارەمانانە بەشداریی کرد. تا مانگی شەشی ساڵی ١٩٨١ لەو شێوە چالاکییانەدا بەردەوام بوو. پاشان بەهۆی ئەوەی، کە مەترسیی زۆر لەسەر ژیانی دروست بوو، دیسان گوازرایەوە بۆ شانەیەکی‌تر بۆ ئەنجام دانی کاری سیاسی.

لە مانگی چواری ساڵی ١٩٨٤دا، عەبدولڕەحمان، پاش ئەوەی لەلایەن دوژمنەوە دەستنیشان کرا، ناچار لە نێو شاری سلێمانی‌دا بە نهێنی مایەوەو لە شوێن‌و جێگای نهێنیدا خۆی حەشاردا. لە مانگی هەشتی ئەو ساڵەشدا نێو شاری سلێمانی‌ی بەجێهێشت‌و ڕووی کردە شاخ‌و پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد. لە شاخدا لەبەر لێهاتوویی‌و ئازایەتی، هەر زوو بەزوو توانی جێگەی خۆی لە نێو ریزەکانی پێشمەرگەدا بکاتەوە. دوای ماوەیەك کرایە جێگری فەرماندەی کەرت لە سنووری مەڵبەندی یەك.

شەهید عەبدولڕەحمان، کە لە شاخ بوو، ڕۆژانە بیری لەوە دەکردەوە لەگەڵ هاوڕێکانی چۆن بێنە نێو شارو دەست لە دوژمن بوەشێنن.

ئەوەبوو، لە مانگی یانزەی ساڵی ١٩٨٢ بۆ ئەنجامدانی چالاکیەك لە نێو شاری سلێمانی، لەگەڵ هاورێ (مەلا باپز) دابەزینە نێو شار، لە بەردەم مزگەوتی (عەبدەللاّ لوتفی) رووبەرووی شەرێکی دەستەویەخە بوون. لە ئەنجامدا (مەلا بایز) شەهید بووو (عەبدورەحمان) بە سەختی برینداربوو. تەرمەکەی (مەلا بایز) دەست (مولازم موحسین) کەوت.

عەبدولرەحمان هەر بەو برینە سەختەوە توانی دوو لە سیخورەکانی دوژمن بپێکێو کەلاکیان بخا.

ماوەیەکی کەم، دوای ئەم رووداوە، عەبدولرەحمان کرا بە فەرماندەی (کەرتی شەهید مەلا بایز).

لە ساڵی ١٩٨٣دا لە شەرێکی دەستەویەخەدا لەگەڵ جاش‌و ئیستخباراتدا لە قرگە (قرگە) لە (سلێمانی)دا روویدا، لەو شەرەدا عەبدولرەحمانی کورم جێگری فەرماندەی تیپ بوو. ئەو شەرە بەهۆی شەهیدبوونی (١٨) پێشمەرگە بە رێکەوت. بەلاّم (عەبدولرەحمان‌و خولەی حمە جان‌و ئەرسەلان) رزگاریان بوو.

لە ساڵی ١٩٨٥، پاش چەند چالاکیەکی‌تر بە رێك‌و پێکی‌و پەیرەوکردنی یاسای پێشمەرگایەتی‌و بەشداریکردنی قارەمانانەو هەڵکەوتووانەی لە شەری (کورەداوێ)دا، کرا بە جێگری سەرتیپی ٤٧ ی پیرەمەگروون.

ساڵی ١٩٨٦، لە دوا رۆژەکانی یەکەمین مانگی ئەم ساڵەدا، لە شەوی ٢٦ لەسەر ٢٧ی مانگی یەکدا، لەگەڵ دەستەیەك لە هاورێکانی چووە نێو

شاری سلێمانیو پاش ئەوەی دەستی کاریگەری خۆیان وەشاند، گوللەی دوژمنی بەرکەوتو شەهید بوو. هاورێکانی هەر ئەو شەوە تەرمە پیرۆزەکەیان بەجێ نەهێشت تا بەردەستی چەپەڵی دووژمن بکەویو لەگەڵ خۆیاندا بردیان لە گۆڕستانی شەهیداندا لە گوندی (مالومە) بە خاکیان سپارد.

(عەبدولرەحمان) لە چەندین شەڕی جۆراوجۆریتردا بەشداریی کرد. بێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندیی خۆی بکاتەوە، هەرگیز حسابی بۆ دوژمنو تواناو دەسەڵاتی نەدەکرد، زۆر حورمەتی منی دەگرتو زۆر ڕێزی لێدەگرتم. بەڵام نەمدەتوانی قەناعەتی پێبکەم، کە دابنیشێ. هەرچەند پێم دەگوت خۆت بپارێزە، بەڵام ئەو شەهیدیی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. ئەگەر بمایە چاوەڕوانی زۆر شتی چاکی لێدەکرا بۆ میللەتەکەمان.

٣٣ بەهار

شیعری: محمەد حەمە باقی

(بەبۆنەی چلەی ماتەمینیی هاوڕێی شەهیدم کاکە عبدولڕەحمان ی حەمەی فەرەج)

(١٩٨٦/٢/٢٧ مێوڵاکە)

١

ئەگەر ویستتان یادم بکەن،
سووك دەستبەرن، پەنجەرەی زامی دڵەکەم بکەنەوە،
ئەلبوومێکی بیرەوەریی منی تیایە،
مێژوویەکەو پڕ لە ڕووداو،
وەکو مێژووی نیشتمانەکەی خۆم وایە.
لە جیاتیی خۆم، سەیری ئەوکەن،
گەلێ یادگاریی تیایە.

٢

یەكەم پەڕەی: وێنەی منە لە هەشت ساڵما،

لەگەڵ باوكمام.

دەستی گرتووم بەناو گوڵزارو درەختی - باخی میر- دا ئەمگەڕێنێ.

لە چاوی - باخی میر- ەوە

هەستی خۆشویستیی جوانیی و

هەستی خۆشویستیی جوانیی كوردستانم ئەوروژێنێ..

- باخی میر- یش كچۆڵەیەكی جل سەوزی قەزوانی‌یە

تا دڵ حەز كات.

جوانێكە نوقمی جوانی‌یە..

ئیتر هەر لەو رۆژانەوە.. هەتا ئێستەش

منو - باخی میر- ی نازدار

بووین بە هاوڕێی گیانی بەگیانی، تا ببورن، بووین بە دڵدار.

لەو رۆژەوە عەشقی منالیی ئەو باخە

لەگەڵ گەورەبوونی خۆما،

وەكو سەرم،

وەكو دڵم،

وەك هەموو ئەندامی لەشم،

هەتا دێ گەورەتر ئەبێ و توندتر ئەیگرمە باوەشم.
لە ئاوێنەی رەنگاوڕەنگی ئەو باخەوە
درەخت و گوڵ و باڵندەی گەرمیان و کوێستانم خۆش ویست.
هەر لە چاوی ئەو باخەوە هەموو کوردستانم خۆش ویست.

٣

دووەم پەڕەی: وێنەی منە لە تەمەنی یانزە دوانزە ساڵانیما
بە تەنیام، وام لەناو سووتووی دارو بەردی،
باخە سووتاوەکەی میرا،
لە پاڵ کۆتە دارێکی لەش هەڵقرچاوی دڵگیرا..
کز دانیشتووم. نامەیەکم لە دەستدایە.
نامەی باوکم،
بۆی نووسیوم
کوڕە جوانە قژ زەردەکەم.
بەندی جگەرو هەناوم
کارژۆڵەی لە پاش جێماوم،
کە دیم هەژدیهای داگیرکەر
دەروونی پڕ لە ئاگرە،

ئاگری شەڕ..

دەستم دایە تفەنگێك‌و رووم كردە شاخ

تا نەهێلێن بسوتێنن بزەی منداڵ‌و گوڵەباخ.

٤

سێیەم پەڕەی: وێنەی منە، تەمەن هەر پانزە ساڵانم.

لەگەڵ باوكم‌و هاوڕێكانیا راوەستاوم.

یەكە مجارمە، ئاوا قیت‌و قۆزو وریا

جامانە توند ببەستمەوەو تفەنگیش بكەمە شانم.

٥

چوارەم پەڕەو پێنجەم‌و، هەتا سی‌و سێیەم

ئیتر هەموو وێنەی منن، لە هەمووشیانا پێشمەرگەم

وێنەكانم هی نەبەردی قەرەداخ‌و شارەزوورو گەرووی بێشی‌و

سەرتیزو ناو شارەكانە.

لەهەمووشیانا، لە ریزی سەنگەری پێشەوەم.

٦

ئەو وێنانە. وێنەیەکیان هی - سەرتیزە -
جوان سەیری کەن، لەسەرمەوە تا بەری پێم، هەمووی سوورە.
ورد ببنەوە، ئەوە سورایی‌ی زامێکی جەستەی خۆم بوو
دڵۆپە خوێناویەکان یەك یەك لەسەر پێستم
بوونەتە گوڵاڵە سوورە.

٧

سەیری لاپەڕەی سی و سێ کەن، وێنەی دار تەلێکی گەشە،
لە - تووی مەلیك -
پە پولەیەك بە چوار دەوریا ئەخولێتەوە...
ئەو چرایە کوردستانە و،
ئەو پە پولەیەش هەر منم

٨

دوا وێنەی سەر بەرگی دواوە
وێنەی منە بە شەهیدی،
لەگەڵ هەموو شەهیدانا رێك بە پێوە راوەستاوین،

ئەم زەمینە گەورەیەمان
لەسەر پشتو سەرسەری خۆمان داناوە.
ئێمە ئەو ئەفسانەیەمان پووچ کردەوە،
کە ئەیان ووت:
زەوی لەسەر پشتی ماسیو جووتێ گایە!
ئەو ئەفسانەیە درۆ بوو.
چونکە زەمین، لەسەر سەری شەهیدان راوەستاوە.

٩

کە وێنەکانتان سەیر کرد،
ئەلبوومەکەم لە پەنجەرەی زامی دڵما دانێنەوە.
وێنەی:
سەرتیز و
سەرخێڵ و
سەرهێزی
سێ کوچکەی رۆحم لا جێ بێڵن.
ئەوسا هێمنو لەسەر خۆ،
پەنجەرەکە داخەنەوە.

لە راستەوە: سەرخێڵ، سەرهێز، حەمەی فەرەج، سەرتیز

لە راستەوە بۆ چەپ: سەرهێز، سەرخێڵ، سەرتیز

داستانی هەڵۆی پیرە مەگروون

شیعری: هەڵکەوت

(پێشکەشە بە گیانی هەمیشە زیندووی شەهید عبدولڕحمان محەممد فەرەج، ئەو شێرە نەڕە، کە دواکۆتیان کردە گەردنی، بەڵام نرکەی هەر ئەمێنێ.)

(ڕەشەمێو نەورۆزی ١٩٨٦)

لەقتەی گشتی:

(چاوی کامیرا گەڵایەکی گەشی سەوز ئەبینێ، کە شنە بایەکی هێمن لەنجەی پێ ئەکات. لەگەڵ دوورکەوتنەوەدا پەڵو پۆو لقو گەڵاکان تا سەرتاپای درەختەکە دەرئەکەوێت.)

درەختێکی بەر شیرینو

گەڵا سەوزو پەڵو پۆ سوور.

قنج ڕاوەستاو لەسەر قەدی بەرزو ئەستوور.

فەرشی سێبەرێکی گەورەی

بە چوار دەوریا ڕاخستووە.

سەر تۆپەکانی گۆنایان

بە رووی خۆردا هەڵخستووە.

پەیتا.. پەیتا

زریانێکی شێت و تووڕە خۆی لێ ئەدا.

چەند لەشکری تووڕەبوونی تەیار ئەکاو بە گژیا دێ،

هەر بەرهەڵستی ئەکات و

خۆی لەبەریدا رائەگرێ.

هەر درەختێ

بە دەمارو رەگی سەوزی خۆشەویستیی

پێی لە زەوی داکوتابێ،

گیانی کرمەڕێز نەبێت و

چرۆی گەش و نوێی لێی دابێ،

چۆن بە هاشەو گڤەی زریان بەلادا دێ؟

لەقتەی نزیک:

(چاوی کامیرا بەسەر چەند لادێیەکی بێ نازو دەیان خەڵکی رەنجدەرو لاپاڵ و دوندو رەوەزی پیرەمەگروون دا ئەگەڕێ، تا لەسەر هەڵۆ ئەگیرسێتەوە.)

لاوێکی باڵا قەشەنگ و پۆڵاو

مووزەردو سوور.

وریاو وەکی تریش هێمن،

چاو ئەگێڕێ بەرو دواو.. نزیک‌و دوور.

چەند مەخزەنی بەقەدەوەو،

تفەنگ لەشان

قاڵ بوو، کارامەو، پارتیزان.

وەك سەرقەتار

پۆلێ پێشمەرگەی (پیرەخەو) لە چاو تۆرا و

بەدوایەوە.. ئەڕواو ئەڕوا.

جێ پێکانی ئەو ڕێو بانە

گوڵڕێژ ئەکا.

ئەڕواو ئەڕوا...

پڕ بە پڕی سیەکانی

شنەی دۆڵی رووت هەڵئەمژێ‌و

سلاوی هەڵۆ نوستووەکان..

ئەگەیەنێ بە حەزرەتی - مامەیارە - و

ملە یاقوتێ ئەکاتە

گەردنی بۆ خۆر بلند بووی کچی - سەیوان -.

لەقتەی سلۆمۆشن:

شار.. بوکێکی سەرو کڵاو شێوێنراوە.
سێوە لاسوورەی ڕوومەتی
بە ماچی تاڵ ڕوشێنراوە
شەللاتیەکانی تکریتی.. نوقم بووەکانی بێ ناموسی و،
دەڵالەکانی بازاڕی ساختەچێتی،
ئەوانەی دایکیان شاژنی تیاترۆخانەو،
باوکیان پارە وەرگرێتی.
کلافەی پرچی داهاتووی هەڵئەکێشن و،
هەمووی تاڵ... تاڵ
ئەکەن بە قەیتانی پۆستاڵ.

(لێرەوە چاوی کامیرا ئەچێتە سەر بووکێکی هەش بەسەر، کە لە ڕوخسارو سەرتاپای باڵایدا جێ پەنجەی تاوان دیارە، کزۆڵ کزۆڵ دانیشتووەو ئەژنۆی گرتۆتە ئامێزی.)

بوکێ چاوی خوێن ئەڕێژێ،
ڕووی لە کلاوی زیوینی
بان سەری پیرەمەگروونەو

لەو لووتکەوە شنەی هیوا هەڵئەمژێ.
فرمێسك پۆلێ کۆتری سپی دەنووك سوورن
بەسەر گومەزی کوڵمەوە ئەگمێنن..
ئەم سرووده نوێیه ئەڵێن:
ئێمە کێین و.. ئەوانیش کێن..؟
ئێمە ئاڵتونی کانێکی لە مێژینەی ئەم دنیایەین
ژەنگی هەموو.. سەدەو چەرخەکا نمان دیوە.
چەند فەرهەنگی ووشەی رزیو
وەکو لەشکری هۆلاکۆ هاتووە بۆمان
پەڕە پەڕەیمان دڕیوە.
وەکو خاڵی لاملی کەو
وەك چاوی بەیبون و مێخەك،
جوانی خۆمان پاراستوە.
وەك چیاو دۆڵ.
وەك دەوەن و گوێزو بەڕوو،
وەك پێشمەرگە.. ناوی خۆمان نەگۆڕیوە.

(لێرەوە هێدی هێدی دیمەنەکە دوور ئەکەوێتەوە، تا وردە وردە ئەبێتە تۆپی مانگێکی هەڵواسراو بە ئاسمانەوە.)

ئەوانیش خلتەی شەرابی بێ ویژدانیو،

ئەڵقەی تەڵەی نائینسانین.

هەردەم بە چاوی چنۆکو،

چنگی وێزو،

شەقاوی دڕندانەوە..

هاتوون بە پیر داواکانمانەوە

نامانەوێن.

(چاوی کامیرا ئەچێتە سەر شار، بە کۆڵانو شەقاموماڵەکاندا ئەگەڕێ. هاوکات لەگەڵ ئەو گەڕانە هێمنەدا ئەم دەنگە ئەبیسترێ.)

وەرە ڕۆڵە...

سەری کاسم ڕاوەشێنە..

بە تیشکی گوللەی گڕدارت

چاوی گلۆپی بێ نووزەی ماڵەکانم.. داگیرسێنە.

وەرە ڕۆڵە..

گێژەنەی دەرگای داخراوم بکەرەوە.

وەڵامی ئازاو مەردانەی
تاوانەکان بدەرەوە.
وەرەو رستێ پشکۆ بێنە
بۆ سەر لێوی لە تینوا هەڵپرووکاوم.
پەنجەت بێنەو بیکە بە شانەی پەرچەمی ئاڵۆزکاوم.
بیکە بە قرپەو برێشکە...
بەبێ دەنگی گوێم کەڕ نەبێ‌و
بە خوێن ئەکرێ
ئارایشتی دەم‌و چاوم.

(جادەی - توی مەلیك - سەرنجی چاوی کامیرا رائەکێشێ. هەموو شتێ رقی تۆڵە سەندنەوەی لێ ئەبارێ‌و تەنانەت قوتابخانەی - ئاشتی- یش شەڕ ئەفرۆشێ.)

چەك وەك ئەمان، ئەمانیش وەك چەك، لەسەر پێ.
لەسەرسووچی کۆڵانێکا بە گوێی یەکدا ئەچرپێنن.
برێ جەندرمەی بێ یاساش
لەو سەرەوە. بە نووکە رِم
نەخشی تاجە ئاڵتونیەکەی.. سەری - مەلیك - ئەڕوشێنن.

تەقە هەڵسا..

بوو بە شەڕی دەستە و یەخەو،

چرای ناخی شار داگیرسا.

ئەمان شێری لەلان دەرچووی

دەم بە دروشمی ئەبەزین.

ئەوانیش دەستەیەك سەگی

کلك شۆڕی دەم بە وەڕین.

گوللە ئەهات.. گوللە ئەچوو

تا یەکێکیان هەڵۆی پێکاو،

سەری سنگی بە خوێن سوور بوو.

گوللە باران خۆشی ئەکرد

تا لمۆزی ئەوان شکاو، بۆی دەرباز بوون.

ئەمانیش تەرمی هەڵۆیان.. گەڕانەوە بۆ ئامێزی پیرەمەگرون.

لەفتەی نزیك:

دوێنێ شەو - سەرتیز - خەوی دی"

لە خەویدا

پیرەمەگروون تاشێك لەشانی کەوتە خوار!

وەك کانیەکی چاو قژراڵی ئەم کوێستانە
چۆن دیاری دەستی نابەکار،
هەموو رۆژێ لێڵی ئەکا.
ئاوا خەوە پەمەیی یەکەی. رەنگی گۆڕا.
بەیانی، کە لەخەو هەڵسا
چاوەکانی هەڵگوفتو رووی ماتی کردە خۆراوا.
بینی دەستەیەك هەڵۆی چاو گۆمی خوێن.
بە دارمەیتێکی سورەوە
بەرەو مالومەی جەمال دێن

لەهتەی دوور:

دەوروبەر تا چاو هەتەرکا
گوڵباران و چاوو راوە.
ئاشتی کەناری چەمێکی بەهارانەی ئەم خاکەیە
لە گوڵی خەرمانەی داوەو
لە ستەمی باروترپێژی دەستی ناحەز
بەجێ ماوە.
شادی دەریایەکی سپیی راکشاوە،

(خەم) ددانێکی کلۆرو دارزیوی هەڵکێشراوە،

مەگەر هەر لە ناخ و دڵی

ئەوانەدا تۆوی مابێ..

کە خەڵکی ئەم وڵاتەن و بە غەریبی لەو نلوەسەریان هەڵداوە.

(دوای گەڕانێکی خێرا بەناو شاردا چاوی کامێرا ئەچێتە سەر دەرگایەك.)

ئوتێلێکی چەند نهۆمی

بەلەمی سەرسنگی دەریای (لین شۆپینە)و

لە ژوریکا ئەویش دڵتەنگ، لەسەر قەرەوێڵەیەکی.. متیل سپی

بەسەر قاچە ساغەکەیا.. شانی پڕشکۆی داداوە.

چاوە شاراوەکانی ژێر

برۆ رەش و پڕەکانی.

بڕیوەتە پارچە زەویەکی بەردەمی و

لە چەند خشتێکی کاشیدا

ئەم وولاتە سك سوتاوە ئەبینێت و

لەگەڵ تاسانی هەر چەم و جۆبیارێکا،

لەگەڵ سوتانی هەر مێرگ و نزارێکا،

لەگەڵ سڕینەوەی نەخشەی هەر لێوارو کەنارێکا،
لەگەڵ دڕاندنی نامەی پیرۆزی هەر دڵدارێکا،
هەناسەیەکی حەسرەتناك هەڵئەکێشێ.

(ئەم چوار وێنەیەی سەرەوە، پاش ئەوەی یەك لە دوای یەك نیشان ئەدرێن، دوایش تا تەواو بوونی خەیاڵەکە بە مۆنتاژی ئەمێننەوە.)

ئەو پیاوماقوڵە جەربەزەو
سەرو سیما بە هەیبەتە،
لەو وڵاتە غەریبەشدا
دالغەی هەر لای کوردستانە.
هەر چاومڕێی
هەڵمەتێکی شێرانەی - عبدولڕحمان - ە

لەقتەی مام ئاوەندی:

(چاوی کامیرا ئەچێتە سەر ترۆپکی ئاسنگەران و بە هێواشی دێتە خوارەوە تاسەر گۆڕستانەکە.)

نواڵ بە زێواری خۆیا
چاوی لە زێدی هەزاران مەم و زینە

چاوی لە مێرگی قرچۆک و بێ سوتاوو
شاری کوشتن و برینە.
گوڵ نەبینێ..
ژاکاوی دەستی ناحەزانە.
دڵ نەبینێ..
دیل و گوشراو. پەست و رەنجو. پڕ لە ژانە.
چاوی لە ژوانە نەبێتێ،
گڕ لەنامە بەر نەبێت و
بۆ کرپوزی ئاوریشمی ووشە هەڵنەچێ.

***

رەومز خەمی چەندین چەرخی. لە ڕوو دیارە
لا پاڵ شانی لەسەر شانی
لە دوکەڵ رەش داگەڕانێ نسارە.
دەومن بەڕەگی رەشەوەستما نەکاو
بە بەرۆکی نوانەوە
نەخشەی پەنجەی تاوێن دیارە.

***

پێدەشت وەك گوڵ
تەرمی پێشمەرگەی لێ ئەدرێ.
وەیشومەو تۆفی ئەم ومرزە پڕ ئەهاتەی
لەسەر سنگی هەلگرتووەو
لەگەڵ خەمە سەوزەكانی ناخیا ئەدوێ.
چەند گوڵێكی هەڵپرِوكاو
عاشقبەندی سەر بەرۆكن و
موژدە ئەگرن.
موژدە ئەگرن.. بۆ پێشوازی بوكی هەتاو.
***
خەڵكێكی زۆر.. ماتو دڵتەنگ.
پەستو بێ دەنگ راوەستاون.
لە گمی مەنگی كەوتنی ئەو كۆستەدا
سەرا پا نیوە خنكاون.
لەشانەی چاو.. هەنگوینی رێز
ئەبارێنن. بەسەر تەرما
هەناسەی سارد هەڵئەكێشن،
بەسەر كوانوی دڵی گەرما.

هەندێ دەوری تەرمیان داوەو

لەسەر رووومەت میسکی فرمێسك هەڵئەبەستن.

هەندێ خەریکی گۆڕیچەو

هەندێکیشیان پاچو خاکەناز بەدەستن.

ئەرسەلانیش.. وەکو مۆم کز کز ئەسوتێ

رابوردووی تاڵ. پڕ کارەساتی جەرگ بڕ.

وەك فلیمێکی ترازێدی

بە پێش چاویان دێتو ئەچێ.

(شەهیدبوونی مامو گرتنی باوکی لەشارو بریندداربوونی لە دەرەوەدا لەگەڵ چەندجار دەربەدەربوونو دووجار برینداربوونی شەهیدو ئەوساتەش، کە شەهید ئەبێ)

گوللە ئەهات.. گوللە ئەچوو

تا یەکێکیان هەڵۆی پێکاو سەری سنگی بە خوێن سور بوو.

(لەسەر تەرمەکە یەك لەدوای یەك نیشان ئەدرێن.)

گۆڕ تەواو بوو..

مەوجی سوریان، لەسەر تابوتەکە لادا

قەدو باڵا پلینگیەکەی بەدەر کەوتو، لە گۆڕ نرا.

***

کەڵە پیاویٚ کەوتە دوان:

عەتری چەندین رستەی سووری

بەسەر گۆڕو سیمای خەڵکەکەدا پژان.

بەرگی سەوزی ستایشی. بە باڵای پیرۆزی بڕیو

ئەمجا ووتی!

بژی شەهید - عبدالرحمن -.

بەشی سێیەم

ناوی هەندێ لەو کەسانەی هەمیشە لە بیرەوەریمدا دەمێننەوە

خوالێخۆشبوو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد:

ئەم مرۆڤە تێکۆشەرە، کە من لە ساڵی ١٦٣وە لە نزیکەوە ناسیم زیاتر لە (٧٠) ساڵ خەباتی بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان کرد، هەموو کەس دەزانێ چەندە لێهاتوو زاناو دانا بوو. ئەم نەمرە هەموو ژیانی خۆی بۆ خەبات لە پێناو رزگاریی کوردستان بوو.

مامۆستا برایم ئەحمەد رابەرو سیاستمەدارو شاعیرو نووسەرو گەورەپیاوی کورد بوو. جگە لەوە پیاوێکی قسە خۆش‌و رووخۆش‌و بە توانا بوو. لە هەموو بوارەکانی کارکردندا مامۆستای کوردایەتی بوو. هەمیشە لایەنگری ئەو کەسانە بوو، کە خاوەنی کردەوەی باش بوون‌و دژی دزو جەردەو داوێنپیسان بوو.

لە یادمە جارێ لەگەڵ مامۆستا (ئیبراهیم) بووم، لە (مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل) توورە بوو، گوتی: "تۆ پیاوێکی سەیری، ئەگەر بتەوێ لایەنگیری یەکێ بیت، ئەوەندەی بۆ شل دەکەی تا بە هەڵەدا بچێ‌و ئەگەر بتەوێ لە دژی قسە بکەی، ئەوەندەی توند دەکەی هەتا

بیخنکێنی. من پێم خۆشە لە نێوان ئەم دوو ئاکارەدا مام ناوەندی بی."

ئەویش بە دڵی فرەوانەوە وەڵامی دایەوەو گوتی:

"بەڕێز، ئەوەی باسیان کردوە ڕەنگە وا نەبێ، بەڵام هەموو قسەکانی جەنابتم قەبوڵە."

هەروەها هەندێ جار دەچووم بەسەر قسەکانیدا، کە لەگەڵ شەهیدی قارەمانی گەلەکەمان کاك (عومەر دەبابە)دا دەبوو. لە دانیشتنەکاندا لە نێوان خۆیاندا باسی هەندێ شتی جۆراوجۆریان دەکردو هەوڵیان دەدا بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشە، بەڵام نەیاندەویست لەم لاولادا باسی بکەن.

هەندی جار هەڤاڵی بەڕێز (مام جەلال)و شەهیدی نەمر کاك (عەلی عەسکەری)یش لە دانیشتنەکاندا ئامادە دەبوون. ئەوانیش وەکو برایەکی گەورەو سەرکردەی خۆیان گوێیان لێدەگرتو هەوڵیشیان دەدا چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزنەوە.

لە بیرمە مامۆستا (ئیبراهیم)و برادەران قسەیان لەسەر ئەوە دەکرد، کە (محەمەد سەید عەلی) هەندێ شت دەکا بە ناوی کاك (عەلی عەسکەری)یەوە، یان شێخایەتیەوە. بۆ نموونە، دەیانگوت لە ساڵی ١٩٦٧ کۆمەڵێ دەسگیرکران لە نێو (سلێمانی) بە تەقەمەنییەوە. یەکێ لەوانە (شێرکۆی شێخ عەلی سەرگەڵویی) بوو. وایان باس دەکرد، کە ئەوانە

خزمی شەهیدی ئەمر كاك (عەلی عەسكەری)ن. بیرمە كاك (عەلی عەسكەری) گوتی:

"ئەمانە هەموویان لە حورمەتی من كەم دەكەنەوە، من پێش ئەوەی شێخ بم كوردم، ئەمڕۆش ئەندامی سەركردایەتی بزووتنەوەیەكی كوردیمو بەرژەوەندیی خەڵكی كوردستان لەسەرو بەرژەوەندیی شێخایەتیو كەسایەتییەوەیە لەلام.

بیرمە رۆژێكیان لە ساڵی ١٩٦٨، ئەو كاتە سەردەمی (عەبدەلڕەحمان عارف) بوو، لە بارەگاكەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە شەقامی فەلەستین لە بەغدا دانیشتبووم. مامۆستا عەبدولڕەحمان ی زەبیحی یش لای دانیشتبوو. گوێم لێبوو (ئەحمەد حەسەن بەكر) تەلەفونی بۆ كرد. بەڵام ئەو گوتی: "بڵێن لێرە نییە." پاشان پێی گوتین: "دەزانن‌بۆچی تەلەفون دەكا؟ دەیەوێ بەشداری لەو خۆپیشاندانانەدا بكەین، كە سبەینێ بەعسیەكان دژی عەبدولڕەحمان عارف دەیكەن. من بەكرو بەعسیەكان چاك دەناسم، درۆزنو فێڵبازن. پێشتر كە لەسر حوكوم بوون هیچیان بۆ نەكردینو كوردیان تووشی كارەسات كرد. ئێستاش دەیانەوێ كورد بگلێننە دژایەتیەوە لەگەڵ عەبدولڕەحمان عارف.

دیارە چەند رۆژێ دوای ئەو تەلەفونە بەعسیەكان ئینقلابی (١٧ی تەموز)یان كرد.

هەڤاڵی تێکۆشەر مام جەلال:

ئەم سەرکردە لێهاتووە من لە ساڵی ١٩٦١ەوە لە نزیکەوە ناسیومە، هەموو ژیانی خۆی بۆ کورد بە خەرجداوەو بۆ تەنها ساتێ لە کاروانی خەبات‌و تێکۆشان لە پێناو رزگاریی میللەتەکەیدا ماندوونەناسانە بە درێژایی خەباتی چەند ساڵەی بۆ کوردو کوردستان وچان نەداوە. هەمیشە ئەم تێکۆشەرە بە ئاگاو هۆشیارو ئامادەبووە لە ژیانی سیاسیی خەباتیدا، کە رووبەڕووی هەموو گرفتەکان بۆتەوەو سەرکردەیەکی کارامەش بووە لە بوارەکانی سیاسی‌و سەربازی‌و کارگێڕی‌و کۆمەڵایەتیدا. سەرەڕای ئەو هەموو رەوشە نالەبارەی، کە رووبەڕووی میللەتی ئێمە بۆتەوە، ئەم سەرکردەیە توانیویەتی گەلی کورد بگەیەنێتە قۆناغێکی پێشکەوتوو.

مام جەلال پیاوێکی دەست پاك‌و داوێن پاکە. لە رۆژی لێقەوماندا خۆڕاگرە. پیاوێکی زاناو نوسەرو زمانزانە. وەك باری عەسکەریش هەموو مەرجێکی ئازایەتی تیدایەو لەبارەی سیاسیەوە زۆر بەتوانایە.

بەڵام لاکەی تری کەهات بەسەریا زۆر تووڕەیە، و بەرامبەر بە خەڵکە هیلاکەکە وەك پێویست گوێیان لێ ناگرێ، و هەندێ جار مەجالی خەڵکی بێ تواناو ناشایستە دەدات‌و لە ناو خەڵکدا ڕێزیان بۆ دادەنێت ئەمەش بۆتە هۆی نیگەرانی خەڵك.

عومەر مستەفا دەبابە (کاکی کاکان)

لە پێشدا لە ساڵەکانی ١٩٥٥ – ١٩٥٦ لە دوورەوە ناسیم. ئەو ساڵە بوو، کە تازە دەرچووی کۆلێژی یاسا بوو، پیاوێکی تێکۆشەرو خاکیو لەخۆبوردووو نیشتمانپەروەر بوو.

بیرمە زەوییەکی لە (تۆفیق قەزاز) لە (سەراوی سوبحان ئاغا)دا بە کرێ گرتبوو. لە گوندی (سۆیلەمیش)ەوە لە لای (کۆیە)وە چەند جوتیارێکی هێنابوو بۆ کاری کشتوکاڵیو وەرزێری، بۆ ئەوەی توتنو پەمو لە ناوچەکەدا بچێنن. لە کاتی پێویستیشدا کاری دادوەریی دەکرد بۆ جوتیارەکان دەکرد بە بێ بەرامبەر. یەکێ لەو جوتیارانەی ناوی (سمایل) بوو. کاکی کاکان ئەو کاتە جێبێکی ئەمریکیی مۆدێل ٥١ ی پێبوو لێیدەخوڕی. زۆر جار هاتووچۆی هەڵەبجەی دەکرد. هەرچەند دەمبینی چەند جوتیارێکی لەگەڵدا بوو، جلی کوردیی لەبەر دەکردو دەمانچەو تفەنگێ برنەوی کولی پێبوو. هەڵبەتە ئەو دەمە خەڵکی دەیانتوانی بە مۆڵەتی رەسمیی دەوڵەت چەك هەڵبگرن.

پیاوێکی لێهاتووو قۆز بوو، بەڕاستی پیاوێکی هەڵکەوتووو قارەمان بوو، ئێمە زۆرمان پێخۆش بوو، کە لێی نزیك بینەوەو بیناسین، خەڵکی زۆر بە باشە باسیان دەکرد، کە زۆر نیشتمانپەروەرە. خەڵکی هەڵەبجەو شارەزوور زۆر رێزیان لێدەگرت. ئەوانەی کە دەیانناسی باسی ئەوەیان دەکرد ئەگەر جوتیارێ غەدری لێ بکرێ بە بێ موقابل دیفاعی لێدەکا.

ئەو کاتەش خەڵکی پرسیاریان دەکرد چۆن دەتوانێ بە ئاشکرا دەمانچەو تفەنگ هەڵگرێ؟ دەیانگوت بە ئیجازەی حکومەت. بەراستی لە نێو خەڵکی هەڵەبجەدا هێندە خۆشەویست بوو، کە بهاتایە، خەڵکی دەچوونە سەر جادە بۆ تەماشاکردنی.

پاشان، ئەوە بوو لە ساڵەکانی دوای (شۆڕشی ١٤ گەلاوێژ) لە سەرکردایەتیی (پ.د.ك) ئاشکرا بوو، کە ئەو کاتە لە شۆڕشی ئەیلوول دا ئەو ئەندامی (م.س) بوو. لە ساڵی ١٩٦٣دا فەرماندەی هێز بوو. ئێمەش وردە وردە لە نزیکەوە ئاشنای بووین. ئەو کاتە من زیاتر ناسیمو تێکەڵاویەکی باشم لەگەڵی هەبوو. لە ساڵەکانی ٦٦ و ٦٧ دا چەند جەولەیەکمان بەیەکەوە کرد بۆ ناوچەی سورداش‌و قەرەداغ.

بەڕاستی ئەوەندەی من ناسیومە بە درێژایی ئەم شۆڕشە هەر خاوەنی هەڵوێست بووە بەرامبەر بە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، بێ بیرکردنەوە لە بەرژەوەندیی ماددی‌و تایبەتی خۆی. ئەوەندەی منیش بزانم خاوەنی (٥٠) مەتر زەویی نەبوو، چ لە کوردستان‌و چ لە دەرەوەی کوردستان. ئەوە بوو، دوای هەرەس بە ناچاری چووە (لەندەن) بۆ چارەسەری نەخۆشی، بەڵام هەر بەردەوام بوو لە خەبات‌و تێکۆشان بۆ کوردو کوردستان، بگرە لە ئەوروپا کارو چالاکییە شۆڕشگێڕییەکانی زیادی کرد. هەتا ساڵی ١٩٩١، دوای ڕاپەڕین، گەڕایەوە بۆ کوردستان‌و ئامادەیی خۆی پیشاندا، کە هەرچیی پێ بسپێرن بیکا. بەڕێز (مام

جەلال) ناردی بۆ سوریا بۆ کاری گرنگ، ئەمە جگە لەوەی وەك نوێنەر نێردرا بۆ چەند شوێنێکی دیکە، هەر چەندە تەندروستی تەواو نەبوو، پێویستی بە چارەسەرو پشوو هەبوو، بەلاّم کۆڵی نەدەدا لە کارو خەبات لە پێناوی خەڵکی کوردستان. ئەوە بوو، لە کۆنگرەی یەکەمی (ی.ن.ك)، لە بەهاری ١٩٩٢دا، کە لە گەرمەی ئیش‌و کارەکانی کۆنگرەدا بوو گیانی سپاردو گەیشتە ریزی شەهیدانی کوردستان.

ساڵی ١٩٧٦ خوالێخۆشبوو (عومەر دەبابە)، کە جیگری بەڕێوەبەری دارستان بوو لە (رومادی). منیش لەگەڵیدا لەوێ بووم. پاشان من گەڕامەوە بۆ سلێمانی‌و دوای یەك مانگ مانەوەم، دووبارە گەڕامەوە بۆ (رومادی) بۆ لای کاك (عومەر دەبابە)و رەوشی (سلێمانی‌و هەڵەبجە)و دەوروبەریم بۆ گێڕایەوە. ئەویش باسی ئەوەی بۆ کردم، کە حکومەتی عیراق داوایان لێکردووە بچێ چاوی بە خوالێخۆشبوو مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)و بەڕێز (مام جەلال) بکەوێ.

کاك (عومەر) بۆی باس کردم، گوتی: "هەرچەند من پێم وتوون ئەوان بەقسەی من ناکەن، بەلاّم هەر ناچاریان کردووم بڕۆم."

حیلمی عەلی شەریف:

ساڵی ١٩٦١ کاک حیلمی عەلی شەریف م ناسی. پیاوێکی تێکۆشەرو ئازاو نووسەرو نیشتمانپەروەر بوو. بیرمە ساڵی ١٩٦٢ بە نهێنی لە ناوچەی سەرتەك‌و بەمۆوە هاتە هەڵەبجەو چووە ماڵی (غەفور شەریف). دانیشتین‌و گفتوگۆمان کردو ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی ڕۆژی دوایی بێتە زەڵەکی‌و لەگەڵ هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو شێخ حەمەئەمین‌و شێخ سەعیدی موفتی لەسەر بارودۆخی ناوچەکە قسە بکەین. بۆ ڕۆژی دوایی کاک حیلمی هاتە (زەڵەکی)[4]. چەند کەسێکی لەگەڵدا بوو. لەوانە (مەحمود بەگی وەسمان بەگی شێرە بەیانی)، خەڵکی لای سەرتەك‌و بەمۆ بوو. هەروەها (عەبدولرەحمانی زەلکە)و (سابیری کوێخا محەمەدی شمشێر کوڵ)و (کاکەی میللەت)و (حسێنی حاجی محەمەد)و (حسێنی غولام). دووشەو لەوێدا ماینەوە. ڕۆژی دوایی لە شەڕی زەڵەکی پێکەوە بووین. کاک حیلمی لەو شەڕەدا بە سەختی برندار بوو. بە ڕاستی کاک حیلمی پیاوێکی بە هیمەت‌و ئازاو لێهاتوو بوو.

لە بەهاری ساڵی ١٩٦٤، لە سەرەتای شەڕی براکوژیدا لەگەڵ کاک حیلمی بووم لە ناوچەی سەرتەك‌و بەمۆ لە نزیی هۆرێن‌و شێخان. جارێکیتریش برینداربوو.

---

[4] دێی زەڵەکی پێکهاتبوو لە دوو ماڵ‌و دوو باخ، کەوتبووە نێوان عەبابەیلێ‌و دۆڵەمەڕ.

ئەو کاتانەی لە بەغدا دەژیا، ئەوەندەی من بزانم چەند جارێ بە نهێنی هاتەوە سلێمانیو چاوی بە هەڤاڵ مام جەلال کەوت. بڕیاری دابوو بگەرێتەوە کوردستانی ئازاد، بەڵام مردن بواری نەدا. کە گەرایەوە بەغدا کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا عەبدولڕەحمانی زەبیحی (عولەما):

تێکۆشەرو سیاسەتمەدارو خۆشەویستی خەڵکی کوردستانی ئێران‌و عیراق مامۆستای نەمر (عەبدورەحمان زەبیحی)، هەر چۆنێ باسی بکەی رەنگە هێشتا کەم بێ. ئەم پیاوە زۆر تێکۆشەرو خەمخۆری خەڵکی کوردستان بوو، بێ ئەوەی هیچ سەرمایەیەکی هەبێ، یان بیر لە هیچ شتێ بکاتەوە، بۆ خۆشی‌و خۆشگوزەرانی‌و ژیانی تایبەتی خۆی. ئەم پیاوە ناودارە نووسەرێکی ناسراوی کورد بوو، چەندەها کتێب‌و نووسین‌و شاکاری فەرهەنگی‌و زمانی لەپاش بەجێماوە.

لە کۆماری مەهاباددا بەشدار بووە. بەڵام ئەوکاتەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو لە پارتی، من لە مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٦٦دا ناسیم.هەروەها لێپرسراوی داراییش بوو. دینارێکی زیادەی بۆ کەس سەرف نەدەکرد، تەنانەت بۆ خۆیشی. ئەو جل‌و بەرگەی لەبەریدا بوو، زۆر شڕ بوو، دەیشت‌و لەبەریدەکردەوە. لەبەر ئەوە مەکتەبی سیاسی رێگەیان پێدا دەستێ جلی نوێ بکڕێ لە پارەی حیزب. ئەویش چوو لە

فەردە دەستێکی کڕیو لەبەری کرد. شوێنی دیاری نەبوو، کەس نەیدەزانی لەکوێ دەژی. خۆی زۆر دەپاراست. دوای پانزەی ئازار، ئێمە وەك (پارتی شۆڕشگێڕانی کوردستان) چووینە بارەگای بارزانیو تەنها ئەو نەهات. هەرچەندە رەحمەتی بارزانی داوایکرد، بەڵام ئەو نەچوو. هەر پێی خۆش نەبوو بچێ لەوێ بمێنێتەوە. چەندین جار برادەران پێیان دەگوت بۆ ئەو مەبەستە. هەرچەند ئەم پیاوە دژی ڕێکەوتنەکە نەبوو، بەڵکو زۆری پێخۆش بووو هانی هەموو لایەکی دەدا، کە دەبێ هەوڵ بدەین ڕێك بکەوین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە دووپاتی دەکردەوەو دەیگوت:

"من باوەڕم بەوە نی‌یە حکومەتی عیراق هیچ بۆ گەلی کورد بکا، بەڵام تا چەندە ڕێكو تەبابین لە نێوانی خۆماندا، ئەوا کاریگەریی تەواومان دەبێ لەسەر دوژمن."

لەم بارەیەوە زۆر قسەی باشی دەکرد. ئەوە بوو ئاشتبوونەوەکەی نێوان ئێمەو پارتی ڕۆڵێکی باشی هەبوو بۆ نێو خۆمانو تێکەڵبوونەوەمان.

ساڵی ١٩٧٦ ڕژێمی بەغدا داوایان لێکرد بە نهێنی بچێتەوە بۆ ئێرانو حزبێکی کوردی دروست بکاو بە یارمەتیو پشتیوانیی ڕژێمی بەغدا شۆڕشێکی چەکداری دژی ڕژێمی حەمە رەزا شا بەرپا بکا. ئەویش پەیوەندیی کرد بە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو مام جەلال دەوەو رەزامەندیەی وەرگرتن. دوای گەڕانەوەی مام جەلال لە سوریاوە بۆ

كوردستان له ساڵی ١٩٧٧، مامۆستا زەبیحی دەست بەكار بوو بۆ ئەو مەبەستەو پەیوەندیی بە حامیدی تاهیر بەگو نوری غەفار بەگو مستەفا یەناخیو حەمە تاهیر بەگ ەە كرد. ئەوەی من ئاگادارم، مامۆستا زەبیحی خۆی بۆی گێڕامەوە، كە دوو جار لەو چەكو تەقەمەنییانەی لە رژێمی بەغدای وەرگرتبوو، نیوەی دابوو بە (ی.ن.ك).

له ساڵی ١٩٧٦و ١٩٧٧، كە دەهاتە سلێمانی سەردانی دەكردم.

هەروەها دەمەوێ ئەم شاهیدیەش بۆ ئەم تێكۆشەرو رووناكبیرە بدەم، كە لە شەڕی (ئێران ـ عیراق)دا حكومەتی عیراق فشاری لەسەر دانابوو بۆ ئەوەی هەوڵ بدا لە كوردەكانی (ئێرانو عیراق) هێزێ دروست بكا بە ناوی كوردستانی ئێرانەوە، ئەویش پێشنیازو داواكەی دواخستبوو بۆ ئەوەی بۆچوونو باری سەرنجی خوالێخۆشبوو مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)و كاك (عومەر دەبابە)و بەڕێز (مام جەلال) وەربگرێ، بۆ ئەوەی بزانێ، كە ئەوان رایان چییە لەسەر ئەم داوایەی حكومەتی عیراق؟ من ئاگام لێیە ئەمانیش پێیان راگەیاندبوو، كە زۆر چاكەو بەڵكو لەو بوارەشدا بتوانی هەندێ لە مافەكانی خەڵكی كوردستان جێبەجێ بكەین، هەروەها بتوانین كوردی ئێرانو عیراق پێكەوە رێكبخەین، ئێمەش لەمەدا پشتگیریت لێدەكەین. وەكو شۆڕشی نوێ، مامۆستای نەمر (عەبدوڕەحمان زەبیحی) جارێكیتر لەگەڵ بەرپرسانی

حکومەتی عیراقدا چاویان کەوتبوو بەیەك، هەندێ مەرج و پێش وەختی بۆ دانان، کە بەو شێوەیە کاریان لەگەڵدا دەکا، ئەوانیش وەڵامیان دابووەوە، کە هەموو ئەو شتانەمان قبوڵە. مامۆستای نەمر دەستی کرد بە ئیش و کارکردن لەگەڵیانداو کۆمەڵێ پێویستیشیان بۆ دابین کرد، پاشان مامۆستا گەشتێکی کرد بۆ ناو ئێران و لەگەڵ چەند کەسێکدا لە دیوی ئێران وەك (حامیدی حمە تایەر بەگ)و مستەفا ئێناخی)و چەند کەسێکیتر هەندێ ڕێکخستن و (تشکیلات)ی کرد لە ناو کوردەکانی ئێراندا بە نهێنی، چەند شانەیەکی چەکداری دروست کرد بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەن بە خەڵکە چاك و جوامێرەکانەوە.

پاشان مامۆستای نەمر بۆ کوردستانی عیراق گەڕایەوە.

پیاوێ بەناوی (مەلا عەلی)ەوە هەبوو، ئێرانی بوو، چاودێر بوو لە دەزگای (ڕێگاو پرد)، هاتە لام ئەو کاتە لە نوسینگەکەی خۆمدا من خەریکی (بەڵێندەری) بووم، پێی گوتم:

"پێم خۆشە بە تەنها بتبینم هەندێ قسەم هەیە لەگەڵتدا."

منیش پێم خۆش بوو، دوای نیو کاتژمێر چووینەوە بۆ ماڵی خۆمان و دانیشتین.

گوتی: "مامۆستا (عەبدوڕەحمان زەبیحی) لە ماڵی ئێمەیەو دەڵێ پێم خۆشە چاوم بە کاکە حەمە بکەوێ." منیش پێم گوت: "بێم بۆ ماڵی ئێوە، یان بنێرم بەدوایدا بێ بۆ ئێرە؟" لەوە دەچوو مەلا عەلی بترسێ

لەوەی، کە من بچم بۆ ماڵی ئەوان. منیش (عەبدوڕەحمان)ی کوڕم نارد بە دوایداو هات بۆ ماڵی خۆمان. پاشان جێگەیەکی ئەمینمان بۆ دابین کرد، چونکە لەوە دەچوو ئەویش پێی خۆش نەبێ کەس بیبینێو بزانێ هاتووچۆی من دەکا.

مامۆستا هات بۆ ماڵی ئێمەو زۆر ڕێزو ئیحتراممان لێگرت.

گوتی: "با کەس نەزانێ، کە هاتووم بۆ ئێرە، چونکە بۆ منو تۆ باش نییە." منیش ئەوکاتە لەژێرچاودێریی ئاسایشدا بووم، بەڵام ئەو زۆر گرنگیی بە پاراستنی خۆیو دۆستەکانی دەدا.

لەگەڵ مامۆستای خوالێخۆشبوو زۆر قسەمان کرد، باسی ئەوەی بۆ کردم کەوا ئەو پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ بەڕێز (مام جەلال)دا هەیەو بە ڕەزامەندیی ئەوو برادەران ئەم کارەی کردوەو بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان ئەمەی کردوە. زۆر شتیتریشی بۆ باس کردم، کە لە دیوی کوردستانی ئێران سەرگەرمە پێوەی.

پێشی گوتم:

"بەیانی زوو دەڕۆم بۆ (بەغدا)و بە (عەبدوڕەحمان)ی کوڕت بڵێ پێش ئەوەی دنیا ڕووناك بێتەوە بمگەیەنێتە گەراجی (بەغدا)."

منیش (عەبدوڕحمان)م ئاگادار کرد کاتژمێر (٥)ی بەیانی مامۆستا ببا بۆ گەراج.

خوا حافیزیمان لەیەك کردو لەدوایشدا گوتی:

"با ئاگامان لەیەك بێ."

منیش پێم گوت:

"زۆرم پێخۆشە هەر کارێکیش بە من بکرێ ئامادەم بۆ ئەنجامدانی."

(عەبدوڕەحمان) بردی بۆ گەراجی (بەغدا)و پێی گوتبوو نەچیتە ناو گەراج خۆی بەپێ دەچێ بۆ ئەوەی کەس (عەبدولڕەحمان) نەبینێ.

(عەبدوڕەحمان) گەڕایەوەو بۆی باس کردم، گوتی:

"لە کۆڵانێکدا دامبەزاند لە نزیك گەراجەکەوەو خۆی بە پێ ڕۆیشت."

دوای ماوەیەك (مەلا عەلی)، کە دۆستێکی نزیکی خۆی بوو، لە شۆڕشی مەهابادیشدا ڕۆڵی گرنگی هەبوو، ئاشنای مامۆستا (زەبیحی) بوو، پێی گوتم: "مامۆستا هاتۆتەوەو ڕۆیشتووە بەرەو ئێران."

دوای ماوەیەکیتر هاتەوە دیمو باسی بۆ کردم، گوتی:

"لە دیوی ئێران خەریکی کاری باشم."

هەروەها باسی (مام جەلال) یشی بۆ کردم، حاڵو گوزەرانیان چۆنە، گوتی: "ئێستا من یارمەتیان دەدەم بە چەكو کۆمەڵێ زانیاریو پێداویستیو زۆر شتیتر، مامۆستا لە ئێران گەڕایەوەو ڕۆیشتەوە بۆ (بەغدا)، ئەم جارەش، کە گەڕایەوە چاوم پێکەوتو پێم گوت:

"ئامادەم بۆ کوێ بچیت بە ئۆتۆمبیل بتگەیەنم."

بەڵام ئەو پیاوە زۆر خاوەن ئەزموونو لێهاتوو بوو، پێی گوتم:

"نامهوێ دووچاری گرفتو کێشهتان بکهم، بهڵام لهکاتی پێویستدا، ئهگهر ئیشم ههبوو له رێی (مهلا عهلی)هوه ئاگادارتان دهکهم."

زۆر بهداخهوه ئیتر چاوم پێی نهکهوتهوهو له ناویان برد، سهد رهحمهت له گۆڕهکهی. ئهوهندهی من مامۆستا (عهبدورهحمان زهبیحی)م ناسیبێ، یهکێ بوو له دهستهی بهڕێوهبهرایهتی شۆڕشی مههابادو خهڵکی شاری مههاباد بوو. له بنهماڵهیهکی تێکۆشهرو دیار بوو، ههروهها پیاوێکی زۆر جوامێرو کورد پهروهرو زاناو رۆشنبیرو خهمخۆری خهڵکی کوردستان بوو، بهبێ ئهوهی بیر بکاتهوه له سهروهتو سامان پلهو پایه، ههروهها هیچ گرنگییهکی به پۆستی حیزبیو بهرژهوهندیی تایبهتی خۆی نهدهدا.

خالیدی حاجی فهرهج:

کادرێکی دڵسۆزو لێوهشاوهی کوردایهتی بوو، نهك ههر له ریزی رێکخستن، بهڵکو لهنێو پێشمهرگهشدا دهستێکی باڵای ههبوو بۆ بهرپهرچدانهوهی دوژمنانی رێبازی کوردایهتی. ههروهها ههموو خێزانهکهیان تووشی ئازارو ئهشکهنجهی زۆر بوون. چهندین شههیدیان ههیه، بهڵام بهداخهوه ئهویش به فیتی ناپاکانی بزووتنهوهی کوردایهتی شههید کرا.

کاک شازاد سائب:

لە ساڵی ١٩٦٦ەوە ناسیومە. ئەم پیاوە تێکۆشەرو بەتواناو لێهاتوو بووەو هەر لە تەمەنی لاویدا کراوەتە لێپرسراوی خوێندکاران. ئەو کاتە، کە لە زانکۆی (مستنصریە) بوو لە (بەغدا) زۆر باسی ئەوەی بۆ دەکردم، کە زوو یاسا تەواو بکاو بێتە دەرەوە ببێ بە پێشمەرگە. ئەم تێکۆشەرە زۆر قسە خۆش‌و زۆر لێهاتوو بوو، جێگەی رەزامەندیی خەڵکی کوردستان بوو. تازە کۆلێژی یاسای تەواو کردبوو کرا بە سەرنووسەری گۆڤاری رزگاری، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەرفەتێکی هەبووایە یارمەتیی خەڵکی دەدا بۆ ئیش‌و کاری یاسایی بەبێ بەرامبەر. لە دوای (١١)ی ئازاری ١٩٧٠ یەکەم کەس بوو لەگەڵ هەڤاڵی بەرێز (مام جەلال)دا چوون بۆ وتووێژ بۆ لای جەنابی (مەلا مستەفا) بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی ئێمە لەگەڵ پارتیدا. زۆر لایەنگری ئاشتی‌و یەکبوون بوو. دوای هەرەس، هەمووومان گەڕاینەوە بۆ شاری (سلێمانی). ئەم پیاوە دوو ژووری گرتبوو لە بیناکەی (تۆفیق قەزاز)دا لەگەڵ برای بەرێز کاك (حەمید بڵباس)، کە ئەویش پیاوێکی تێکۆشەرو ماندوونەناس بوو، هەموو کاتەکانی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا ئیش‌و کاری رێکخستنیان لە (سلێمانی) بەرێوە دەبرد، ئێمەش هاتووچۆمان دەکردن. کابرایەکی کەرولاڵی دانابوو بە فەراشی خۆی لە بەر دەرگاو ناوی (سەید) بوو. ئەگەر خەڵکی وەکو ئێمەمانان

بچووینایە بۆ لای کاك (شازاد)، یان کاك (حەمید)، بە ئاماژە دەیگوت لەم دەرگایەوە بچنە ژوورەوە، چونکە میوانی هەیە بۆ ئەوەی نەتانبینن.

دوای بەربوونم لە زیندان لەساڵی ١٩٨٢ دا چوومە دەرەوەو ئیتر من و کاك (شازاد) پەیوەندیمان بەیەکەوە نەما. دوای ئەوەی لە ١٩٨٥/٥/٢٥ بریندار بووم، لە ١٩٨٥/١١/٢٥ گەیشتمە سویدو چەند جارێ پەیوەندیی پێوە کردم، بۆ هەواڵ پرسینم. ئەو کاتە ئەو لە هۆڵەندا بوو. زۆر خەفەتی دەخوارد بەو کارەساتەی بەسەرمدا هاتبوو بە لەدەست دانی قاچی راستم‌و شەهید بوونی (عەبدولرەحمان)ی کوڕم. کاتێ کە لە نەخۆشخانە دەرچووم، داوای لێکردم بچم سەری لێبدەم لە هۆڵەندا، چونکە ئەو کاتە ئەو ئیقامەی وەرنەگرتبوو، نەیدەتوانی بێت بۆ لای من. منیش لە مانگی ١٩٨٥/٧ لەگەڵ برای بەڕێزم کاك (مەحمودی مەلا عزت) چووین بۆ لای بۆ هۆڵەندا، لەوێ دوکانی کەبابخانەی هەبوو، هەفتەیەك لەوێ ماینەوەو سەردانی چەند برادەرێکی تریشمان کرد. ئەم پیاوە نیشتمان پەروەرە سیفەتی وابوو زۆر چاودێری هاوڕێکانی خۆی دەکرد.

هەروەها لە دوای راپەڕین لە ساڵی ١٩٩٢ وەك نوێنەری یەکێتی لە ئەستەمبوڵ دەست بەکار بوو، زۆر کاری باشی دەکردو جێگای دڵخۆشی خەڵکی کوردستان بوو. لە مانگی (٢٠٠١/٤) کرا بە وەزیری کشتوکاڵ.

ئەو هەرچەندە نەیدەویست ببێ بە وەزیر، بەڵام بەهۆی داوای هەڤاڵ (مام جەلال)ەوە قبوڵی کرد. ئەم پیاوە تێکۆشەرە گوێی نەداوەتە دەسەڵات و سەروەت و سامان و هەر باسی ئەوەی دەکرد، کە دەبێ هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین بۆ چارەسەری کێشەی خەڵکی کوردستان بە گوێرەی ئەو توانایەی، کە هەمانە. زۆر بەداخەوە رۆژی ٢٠٠١/٥/٢١ بەکاری رەسمی لە نێوان (سلێمانی)و (رانیە)دا بە کارەساتی ئۆتۆمبیل خۆی و هاورێکەی شەهیدبوون. سەد رەحمەت لە گۆڕی و خوا لێی خۆشبێ.

مامۆستا جەمال عبدول:

لە ساڵەکانی ١٩٦٤دا یەکترمان ناسی. ئەم مرۆڤە هەموو سیفەتێکی نیشتمانپەروەری و وەفاو رەوشتی تێدایە بێ ئەوەی بیر لە دەسەڵات و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بکاتەوە. بەڵکو هەر خەریکی کاری باش و خزمەتکردن بووە بە خەڵکی کوردستان بەبێ جیاوازیی بەرامبەر بە خەڵکە چاکەکە. ئەوەندەی من ئەم پیاوە دەناسم سەروەت و سامانی نییە، بیریشی لەوە نەکردۆتەوە، کە سەروەت و سامان پێکەوە بنێ. وەکو رۆشنبیرێ هەموو کاتەکانی لە پێناوی رزگاری میللەتەکەیدا تەرخانکردووە، بەتایبەتی لە پەروەردەکردنی قوتابیان و بوارەکانی فێرکردن و زانستدا. لە راستیدا قسە زۆرە بیکەین لەسەر ئەم پیاوە

تێكۆشەرەو چەندین پیاوی تر، بەڵام من وا دەزانم ئەم پیاوە زۆر دەوڵەمەندە بە خەباتو تێكۆشانی كوردانەی خۆیو ئەمەش لە هەموو سەرمایەیەك باشترە بۆ پاشەڕۆژی خۆیو بنەماڵەكەی.

لەساڵی ١٩٨٠ لە لایەن رژێمی داگیركەرەوە، پێكەوە لەگەڵ دكتۆر نەوزاد رەفعەتو چەند تێكۆشەرێكیتر زیندانی كران، كە نموونەی خۆڕاگر بوون. بوو بە یەكەم پارزگار لە سلێمانی لە دوای راپەڕین. لە كارەكەیدا سەركەوتوو بوو. گەورەترین كاری دامەزراندنەوەی زانكۆی سلێمانی بوو. لە ساڵەكانی ١٩٩٤و ١٩٩٥ لە گەرمەی ململانێی حیزبەكاندا لە سلێمانی، رۆڵێكی هێمنكەرەوەی گرتگی گێڕا. هەموو لایەكیش گوێیان لێدەگرت.

دكتۆر نەوزاد رەفعەت:

لە ساڵانی پەنجاكانەوە دەیناسم. خەڵكی ناوچەیەكینۆ دەزانم بە بنەماڵە بەڕێزنو باوكی ریش سپیی كاكەییەكان بوو. لە سەرەتای ژیانیەوە خەریكی خەبات بووە بۆ گەلەكەیو لە سەرەتاشەوە لە یەكێتیی قوتابییانی كوردستان ەوە دەستی پێكردووە. هەموو خێزانەكەیان لەگەڵ رێبازی كوردایەتی بوونو تا ئێستاش بەردەوامن لەسەر ئەو رێبازە.

شەهیدی ئەمر عەلی عەسکەری:

بەڕاستی ئەم مرۆڤە قارەمانە، ئەوەندەی من لە نزیکەوە دەمناسی، چ لە شۆڕشی ئەیلوول‌و چ لە شۆڕشی نوێدا، دەمبینی هەر خاوەنی هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانە بووە.. لە دوای هەرەسی ١٩٧٥ەوە چەند جارێ یەکترمان دی. ئەو هەر باسی ئەوەی دەکرد، کە هەوڵ بدەین بۆ دروستکردنەوەی هێزێکی چەکدار لە کوردستان‌و بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان. تاکو ساڵی ١٩٧٦ لە رومادی، پێکەوە لەگەڵ برای قارەمان‌و تێکۆشەر کاک (عمر دەبابە)و (دکتۆر خالد)یش، بە ئاگاداریی (فەوزی رەشید نامیق) یەکمان دی‌و پاش چەند دانیشتنێکی نهێنی بڕیاری ئەوەماندا هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین بۆ دروست کردنەوەی هێزی پێشمەرگە.

کەمالی سەلیم بەگ:

پیاوێکی زۆر دڵسۆزو بەوەفاو لێهاتوو بووە. لە ساڵی ١٩٥٩ لە سلێمانی قوتابی بوو، لەم کاتەوە لە قوتابیان لە رێکخستن هیچ درێخی نەکردووە لەناو شاردا. ساڵی ١٩٦٣ بوو بە پێشمەرگە. لەگەڵ بەرێز کاک نەوشیروان فؤاد مەستی هاتن بۆ ناوچەی هەڵەبجەو هەورامان وەکو پێشمەرگە پیاوێکی زۆر ئازاو لێهاتوو ماندونەناس بوو لە شەڕەکانی زەڵم دا لەگەڵمانا بەشداری شەڕی سێ مانگەی چەمی زەڵمی کردووە بۆ

حەفتەیەك گەڕایەوە بۆ بیارە بە ئیجازە ئەوە بوو دوای محاولەیەکی زۆری لیوای ٢٠ بەقیادەی زەعیم صدیق ی تاوانبار لەگەڵ فەوجێکی مغلی‌و چوارسەد جاشی هەڵەبجە کە لە سید صادق مۆڵیان خواردبوو بە هێزی تۆپ‌و تەیارەو دەبابەو جاش دوای ماوەیەکی درێژ توانیان لە پردی زەڵم بپەڕنەوە بەرەو هەڵەبجە دوای ئەوەی زیانێکی زۆرمان بەدوژمن گەیاند. لەشەڕیکی قارەمانانەدا ناچار بووین بگەڕێینەوە دواوە بەرەو بیارە. هەر ئەو ڕۆژە بۆ بەیانی زوو لیوای ٢٠ بەرێکەوت بەرەو بیارە ئێمەش زۆر هیلاك بووین. تاریك‌و لێڵی بەیانی بوو لەدێی تاوێرە بووین خەبەریان داینێ کەوا چەند لایتێك دیارەو بەرەو ئێرە دێ. هەرچەندە ئێمە زۆر کەم بوین هێشتا پێڵاومان دانەکەندبوو بۆ ئیسراحەت نیو سەعات بوو گەیشتبووینە ئەوێ ڕامان کرد بەرەو زەردەهاڵ بۆ ئەوەی بتوانین بەربەو جەیشە بگرین کە ئەڕوات بەرەو بیارە. زۆر بە پەلەپەل‌و شپرزەیی‌یەوە کەوتینە ڕێ تۆانیمان لەبەر دەمی بیارە - ملەگای چنار ڕێ بەو جەیشە بگرین بە گەشتنی جەیشەکە بۆ ملەگای چنار هەموو دێهاتەکانی دەوروبەری دایە بەر تۆپ‌و کاك کمال سلیم هەندێك پێشمەرگەی خۆی کۆ کردەوە بێن بەرەو شەڕەکە. خۆی لە پێش هەموو یانەوە. پێش ئەودی بگاتە لای ئێمە، باوك‌و کوڕێك لەسەنگەردا دانیشتبوون پێشمەرگەی نۆبەدار بوون. خەڵکی دێی ڕێشاو بوون. کاك کەمال بەبەردەمیاندا ڕای

کردبوو، ئەوانیش بەنەشارەزایی تەقەیان لێ کردو وایان زانی بوو عەسکەرە. زۆر بەداخەوە لەوێدا شەهید بوو. بەداخەوە کاک کمال کوڕێکی هەڵکەوتوو نیشتمانپەروەر بوو، من وەکو هاوڕێیەك زۆر تەئسیری تێ کردم لەئەوەڵەوە وامان زانی بەعەمدی شەهید کراوە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر وورد بەمن و کاك نوشیروان، بۆمان دەرکەوت کە بەنەشارەزایی بووە پاشان هەندێك هاتینەوە سەرخۆمان. زۆر بەداخەوە بۆ ئەم برا تێکۆشەرە.

شێخ لەتیفی شێخ سادق بەرزنجی:

پیاوێکی زۆر تێکۆشەرو بەتوانا بوو، هەموو کاتەکانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان. ڕەوشی ژیانیان زۆر باش بوو، خاوەنی تەکیەبوون لە هەموو شوێنەکاندا، بەڵام بێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندیی خۆی بکاتەوە، لەگەڵ خوالێخۆشبوو (مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل)دا کاری ڕێکخستنیان دەکردو زۆر ئیش‌و کاری باشیان بۆ جوتیاران دەکرد. دوای ڕاپەڕین من چاوم پێکەوت لە هەولێر، زۆر دڵخۆش بوو، باسی ئەوەی دەکرد پشت بەخوا هەموو لایەکمان ماندووییمان دەحەسێتەوەو کوردیش ڕزگاری دەبێ‌و بە ئاواتە مێژوویی‌و نەتەوەییەکانی دەگا. بەڵام بەداخەوە لە دروستبوونی شەڕی نێوخۆدا لە دوای (٣١ی ئاب ١٩٩٦) ماڵ‌و منداڵ‌و سەروەت‌و سامانی

بەجێهێشتو هاتە (سلێمانی). چەند جارێ چاوم پێکەوتەوە. زۆر دلگران بوو بە ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ، بەڕاستی پیاوێکی لێبوردووو خاوەن بیروباوەڕێکی بەهێز بوو. لە ئەنجامی نەخۆشیدا لە (سلێمانی) کۆچی دوایی کردو لە سەر راسپاردەی خۆی لە گوندی (هەشتەزینی)ی ناوچەی (سەنگاو) بە خاك سپێردرا، کە جێگەی باوباپیرانی بووە.

مەحمود مەلا عیززەت:

لە دوای سالەکانی ١٩٦٢ بوو بە لێپرسراوی ناوچەی هەلەبجە، ئەم پیاوە لە سالی (١٩٦٣)دوە ناسیومە. لەهاوینی ١٩٦٣دا کۆنفرانسی ناوچەی هەلەبجە سەرپەرشتی دەکاو کۆبوونەوەکان لە تەوێلە بوو. کاك (عەلی حەمدی)، کە لێپرسراوی لقی سلێمانی بوو، ئامادە بوو، منیش لەگەل (پ.م) بووم.

گوتم: دەچین بۆ تەوێلە."

گوتی: "بۆ لای کێ؟"

گوتم: "بۆ لای حزب."

ئیتر زۆری پێ خۆش بوو.

کە گەیشتینە شوێنی کۆبوونەوەکە، ئەو هەموو خەلکەی بینی.

گوتی: "ئەوە چییە؟"

گوتم: "ئا ئەوە حیزبە."

لای زۆر سەیر بوو، بۆیە گوتی: "دە بەخوا من نەمزانیوە حیزب لەئینسان پێکهاتووە. دەمگوت دەبێ داخۆ حیزب چی بێ؟!"

پێش ئەوەش لە یەکێتیی قوتابیاندا رۆڵێکی باڵای هەبووە، ناسراوەو خۆشەویست بوو لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە، زۆر ئازاو تێکۆشەر بووە. لە هەر کاتێکدا بچووینایە بۆ سەر رەبایەکان، یان نێو شار، ئەویش‌و خوالێخۆشبوو (شێخ سەعیدی موفتی) لەگەڵماندا دەهاتن بۆ ئەوەی هاورێی پێشمەرگەکان بن‌و هانیان بدەن بۆ زیاتر دەست وەشاندن لە دوژمن. هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە لە سەر تێکۆشان‌و کەسێکی خاوەن مێژووو ئەزموونە لە بواری نووسین‌و کاری رۆژنامەنووسیدا، چەندین کتێبی جۆراوجۆری هەیەو زۆر بە توانایە، لە هەردوو شۆڕشەکەدا خەباتی کردووەو زۆریش ماندووبووەو لە ١٩٨٠ – ١٩٨١دا گیراوەو لە (کەرکوك)و لە (بەغدا) زیندانی کراوەو ئەشکەنجەو ئازار دراوە. بەڵام هەر سەری شۆڕ نەکردووە بۆ دوژمن. هەرچەندە ئێستا تەندروستیی باش نییە، بەڵام هەر بەردەوامە لە سەر رێبازو کاری کوردایەتی‌و هیوای تەمەن درێژیی بۆ دەخوازم.

جەمال بابان:

ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ شەهیدان مامۆستا (حمە ئەمین و عەلی شیعەو حسێن غولام و شەهیدی نەمر کاك جەمال بابان) لە ناوچەی بەمۆ لە گوندی (باراو) ڕێمان کەوتە ماڵی ناسراوێکمان بە ناوی (پیرۆزەی عەلی ئەحمەد بەگی ریشێن). ئەو کاتەی ئێمە گەیشتین، ناوەخت بوو، کەسیان لەماڵەوە نەبوو. زۆر ماندوو بووین و برسیمان بوو. (پیرۆزە خان) بانگی کرد لەیەك دوو کەسی دراوسێیان، کە بێن یارمەتی بدەن و نانمان بۆ دروست بکەن. شەهید (جەمال بابان)یش، کە خزمی بوو، بە (پیرۆزە خان)ی گوت:

"چیت دەوێ با یارمەتیت بدەین؟"

گوتی: "ئەمەوێ دوو مریشکم بۆ بگرن با سەری ببڕم بۆتان، ئەوە مریشکەکانە بزانم چۆن دەیانگری؟"

(جەمال بابان)یش پەلاماری لقێ داری تەڕیدا.

(پیرۆزە خان) گوتی: "ئەوە چی دەگەی؟"

گوتی: "ئێستا مریشکەکانت بەم دارە بۆ دەکوژم."

بە دارەکە کەوتە نێو مریشکەکان و لەجیاتیی دووان چواری لێکوشتن، بەمەرجێ مریشکەکان هەندێکیان هی دراوسێکانیان بوون. ئێمەش گوتمان: "جەمال چیت کرد؟"

ئەویش گوتی: "بەخوا ئەمەندەم برسییە چاوم زەوی نابینێ."

دوایی دراوسێکان هاتن گوتیان: "ئەو پیاوە بۆ مریشکی ئێمەی کوشتووە؟" ئەویش پێی گوتن: "برسێتی رەگی هاری پێوەیە."

پاشان کەوتە قسەی خۆش لەگەڵ ماڵەکاندا، گوتی:

"جیاوازیی ماڵی پیرۆزەخانو ئێوە چییە؟ ئەگەر بهاتینایەتە ماڵی ئێوەش لەوانە بوو ئێوەش هەر مریشکتان بۆ سەربڕینایە."

ئەوانیش هیچ دلگران نەبوونو گوتیان:

"نۆشی گیانتان بێ."

بەڕاستی (جەمال بابان) پیاوێکی کۆمەڵایەتیو تێکۆشەرو ئازاو لێهاتوو بوو. لەکاتی شەڕدا زۆر بەهیممەت بوو، هیچ سڵی لە دوژمن نەدەکردەوە. ئەم پیاوە هاوڕێو دۆستی منداڵیی من بوو، زۆر سیفەتی چاکی تێدابوو، بەداخەوە بەدەستی ژن برایەکی خۆی شەهیدکرا لە (رانیە)، سەد رەحمەت لە گۆڕیو خوا لێیخۆشبێ.

مولازم کەریم

دەرچووی کۆلێجی ئەفسەری پۆلیسی بوو لە بەغدا. دوای تەواوکردنی خوێندنی بە یەك مانگ، لە ساڵی ١٩٧٤دا پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلوول ەوە کردو بە هیمەتو توانای خۆی بوو بە فەرماندەی بەتالیۆنو لە شەڕەکانی سەرکردایەتیدا لە چیای (بێشێ) بەشداریی کردو لەوێدا بریندار کرا.

من ئەو كاتەی مولازم كەريم م ناسی، فەرماندەی بەتاليۆنی چواری هێزی خەبات بووم. پياوێكی تێكۆشەرو هاوڕێ دۆستو پاك بوو. لە سەرەتای ژيانييەوە بۆ كوردايەتی تێكۆشاو هەڵگری بيروباوەڕی نەتەوەيیو يەكبوونی كورد بوو. لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئەيلوول دوورخرايەوە بۆ خوارووی عيراقو لە ئەفسەری پۆليسيەوە كرا بە فەرمانبەر لە شاری (عيمارە).

لە ساڵی ١٩٧٨دوە پەيوەندييی بە شۆڕشی نوێی گەلەكەمانەوە كردو لە ڕێی پاسۆكەوە، كە ئەو كاتە باڵێكی يەكێتيی نيشتمانيی كوردستان بوو. لە ساڵی ١٩٨٦دا ڕۆڵێكی گرنگی بينی لە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتيی هێزەچەكدارەكانی كوردستان. ئەو ماوەيە خۆی سەرپەرشتيی هێزەكەی پاسۆكی دەكرد. لە شەڕەكانی قەيوانو ماوەت دا (كۆڕەنگ)و (خەجە لەرزۆك) شانبەشانی پێشمەرگەكانی لە سەنگەردا دەجەنگا. پاشان لە ساڵی ١٩٨٧دا لە قەرەداخ بە خەستی برينبدار كراو لە نەخۆشخانەی شۆڕش لە (بەرگەڵو) چارەسەر كراو يەكەم نەشتەرگەريی سێ كاتژمێری لە نێو شۆڕشدا بۆ ئەو كرا.

دوای كۆچی دوايیی (ئازاد مستەفا) بوو بە ڕابەری پاسۆك. پاشان لەگەڵ (حسك)و (پارتی گەل) بوون بە يەكو دوای ئەوەش لە پارتيدا يەكيانگرت. مولازم كەريم بوو بە ئەندامی مەكتەبی سياسيی پارتی. ماوەيەك لێپرسراوی لقی پارتی بوو لە سلێمانی.

زۆر بە داخەوە، لە ڕۆژی ٣/ ٨/ ١٩٩٥دا لە دوایین ڕۆژی شەڕی براکوژیدا لە گوندی (زیارەت)ی سەری ڕەش دا شەهید کرا.

مولازم کەریم لەبەر ئەوە زۆر لە نزیکەوە دەمناسی[5]، چەند جارێ دواوین دەربارەی شەڕی براکوژیو هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی هەبوو دژی ئەو دیاردەیەو هەردەم دەیگوت: "ئەوە تاوانە!"

ئەم مرۆڤە تێکۆشەرە فارەمانە خاوەنی سەروەتو سامان نەبوو، دەستپاکو دەروون بەرز بوو. بیری لە خۆیوماڵو منداڵی نەدەکردەوە. هەمیشە دژی دزو جەردەو کردەوەی ناشرین بوو. کاتێ، کە شەهید بوو، خاوەنی هیچ نەبوو.

شێخ جمالی خانەقا

پیشەی ئەرزوحاڵ نووسی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کاری پارێزەری بۆ دەستکورتو هەژاران دەکرد، پیاوێکی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرو لە خۆبوردوو بوو.

---

[5] زاوام بوو. مەهابادی کچ بوو بە هاوسەری. کچێکیان بوو، ئێستا تەمەنی نۆ ساڵە ناوی (شێنێ)یە، لە ٣/ ٨/ ١٩٩٤دا چاوی بە ژیان هەڵهێناوە.

مولازم کەریم لە ٣/ ٨/ ١٩٩٥دا شەهید بوو

حەمەی فەرەج لەگەڵ نەعیمەخانی ژنی و شێنێ کچی شەهید ملازم کەریم

خوالێخۆشبوو حەمە ئەمینی مەلا فەرەج:

ناسراوبوو بە (رئیس حەمە ئەمین مەلا فەرەج). لە بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانی‌یە. دەرچووی کۆلیجی ئەفسەری بوو. ئاگام لێبوو هاوڕێەتیی لەگەڵ هەندێ لە کاربەدەستانی حکومەتی عیراقدا هەبوو، وەك: (حەماد شهاب)ی وەزیری بەرگری‌و (سەعدون غێدان)ی وەزیری ناوخۆی عیراق. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٧دا لە بەکرەجۆ ناسیم، کە ئەوکاتە فەرماندەی هێز بوو.

پیاوێکی تێکۆشەرو لێهاتوو بوو. ژیانی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان.

لە شۆرشی ئەیلوول دا بوو بە فەرماندەی یەکەم بەتالیۆنی پێشمەرگە، لە شەدەڵە، کە سەر بە کەرتی چەمی رێزان بوو.

ساڵی ١٩٦٨و ١٩٦٩ بوو بە پارێزگاری هەولێر. خزمەتی زۆری خەڵکی کرد. بەهۆی پەیوەندییەکانی بە لێپرسراوانی رژێمی بەعسەوە، رۆڵێکی گرنگی بۆ وەرگرتنی هەندێ لە لاوانی کورد لە کۆلیجەکانی ئەفسەری سەربازی‌و پۆلیس‌و خولی مفەوەزو خولە تایبەتیەکان. پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازار، گوازرایەوە بۆ بەغداو پاشان کرایە مولحەقی عەسکەری لە سەفارەتی عیلاقی لە مەغریب.

تا ئەو رۆژەی بە نەخۆشی گیانی بە خاك سپارد خاوەنی هیچ سامانێ نەبوو.

ئەوەندەی لە دەرەوە پێشمەرگە بوو ئامر هێزی (کاوە) بوو. خەڵکی ناوچەکە زۆر لێی رازی بوون. هەندێ لە کاربەدەستانی حکومەت زۆر گوێیان لەم پیاوە دەگرت، بە حوکمی هاورێیەتیو دۆستایەتی داوای لێکردین، ناوی چەند گەنجێکی بدەینێ بۆ ئەوەی هەوڵ بدا کارێکیان بۆ بدۆزێتەوە، ئەوە بوو زیاتر لە (٥٠) ناومان دایە بە ئاگاداری مەکتەبی سیاسی، کە خولێکیان بۆ بکرێتەوە، وەکو (مفەوەز)، بۆ ئەوەی ژیانێکیان بۆ دابین بکرێو لە پاشەڕۆژیشدا سوودو قازانجیان لێبکرێ بۆ خزمەتی گەلەکەمان. زۆر لەوانە ئێستا ماون وەك (عقید)و (مقدم) ئێستا خزمەتی باشیش دەکەن. بەدۆزی نیشتمانیو نەتەوەییمان، ئەم پیاوە لەو کاتەشدا، کەوا پارێزگاری هەولێر بووە. کۆمەڵێ کاری چاکی کردووە، (لەساڵەکانی ١٩٦٨دا) بۆ خزمەتکردنی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیداریو حکومیدا زۆر کاری چاکی کردووە بۆ کەسوکاری شەهیدانو لێقەوماوان، خوا لێی خۆشبێو هەزار رەحمەت لە گۆڕی.

فایەق سەعید قەساب:

پیاوێکی نیشتمانپەروەرو بەوەفا بوو بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان بە خۆیو ماڵو منداڵیەوە. من لە ساڵی ١٩٦٣وە ئەم پیاوەم ناسیوە. خۆیو هەموو خێزانەکەیان لەگەڵ شۆڕشی خەڵکی کوردستاندا زۆر ماندوو

بوون، ماڵەکەیان بەرامبەر بارەگای (فرقە)ی (سلێمانی) بوو. ئەم پیاوە چەندین کەسی لە ماڵەکەیدا پەنا دەداو یارمەتیی خەڵکی زۆر دەدا، هەر دەرفەتێکی دەستکەوتایە بە مەنجەڵە چێشتو خواردنەوە رووی دەکردە ئەو شوێنانەی پێشمەرگەی تێدا بوو. ئەم خێزانە، بە تایبەتی ئەو دوو خوشکەی ناویان (ناجیو باجی خانم) بوو، هەمیشە هاتووچۆی دەرەوەیان دەکردو نامەیان دەهێنایە دەرەوەو وەڵامەکەیان دەهێنایەوە نێوشار. نازانم چۆن باسی ئەو ماڵە بکەم. بەڕاستی ئەوەندە دڵسۆز بوون بۆ شۆڕش، کە شایانی هەڵوێستە لە سەرکردنو ستایشێکی زۆرن، رەنگە ناویشیان لە ئەمڕۆدا پەراوێز خرابێو وەکو پێویست خزمەت نەکرابن. ئەم خێزانە لەگەڵ پێشمەرگەو تێکۆشەراندا ئەوەندە ئاشنابوون، سڵیان لە هیچ نەدەکردەوە. خوالێخۆشبوو کاک (فایەق) چەند جارێ گیراوەو دووچاری چەندین ناخۆشیو ئەشکەنجە بووە، لە ساڵی ١٩٧٤یشدا هاتە دەرەوە بۆ نێو شۆڕش.

حەمە ئەمینی حاجی قاجر

ئەم مرۆڤە خۆیو بنەماڵەکەی بە درێژاییی شۆڕشی ئەیلولو شۆڕشی نوێ خەڵکێکی زۆر تێکۆشەرو نیشتمانپەروەر بوون، لە کاتی هەڵدێرو شکستدا زۆر جار، کە پێ دەگیراین ئەوان حەشاریان دەداینو

دەیانپاراستین‌و زۆر ڕێزیشیان لێدەگرتین، دەیان جاریش تووشی گرفت‌و کارەسات‌و ناخۆشی بوون لە سەر ئەم کارەیان. ئەوان ماڵەکەیان کردبوو بە بنکەیەك بۆ پێشمەرگە، زۆر لەوە زیاترن من لەم کتێبەدا باسیان بکەم، ئەم پیاوە تێکۆشەرە جێگەی ستایشە، چەند جارێ گێڕاویانەتەوە، کە پیاوانی ڕژێم‌و جاش چواردەوری ماڵیان داوە، گوایە ئەوان خەڵکیان بردووە لە ناو تورك‌و شەخەڵدا حەشاریان داوە.

نازمی حەمە حەسەنی پۆلیس:

پێشمەرگەیەم بوو، لە کۆتایی شەڕی (زەڵم)دا نامەی کاك (شێخ عەلی)ی بۆ من هێنابوو، نەگەیشتە لای من شەهید کرا. هەرچۆنێ بێ لەو زنجیرە چالاکی‌و پێکدادانەدا لەچەمی (زەڵم) جاش‌و سەربازانێکی زۆر کوژراون، ئەوان بە بەرچاومانەوە تانکەکانیان دەکرد بە سپەر بۆ ئەوەی لاشەی مردوو بریندارەکانیان کۆبکەنەوە.

ساڵح شارەزووری:

پیاوێکی تێکۆشەرو خوێندەوار بوو، لە (بەردەرکی سەرا)دا پیشەی ئەزروحاڵ نووسی بوو، یارمەتی خەڵکی زۆر دەداو ئیش‌و کاری خەڵکی ئاسان دەکرد. (شارەزووری) لە ساڵی ١٩٤٧دا یەکەم بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە هەڵەبجەدا بە هەموو ئازایەتی‌و

ڕۆشنبیری‌و زیرەکیی خۆیەوە هەوڵی دەدا خەڵکی لەدەوری حیزبەکەیان کۆبکاتەوە، هەروەها شیعری شۆڕشگێڕانەو کوردانەی دادەناو لە ساڵی ١٩٤٩ ـ ١٩٥٠دا هەفتانە لە ئێزگەی دەنگی (بەغدا)وە شیعرەکانی دەخوێنرایەوە. لە ساڵی ١٩٥١دا ماڵەکەی کەوتە بەر هێرشی پۆلیس‌و خۆیشی لەگەڵ (مەحمودی ئەحمەد بەگی سۆسەن)دا دەستگیر کرا. (شارەزوری) دیوانێکی بە جێهێشتووە، کە لە ڕۆژانی خەبات‌و کوردایەتی‌و مەردایەتی دەدوێن.

<u>حەمە سەعید حاجی حەمە عەزیز:</u>

لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە کادرێکی لێوەشاوەو دڵسۆز بووە، زۆر لە کاتەکانی تەرخان کردوە بۆ ئیش‌و کاری کوردایەتی‌و هەتاکو ئێستاش هەر خاوەنی هەڵوێستە، بەڕاستی ئەوەندەی من ناسیومە پیاوێکی زۆر دڵسۆزو خەمخۆر بووەو بە بنەماڵەش خاوەنی هەڵوێستی کوردایەتی بوون.

<u>شێخ عەلی:</u>

عەریف پۆلیس بوو، لە شۆڕشدا (عدد رەشاش) بوو، لە هەموو شەڕەکانی (چەمی زەڵم)و چەند شەڕێکی‌تردا بەشداری کردووە، بەڕاستی پیاوێکی زۆر تێکۆشەرو قارەمان بوو خوا لێی خۆش بێ.

شێخ جەمالی شێخ مستەفا قەرەداخی

کادرێکی تێکۆشەرو لێهاتووی کوردایەتی بوو، هەموو کاتەکانی خۆیو ماڵو منالی تەرخانکرد بوو بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان. ئەم پیاوە زۆر لێهاتوو بوو. هەر کاتێ کارێکت پێ بسپاردایە، بە شەو بوایە، یان بە رۆژ، زۆر بە رێکوپێکی ئەنجامی دەدا. پیاوێکی بێ تەماعو سادەو کراوە بوو، لە بنەماڵەیەکی دیاری قەرەداخو سەر بە بنەماڵەی (شێخی مەردۆخی) بوون، زۆر خۆشەویست بوو لەنێو خەڵکداو هەموو ئاواتی رزگاری کوردستان بوو. ئەم پیاوە هیچ درێخی نەکردووە لە خزمەتکردن بەرامبەر گەلو نیشتمانەکەی.

عەزەی ترومبێلچی:

بە (مامە عەزە) بەناوبانگ بوو. ئەو بە بنەماڵە تێکۆشەرو نیشتمانپەروەر بوون، باوکی شەهید (دارا) بوو. ئەم پیاوە هەموو کاتەکانی تەرخان کردبوو بۆ شۆرشی گەلی کوردستان، لە ساڵی١٩٦٢دا بوو بە پێشمەرگەو لە (بیارە) کردمان بە بەرپێوەبەری گرتووخانە. کەسێکی زۆر لێهاتوو بوو، وازی لە هەموو سەروەتو سامانی خۆی هێنابوو لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان. هەرچەند بە تەمەن بوو بەڵام زۆر تێکۆشەرو ماندوونەناس بوو. خوا لێی خۆش بێو سەد رەحمەت لە گۆری. شەهید (دارا)ی کوڕیشی زۆر قارەمان بوو،

پاسەوانی بەڕێز (مام جەلال) بوو، لە ساڵی ١٩٦٧دا لە تاسلۆجە بۆسەیەکیان بۆ (مام جەلال) دانا بوو، لە ئەنجامدا (دارا) شەهید بوو. کوڕێکی زۆر لێهاتووو خاکیو شۆڕشگێڕ بوو سڵی لە هیچ چالاکیو ڕووبەڕووبوونەوەیەك نەدەکردەوە.

شەهید عومەری حاجی سەعید:

کادرێکی تێکۆشەری لێهاتووی خۆنەویست بوو، ئەندامی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە بوو، لە لایەن جاشە خۆفرۆشەکانەوە لە ناوچەی (نەورۆڵی) لە گوندی (چرۆسانە) گیراو بە دیلی بردیان بۆ ناحیەی (سیروان) لە ڕێگا باڵێکیان شکاند. پاش ئەوەی ئازارێکی زۆریاندا لە زینداندا بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەنو هیچ لێپێچینەوەیەکی دادگایی لەگەڵدا ئەنجام بدەن، ڕۆژانە پیاو خراپەکان خۆیان سزایان دەداو دوای دووهەفتەیەکیش بەدوای ئۆتۆمبێلدا ڕایانکێشا هەتا شەهید بوو.

حەمە صادق:

چایخانەیەکی هەبوو لە زەلەکێ لە نێوان گوندی (عەبابەیلێ)و دەرمەمەڕدا. لە وێدا باخێ بوو تاقە ماڵە خۆی تێدا بوو، لەدوای ١٩٦١وە زۆربەی زۆری کاتەکان لەو ناوچە دەمایەنەوەو زۆر خزمەتی دەکردین

بەبێ بەرامبەر. بەڕاستی ئەم پیاوە پیاوێکی چاك بوو خوا لێی خۆشبێ.

سید حەسەن سەید محەمەد نانەوا:

کادرێکی زۆر تێکۆشەرو بە ئەمەكو ماندوویی نەناس بوو، چەند جارێ لەلایەن حکومەتەوە گیراو سزادرا. دیار بوو هەموو کاتەکانی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی کوردو کوردایەتی. بەردەوام لەگەڵ شەهیدان کاك (رەووف حاجی حمه عەلی)و (نوری حمەی نانەوا)دا کارو چالاکیی دەکرد..

ساڵح مەلا محەمەد:

لە ساڵەکانی ١٩٥٠وە لە سەر رێبازی کوردایەتی بێ لادانو دوو دڵی بەردەوام بوو، بەبێ هیچ تەماعو بەرژەوەندییەك بۆ کەسی خۆی. ئەم پیاوە هەرگیز کۆڵی نەداوە. هەرچەند زۆریش کەوتووەتە لە سەری، تا ئێستاش بەداخەوە ئاورێکی لێنەدراوەتەوەو هیچی بۆ نەکراوە. وەکو مامۆستایەك ئەرکی پیرۆزی خۆی رادەپەڕێنێ لە هەڵەبجەی شەهید.

سەعەی جەواهیر:

پیاوێکی کورد پەروەر بوو. لە هەموو کاتێکدا لایەنگیری خەڵکی هەڵەبجە بوو. بەشداریی لە ئەنجومەنی پیاوماقوڵانی هەڵەبجەدا

دەکرد، زۆر دڵسۆزیی دەنواند بەرامبەر بە خەڵکەکەی بەتایبەتیو کوردستان بەگشتی. خوا لێی خۆش بێ.

ئەحمەدی دادی:

پیاوێکی زۆر تێکۆشەرو کورد پەروەربوو، ئەو کاتە لێپرسراوی لقی رێکخستنی پێشمەرگە بوو بە سیفەتی رابەر سیاسی، زۆر کاری نهێنی رێکخستنەکانو پێشمەرگایەتی دەکرد بە شێوەیەکی زۆر رێكوپێك. ئەم پیاوە هەر چەند باسی بکەیت زۆر کەمە لە رووی جوامێریو شەهامەتییەوە لە شۆڕشی ئەیلولو شۆڕشی نوێدا.

حەمە رەحیم بەڵخەیی

پیاوێکی تێکۆشەرو لێهاتوو بوو، چ وەکو کادرو چ وەك پێشمەرگە کاری دەکرد. ئەوکاتانەی ئێمە لە دەوروبەری (وەزگێڵ)و ناوچەی (هەورامان) بووین، زۆربەی زۆری زانیاریو هەواڵ لە رێگەی ئەمەوە دەگەیشت پێمان، خوا لێی خۆشبێو سەد رەحمەت لە گۆڕی.

برایمی حمە خورشە:

ناسراوبوو بە (بلەی حەمە خورشە). ئەم پیاوە رۆڵێکی باڵای هەبوو لە دروست بوونی پێشمەرگەی نێوشاردا. لە ساڵەکانی ١٩٦٠وە بێ سڵکردنەوە لە هیچ لایەك رۆڵو چالاکیی پیاوانەو جوامێرانەی هەبوو،

ماڵه‌كه‌یشی دیوه‌خانی پێشمه‌رگه‌و پیاوه سیاسییه‌كانی كوردایه‌تی بوو، دۆستێكی نزیك‌و خۆشه‌ویستی به‌ڕێز (مام جه‌لال)و مامۆستا (ئیبراهیم ئه‌حمه‌د) بوو. زۆر به‌داخه‌وه له‌لایه‌ن چه‌ند كه‌سێكی بێویژدان‌و گێره شێوێنه‌وه شه‌هید كرا بێ ئه‌وه‌ی بزانرێ هۆی شه‌هیدبوونه‌كه‌ی چی بوو، ئه‌مه‌ش بووه هۆی دلگرانیه‌كی زۆر له‌ناو خه‌ڵكه چاكه‌كه‌ی شۆڕشدا. خوا لێی خۆشبێ‌و سه‌د ره‌حمه‌ت له گۆڕی.

عه‌لی كوور خورماڵی:

له ساڵه‌كانی ١٩٦٠ه‌وه به‌رده‌وام بووه له خه‌باتی گه‌له‌كه‌ماندا. پیاوێكی زۆر تێكۆشه‌رو لێهاتوو بووه، كه‌سێكی ماندونه‌ناس‌و جوامێرو له‌خۆبوردووو خاكی بوو. له پێناوی به‌رژه‌وه‌ندیی خه‌ڵكی كوردستاندا، خوا لێی خۆشبێ‌و هه‌زار ره‌حمه‌ت له گۆڕی.

خوالێخۆشبوو حاجی نامیق خه‌راجیانی:

پیاوێكی زۆر جوامێرو لێهاتوو بوو، له ساڵی ١٩٥٤ه‌وه بووینه هاوڕێی یه‌كتر. ئه‌و كاتانه بوو، كه بۆ كه‌سابه‌ت ده‌هاته هه‌ڵه‌بجه. په‌یوندییی دۆستایه‌تیی پته‌و له نێوانماندا دروست بوو. زۆر به وه‌فا بوو به‌رامبه‌ر به هاوڕێكانی. له سه‌ره‌تای ساڵه‌كانی ١٩٥٩دا رۆڵێكی باشی هه‌بوو. له هه‌موو وه‌خت‌و ناوه‌ختێكدا، هه‌ر كارێكت پێ بسپاردایه، زۆر به

ڕێك‌وپێكی ئەنجامی دەدا، وەكو كڕینی چەك‌و تەقەمەنی‌و پێویستی‌تر بۆ پێشمەرگەو حیزب، بەبێ تەماع‌و بەرژەوەندیی كەسیی خۆی. ئەم پیاوە چەند جارێ گیراو ئەشكەنجەدراوە، لەگەڵ چەندین پیاوی تێكۆشەریتر وەكو (عەریف سەعید)و (مەحمودی شاە محەمەد)و (شێخ جەمالی بەر خانەقا)و (عەبدوڵڵای عارف)و (عەلی خەبات)و خوالێخۆشبوو (فەتاحی حاجی عەبدولكەریم)و (عەبدوڵڵای مەلا عەلی)و چەندین پیاوی تێكۆشەرو ناوداری‌تر.

قادر تەگەرانی:

ناسراو بوو بە (قالە تەگەرانی). لە ساڵی ۱۹۵۹ەوە ناسیومە، پیاوێكی زۆر دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بوو، هەموو سیفەتێكی پیاوەتی‌و كوردایەتیی تێدا بوو، لە پشتی ماڵەكانی تەگەرانەوە چەند خانوویەكی دروستكردبوو بۆ میوان‌و كادرەكانی كوردایەتی چ لە دیوی ئێران‌و چ لە كوردستانی خۆمان، كە بە نهێنی لای ئەو دەحەوانەوەو خزمەتی زۆری دەكردن. هەر كەس بۆ هەركوێ بیانویستایە بڕۆن، ڕێنمایی‌و ڕێبەری دەكردن‌و یارمەتی دەدان. زۆربەی كاتەكان (مەلا ئاوارە)و ئەحمەد تۆفیق)و چەند كەسێكی‌تر، كە خەڵكی ئێران بوون، لای كاك قادر تەگەرانی خۆیان حەشار دەدا. بێجگە لە كوردەكانی خۆمان، ئەم پیاوە لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە زۆر یارمەتیی پێشمەرگەو كادرو

لێپرسراوانی دەداو لەسەر ئەم کارە پیرۆزەی بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٦٤. من ئاگادارم، کە ئەو زۆر لە خوالێخۆشبوو (مەلا مستەفا)وە نزیك بوو، ئەویش گوێی بۆ دەگرت، چەند جارێك هاتووچۆی دەکرد. لە نێوان برادەرانی مەکتەبی سیاسیو (مەلا مستەفا)، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوخۆ. بەڵام زۆر لە پیاوە هەڵپەرستەکانی دەوروبەری (مەلا مستەفا) پێیان خۆش نەبوو ئەوەندە رێز لە (قادر تەگەرانی) بگیرێ. ئەوەبوو، لەدوای وتووێژەکەی ١١ی ئازار هەندێ لە لێپرسراوانی پارتی کەوتنە دژایەتیی (قادر تەگەرانی) تووشی بێزاریو نیگەرانی بوو. لە ئەنجامدا چووە لای حکومەتو ماوەیەك لایان مایەوە، ئەوانیش پاش ماوەیەك تێگەیشتن، کە ئەم پیاوە لەناخەوە خۆشەویستی زۆری هەیە بۆ میللەتەکەیو باسی کوردو شۆڕش دەکا بێ سڵکردنەوە لەحکومەت. زۆرجار دەری دەبڕی، کە ناچاریان کردووم هاتوومەتە لای حکومەت. ئەمەشی بە خیانەت دەزانی. چەند جارێکیش پەیوەندیی بە برادەرانی مەکتەبی سیاسییەوە کرد، بەڵام برادەران کەسیان نەیان دەتوانی بەرگریی لێبکەن. بۆیە هەر مایەوە لای حکومەتو ئەوە بوو بە خۆیو هەموو هێزەکەیەوە، کە زیاتر لە (٣٠٠) کەس دەبوون، تاکو ئێستاش بێ سەرو شوێنن، نازانرێ چۆن کوژراون، یان چییان بەسەردا هاتووە. ئەمەش چەند کەسێکی بێ ویژدان بوون بەهۆی ئەوەی ئەو

پیاوە تێکۆشەرە تووشی ئەو گرفتو تەنگژەیە ببێو بە سەروماڵەوە تیابچێ.

ئەوەی شیاوی نووسینە، لە ساڵی ١٩٧٧دا رژێم لە گۆڤاری (الوقائع العراقیە)دا، کە گۆڤارێکی رەسمیە بۆ کاروباری یاسایی، بەڕێوەبەرێتی (الامن العامە) دانی بەوەدانا، کە (قادر تەگەرانی)و تاقمەکەی لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا کراوەو ناوی هەموویانی بە لیستێ بڵاوکردەوە، کە بزربوون. بەمەش رژێم دانی بەودا نا، کە (قادر تەگەرانی)و هاورێکانی نەماون، خوا لێیان خۆش بێ.

کەریمی ئەحمەد هۆمەر:

پیاوێکی دڵسۆزو خاوەن هەستی کوردایەتی بوو، زۆر دۆستێکی خۆشەویستی کاك (عومەر دەبابە) بوو، خاوەن هەڵوێستی کوردایەتی بوو، لە هەر کاتێکدا کارێکت پێ بسپاردایە، زۆر بە رێكوپێکی بەرەوپیری دەهاتو جێبەجێی دەکرد. ئەم پیاوە قارەمانە ئەوەندەی من ناسیومە هەرگیز درۆی نەدەکرد، هەمیشە لایەنگیری پیاوە چاکەکان بوو، ئەویش هەر بەو ئاواتەوە سەری نایەوە. خوا لێی خۆشبێو سەد رەحمەت لە گۆڕی.

مولازم حمه شەوقی:

لێپرسراوی هێزی بەرگری بوو لە (بێشێ). ئەوكاتەی نەخشەی بەرەی جەنگمان وەرگرت، هات بۆ لامان بۆ بەخێرهاتن. بەڕاستی رۆڵێكی زۆر قارەمانانەی هەبوو. كوردێكی نیشتمانپەروەرو لێهاتوو بوو. هەر چەند پێشتر دەمناسی، بەڵام دڵخۆش بوو، كە بەو شێوەیە دیم لەو شەڕگەیەدا، كە هێزو رۆحیەتێكی شۆڕشگێڕانەی پێدا بووین. بەڵام بەداخەوە ئەویش بە ئاواتی رزگاری نەگەیشت.

محەمەدی حاجی فەرەج:

ناسراوبوو بە (حەمەی فەرەج ئەفەندی). ئەم پیاوە بە سەرو ماڵ لە سەرەتای دروستبوونی ئەم شۆڕشەوە لەگەڵماندا بوو، خاوەنی دەسەڵاتی باش بوو، ماڵەكەیشی هەمیشە دیوەخانی پێشمەرگەو كادرە سیاسییەكان بوو. لە هەركاتێكدا پێویستمان بە ئۆتۆمبیل بوایە، یان هەر شتێكیتر، ئەو خۆی بە خاوەنی هیچ شتێ نەدەزانی لە ئاستماندا، خەڵكێكی زۆریش لایەنگرییان دەكردو لە دەوری خڕدەبوونەوە، لەلایەن حكومەتیشەوە بە حوكمی تواناو دەسەڵاتی خۆی زۆر رێزیان لێدەگرتو حسابێكی جیایان بۆ دەكرد. ئەگەر هەر دۆستایەتییەكیش لەگەڵ پیاوەكانی میری لەو سەردەمەدا بكردایە، ئەوا بۆ بەرژەوەندیی میللەت بوو، زۆر بە هەڵوێستو جوامێر بوو، بوێرانە سڵی لە هیچ شتێ

نەدەکردەوە. ئەوە بوو لە (منع التجول)ە بەزیادەکەی ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دا، (کەمال) کوڕە گەورەیان لەگەڵ ئەو خەڵکەدا گرتو یەکێ لەوانەی شەهید کران[٦]. ئەمانە هیچ باکێکیان لە مردن نەبوو. پێش ئەوەی شەهیدبکرێن کاربەدەستانی میری چووبوونەلای‌و داوای هەندێ زانیاریان لێکردبوو، بەڵام ئەو زۆر بە توندی وەڵامی دابوونەوەو گوتبووی پێیان:

"چیتان لەدەست دێ درێخی مەکەن، من خیانەت لە میللەتەکەی خۆم ناکەم."

دیاری بەگی حاجی بەگ:

ئەوەندەی من لە نزیکەوە ئاگادار بووبێم، ئەو هەر لە سەرەتای شۆڕشی ١٩٦١وە تاکو کۆتایی شۆڕشەکە خزمەتی شۆڕشی کردووەو ماڵەکەشی هەموو کاتێ ببووە جێی حەوانەوەی پێشمەرگەو لانەی شۆڕشگێڕان، خۆیشی‌و کوڕەکەیشی پێشمەرگە بوون، بەبێ ئەوەی رۆژێ لە رۆژان لەگەڵ حکومەت، یان لەگەڵ نەیارەکانی شۆڕشی کورددا سازش‌و بێ هەڵوێستییان نواندبێ. ئەم پیاوە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ پارتیدا بوو،

---

[6] تێبینی: خوالێخۆشبوو، حەمەی فەرەجە فەندی لەلایەن لەلایەن رژێمەوە گیراو تووشی ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر بوو، پاش ماوەیەك لەدوای ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لەنەخۆشخانەو لەئەنجامی ئەو ئازارو ئەشکەنجەو خەفەتی گرتنی کەمالی کوڕی بێسەرو شوێنیانەوە کۆچی دوایی کرد.

هەموو ئاواتی رزگاری كوردو كوردستان بوو، هەرچەند سەروەت و سامانێكی زۆریشی هەبوو، بەڵام هەمووی لە پێناوی شۆڕشی كوردستاندا خەرج دەكرد، زۆر دڵسۆزو تێكۆشەر بوو، لەم دواییەدا گوزەرانی باش نەبوو هەتا مرد. هەر كرێنیشین بوو لەخانوویەكی (كاكە حمە بۆر)دا، تەنانەت وەكو پێویست كرێ خانووەكەشی بۆ نەدەدرا.

شێخ مستەفا شێخ عەلی:

خەڵكی ئاوایی (حەمەی كەرەم) بوو. پیاوێكی زۆر دڵسۆزو زۆر خزمەتی پێشمەرگەو كادرەكانی رێبازی كوردایەتی دەكرد. زۆرجار، لە كاتی پێویستدا دەهات بە هانامانەوە بۆ رێنمایی و دەنگ‌وباس. پیاوێكی قسەخۆش و زاناو لەسەرخۆ بوو، خوا لێی خۆشبێ و سەد رەحمەت لە گۆڕی.

عەزیز بەگی جوانرۆیی:

پیاوێكی ناوداری كوردستانی ئێران بوو، لە ساڵی ١٩٦٧ لای ئێمە پێشمەرگە بوو. زۆر نیشتمانپەروەر بوو، تەمەنی (٦٦) ساڵ دەبوو، بە سەلیقەو لێهاتوو بوو. ماوەی (٣)ساڵ بەیەكەوە بووین. زۆر لەمنەوە نزیك بوو. ئەم پیاوە ئاوو چای نەدەخواردەوە! دوو ئێستری پێبوو،

هەروەها دووسێ پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو، هەموو پێویستییەکانی خۆی بە ئێسترەکانەوە بوو، وەکو: نوێنو جلو بەرگو قاپو قاچاغ، تورەکەیەکی پێبوو پڕبوو لە دۆینە، دۆینەی دەکردە ئاوو دەیخوارد.

زۆرجار سەرمان دەنایە سەری، دەمانگوت:

"تۆ چۆن بە بێ ئاو خواردنەوە دەژیت؟"

دەیگوت: "حەزی لێناکەم!"

لە بنەماڵەیەکی ناودار بوو، جێگەی دیارێکراوی نەبوو، وەك کۆچەر هەفتەی لە شوێنێ بوو، ئەگەر شەڕێ ببوایە، زۆر بە دەستو زۆر ئازا بوو زۆر بێ تەماع بوو، ماڵو سەروەتو سامانێکی زۆری هەبوو لە ئێران. بەڵام هەمووی بەجێهێشتبوو، ببوو بە پێشمەرگە.

حەمەی حاجی تایەر:

لە ساڵەکانی ١٩٥٩وە ناسیومە. ئەو کاتە ئەندامی (پ.د.ك) بووە. پێشتریش لە ساڵەکانی ١٩٥٠دا بە نهێنیی ئیشوکاری کوردایەتیی کردووە. بەڕاستی پیاوێکی تێگەیشتووو تێکۆشەرو لێهاتوو بووەو خاوەنی سەروەتو سامانێکی باش بوو، بەڵام وازی لە هەموو بەرژەوەندییەکی خۆی هێنا بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، لە هەردوو شۆڕشەکەدا. ئەم پیاوە تێکۆشەرە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە لەسەر خەباتو تێکۆشان بۆ خزمەتی میللەتەکەیو بەبێ

ئەوەی هیچ شتێ کاریگەریی خراپی تێکردبێ، بەڵکو هەر خەریکی ئیش‌و کاری کوردایەتییە. هەرچەندە بەداخەوە ئێستا تەندروستیی باش نییە.

ئەم بنەماڵە گەورەیەی (سلێمانی) بەناوبانگن بە (حمەی حاجی تایەر) تا ئێستا کرێچیی خەڵکن، هیچ کاتێ بیریان لە پارەو دەسەڵات نەکردۆتەوە بۆ خۆیان. هەڵبەت ئەمەش سەروەت‌و سامانێکی زۆر گەورەیە بۆ ئەو خەڵکانە، کە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانیان خستۆتە پێش بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە.

حوسە رەشی خەیات:

ئەم پیاوە تێکۆشەرو بە وەفای میلەتەکەمان بووە، بەدرێژایی‌ی هەردوو شۆڕشەکە هیچ درێخی نەکردووە. ساڵی (١٩٨٧) گیراوەو حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا دراوە، بەڵام بە هۆی لێبوردنی گشتییەوە رزگار کراوە. ئەم پیاوە باری تەندروستیی زۆر خراپەو تووشی نەخۆشیی کوشندە بووەو زۆر هەوڵی چارەسەری دراوە. بەڵام بەداخەوە هیچ چارەیەکی نییە. ئەم پیاوە نە ژن نە منداڵ نە کەسێکی وای نییە. بەڕاستی پیاوێکی زۆر بەهیمەت‌و بەتوانایەو بەم وەزعە ناتەواوەی خۆیشیەوە هەموو کاتەکانی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی میلەتەکەی. ئەم پیاوە تێکۆشەرە لەگەڵ ئەو رەوشە نالەبارەی خۆیدا زۆر دڵخۆشە

بەم ئازادیو رزگارییەی ئیمڕۆو داواکارین لە خوای گەورە شفای بۆ بنێرێ.

رەفعەتی مەلا:

بنەماڵەکەی خاوەنی خەباتێکی دوورودرێژن، چەندین شەهیدی ناوداریان هەیە وەکو برازاو خوشکەزاو تووشی چەندین دەربەدەریو ماڵ وێرانیو کارەساتی جۆراو جۆر بوون. ئەم پیاوە بەڕاستی خاوەن هەڵوێستو بەتوانایە، یەکێکە لەو مرۆڤە باشانەی، کە جێگەی رەزامەندیی خەڵکی کوردستانە. دەست پاكو داوێن پاكو بەوەفایە.
هەڵبەت زۆر شتیتر هەیە باسی بکەین لەسەر ئەم بنەماڵەیە، بەلاّم هەر ئەوە دەتوانم بڵێم وەکو دۆستێکی ئەم بنەماڵەیە، هەموو سیفەتێکی نیشتمان پەروەرییان تیایەو بەرامبەر بە هاوسەنگەرەکانیان بەوەفان.

مامۆستا سەید حەسەن بەرزنجەیی:

لە ساڵی ١٩٦٠ ـ ١٩٦١وە ئەم پیاوە بەردەوام بووە لە سەر خەباتی رەوای گەلەکەمانو کۆڵی نەداوە، لە شۆڕشی ئەیلولو شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا بەشداریکردووە. پیاوێکی ناسراو پیاوێکی تێکۆشەرو لێهاتوو بووە، تووشی هەزارویەك ناخۆشیو نارەحەتیو گرتن بووە،

چەندین جار گیراوه لەلایەن رژێمی عێراقەوە، ئەم پیاوە خاوەنی هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانە بووە بەخۆی‌و خێزانەکەیەوە زۆر هیلاك بوون لەگەڵ شۆڕشی گەلەکەماندا.

حاجی نامیق خەراجیانی:

ئەم پیاوە زۆر تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرو زۆر خەمخۆری خەڵکی کوردستان بوو. لە ساڵەکانی ١٩٦١ تاکو راپەڕین لە هەر کاتێکدا پێویستمان بە چەك، یان تەقەمەنی بوایە، لە رێگەی ئەوەوە دەیتوانی بۆمان دابین بکا، بێ ئەوەی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی تێدا بێ. چەند جارێکیش لەلایەن حکومەتەوە گیراوەو ئازاری زۆریان داوە. بەڵام ئەم پیاوە بەتوانایە لەهەموو کۆڕو کۆمەڵێکدا خاوەنی هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانە بوو، ئەویش هەر بەو ئاواتەوە سەری نایەوە. هەر چەندە بە چاوی خۆی پەرلەمان‌و حکومەتی کوردستانی دی، بەڵام زۆر نیگەران بوو بە شەڕی نێوخۆ. هەموو جاران باسی ئەوەی دەکرد دەبێ هەموومان هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی کۆتایی بەم شەڕی ناوخۆیە بهێنرێ.

عەلی مام رەزا:

کادرێکی دڵسۆزو لێوەشاوەو بەتوانا بوو. لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٥٩وە ناسیومە. ئەم پیاوە تێکۆشەرە زۆر خەمخۆری خەڵکی کوردستان بووەو

شەوو ڕۆژی خستۆتە سەریەك بۆ خزمەتکردنی میللەتەکەی.ساڵی ١٩٦٠ بووە بە لێپرسراوی ناوچەی (هەڵەبجە)و زۆر ئیشی چاکی دەکردو لەناو خەڵکیدا ڕێزێکی تایبەتی هەبوو. ئەم پیاوە، کە بەبێ بەرانبەر لە ڕۆژە ڕەشەکاندا بەرگەی هەموو ناخۆشیەکی گرتووە، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست لێی نەپرسراوەتەوە. ئێستا نەخۆشەو لە ماڵەوە کەوتووە، خوا شیفای بۆ بنێرێ.

فەوزی ڕەشید نامیق:

کادرێکی بەتواناو لێوەشاوەی کوردایەتی بوو. لە هەموو بوارەکاندا لەشاخو لەشار بەردەوام بووە. لەسەر خزمەتی خەڵکی کوردستان. ئەم پیاوە تێکۆشەرە تاکو ئێستاش خاوەنی هیچ سەرمایەیەك نییەو کرێچییە. بەڵام من دەزانم ئەم جۆرە پیاوانە بەبێ لادان لە هەردوو شۆڕشەکەدا لەگەڵ ئەرکو ئازاری گەلەکەیاندا ژیاون، لە ڕووی خەباتیانەوە زۆر بە دەوڵەمەندیان دەزانم لەنێو میلەتەکەماندا.

کەمال شاڵی:

پیاوێکی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەر بووە. لەتەمەنی منداڵییەوە تاکو ئێستا سەرقاڵی خەباتو تێکۆشان بووە. چەند جارێکیش لەلایەن ڕژێمی (بەعس)ەوە گیراوەو تووشی ئازارو ئەشکەنجەی زۆر کراوە،

هەروەها حوكمی له سێدارەدانی دەرچووه له ساڵی (١/٥/ ١٩٨٧)، بەڵام به لێبوردنی گشتی له ١٤/٩/١٩٨٩ لەزیندان رزگاری بووه. هەتا ئێستاش هەر بەردەوامه لەسەر خەبات‌و تێكۆشانی خۆی‌و زۆر خۆشەویسته لەناو خەڵكی كوردستاندا، بەتایبەت خەڵكی سلێمانی. ئەم پیاوه دەرچووی كۆلێژی كشتوكاڵییەو له ساڵی ١٩٩٢دا بووه به ئەندامی پەرلەمان. هەروەها ئەم پیاوه خۆی‌و خێزانەكەی (شوكریه خان) كچی تێكۆشەری بەناوبانگی كورد (حوسینی مام ڕەشه)، وەكو بنەماڵەیەك هیچ له پێناوی بەرژەوەندیی خەڵكی كوردستاندا، له هەردوو شۆڕشی ئەیلول‌و نوێدا درێخییان نەكردووه.

سالح هەژار:

له رۆژه رەشەكان ساڵەكانی پەنجاكاندا ئەم پیاوه لەناو دێهاتەكانی دەورروبەری (هەڵەبجه)دا دەستێكی باڵای له هاندانی خەڵكدا هەبوو دژی حكومەتی پادشایەتی‌و لەو ساڵانەدا چەند جارێ گیراوه له ساڵەكانی (١٩٥٢ — ١٩٥٣). له دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، ئەم پیاوه هەر بەردەوام بووه لەسەر خەبات‌و تێكۆشان به شیعرو نووسین‌و به چەندین جۆریتر خەباتی كردووه بۆ ڕزگاری‌و ئازادی میللەتەكەی‌و چەندین كتێبی جۆراوجۆری هەیەو هەمووی بۆ هاندانی خەڵكه دژی داگیركەران‌و خۆفرۆشەكانی نێو شۆڕشەكەمان. ئەم پیاوه بەڕاستی زۆر

بەتوانا بوو، بەروبوومی شۆڕشی رزگاری خوازی گەلەکەی نەخوارد، کە چەندین ساڵ بوو خەباتی بۆ دەکرد. زۆر بە داخەوە بەو ئاواتەوە سەری نایەوە خوا لێی خۆشبێ. یەکێ بوو لەو نیشتمانپەرومرانە لەو کاتەدا خۆی زۆر هیلاك دەکرد بۆ میللەتەکەی بەبێ سڵ کردن لە هیچ کەم‌و کۆسپێك کاك صالح هەژار دەستی نوسین‌و شیعری هەبوو چەندین کتێب‌و پەخشانی هەیە کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران ئەویش هەر بەو داخەوە سەری نایەوە بێ ئەوەی هیچ بەروو بومێکی ئازادی ببینێ.

علی حمە لەواش:

پیاوێکی تێکۆشەرو نیشتمانپەرومرو شاعیرو نووسەر بوو. زۆر قسەخۆش بوو، خاوەنی هەڵوێستی نیشتمانپەرومرانە بوو. بەبێ سڵکردنەوە لە هیچ هێزو دەسەڵاتێ، لە زۆر شوێندا باسی شۆڕشی رەوای میللەتەکەمانی دەکرد. ئەم پیاوە نیشتمانپەرومرە چەند کتێبێکی هەیە، کە باسی بە سەرهات‌و نەهامەتیی میللەتەکەمان دەکا. چەند جارێ لەلایەن رژێمەوە دەست گیرکرا لە ساڵی ١٩٥٥ — ١٩٥٦دا، بەڵام هیچ سەری بۆ فرمانی رژێم شۆڕنەکرد. بەم هۆیەشەوە تووشی ئازارو ئەشکەنجەی زۆر کرا، ئەویش بە ئاواتی رزگاری گەلەکەیەوە سەری نایەوە. خوا لێی خۆشبێ.

عەریف سەعید:

مشهور بوو بە (مەتارە لەمل). ئەم کادرێکی زۆر تێکۆشەری کوردایەتی بوو لە رۆژە رەشەکاندا، چەند جارێ بینیم نەخۆش بوو هەر باسی ئەوەی دەکرد کەی بێ‌و میلەتەکەمان رزگاری بێ‌و هەموومان ماندوویمان بحەسێتەوە. بەلام بەداخەوە ئەم پیاوە تێکۆشەرە بەو داخەوە سەری نایەوە. خوا لێی خۆشبێ‌و سەد رەحمەت لە گۆڕی.

دکتۆر فوئاد بابان:

بە بنەماڵە تێکۆشەرو نیشتمانپەروەر بوون، ئەویش بەهۆی لێوەشاوەیی‌ی خۆیەوە لە ژیانیدا تووشی هەموو جۆرە گرتن‌و دوورخستنەوەیەك بووە.

رەئوفی حاجی حەمە عەلی:

لە ساڵەکانی ١٩٦٠ ـ ١٩٦١دا لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە بوو. ئەم پیاوە ژیانی باش بوو، بەلام هەموو کاتەکانی تەرخان کردبوو بۆ رزگاریی گەلەکەی. زۆر بەداخەوە ئەویش بەروبوومی شۆڕشەکەی نەدی. خوا لێی خۆشبێ.

کەمال خەفاف:

پیاوێکی تێکۆشەرو ناودار بوو، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو، بە پلەی ئەندامی ناوچە یەکێك بوو لەو کەسانەی زۆر خۆشەویستی نێو خەڵك بوو، دەست پاكو داوێن پاكو لێهاتووبوو.

مەلا لەتیف بامۆکی:

ئەم پیاوە تێکۆشەرو بەتواناو لێهاتووو رۆشنبیرو نووسەر بوو، ئەندامی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە بوو، کۆمەڵێ سیفەتی باشی تێدا بوو بەرامبەر بە میللەتەکەی خۆی. پیاوێکی خۆش مەجلیسو قسەخۆش بوو، زۆر سیفەتی تری باشی تێدا بوو، دەستو داوێن پاكو جێگای متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو.

مەلا سەعید زمناکۆیی:

ئەم پیاوە کادرێکی تێکۆشەر بوو لە ناوچەی هەڵەبجەدا. بەڕاستی لەگەڵ شۆڕشدا زۆر بەهیممەت بوو، لەناو خەڵکیشدا خۆشەویستو جێگەی راوێژ بووە.

مهلا رهئوفی دهرویش تۆفیق:

ناسراوه به (رهئوفی دهرویش تۆفیق). ئهم پیاوه کادرێکی تێکۆشهرو لێهاتووی ههردوو شۆڕشهکهو پێشمهرگهیهکی زۆر ئازاو لێهاتوو بوو بێ ئهوهی بیر له هیچ شتێ بکاتهوه. بۆ بهرژهوهندیی خۆی ههموو کاتهکانی تهرخان کردبوو بۆ خزمهتی خهڵکی کوردستان له شۆڕشی ئهیلولو شۆڕشی نوێدا. ههرچهنده باری ژیانی خراپ بوو، بهڵام بهردهوام بوو لهسهر خهباتی رهوای گهلهکهی دهستو داوێن پاکو به رهوشت بوو خوا لێی خۆشبێو سهد رهحمهت له گۆڕی.

مهلا عابد عهبابهیلێیی:

کادیرێکی تێکۆشهری کوردایهتی بوو، ساڵی ١٩٦٣ له ههڵهبجه لهلایهن جاشهکانهوه به دیل گیرا.

ئهو کاته ئێمه پێشمهرگه بووین لهنێو شاری ههڵهبجه، لیوای ٢٠ به قیادهی زعیم سدیقی تاوانبار ههر چوار دهوریان گرتبووین، بهداخهوه ئهو فریا نهکهوت دهرچێ، به دیل گرتیان، دوای ئهشکهنجهو ئازاردانێکی زۆر، بێ ئهوهی ناوی کهس بڵێ، لهبهر دهرگای سهرای ههڵهبجهدا شههیدیان کرد. رهئوفی برای، که برا بچووکی بوو، چووو داوای کرد جهنازهکهی بدهنهوه بۆ ئهوهی بینێژن، ئهویشیان گرتو کوشتیان.

کادرێکی تێکۆشەرو خۆنەویستبوو، هەموو کاتەکانی خۆی بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان تەرخان کردبوو. هەر لەو ساڵەدا ئێمە لە نێوشاری هەڵەبجەدا بووین، لیوای (٢٠) بە سەرکردایەتیی (زەعیم سدیق)ی تاوانبار لەگەڵ خۆفرۆشەکانیدا هاتنە نێو شارو دوای رووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر، توانییان ئەو پیاوە تێکۆشەرە بە دیل بگرن. بەڵام دوای ئەوەی نەیانتوانی هیچ زانیارییەکی لێوەربگرن‌و سوودی لێببینن، لە بەردەرکی (یانە)کەی هەڵەبجەدا، واتە لە نزیکی باخی گشتیی هەڵەبجە بە شێوەیەکی ناشیرین‌و نامرۆڤانە شەهیدیان کرد. دوای ئەوەش کۆمەڵێ خەڵك لەگەڵ براکەیدا چوون داوایان کرد، کە تەرمەکەی وەرگرنەوە بۆ ئەوەی بینێژن، پرسیانکرد کێ کەس‌و کاریەتی با بێ تەسلیمی بکەینەوە؟ لەو کاتەدا براکەی، کە ناوی (مامۆستا رەئوف) بوو رۆیشت بۆ لایان، یەکسەر ئەویشیان لە تەنیشت براکەیەوە شەهید کرد.

خالیدی حاجی فەرەج کۆکۆیی:

بەرپرسی قوتابیان بوو. لە ساڵەکانی ١٩٥٩دا ئەم پیاوە زۆر بەتوانا بوو پێشمەرگەیەکی زۆر ئازاو خوێندکارێکی زۆر لێهاتوو بوو. بەڕاستی هەرچەند بڵێی لەبارەی ئەم تێکۆشەروە زۆر کەمە.

عومەری حاجی سەعید:

له بنەماڵەیەکی دیاری نیشتمانپەروەر بوو، پیاوێکی زۆر دڵسۆز بوو، بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەی زۆر قارەمان و لێوەشاوە بوو هەموو، کاتەکانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ کوردایەتی، کادیرێکی دڵسۆزی کوردایەتی بوو. له ساڵی ١٩٦٣دا له ناوچەی نەورۆڵی لەدێی چرۆسانە مەفرەزەیەکی جاش گرتیان زۆر سزایانداو دەست و قاچیان شکاند. بە گیراوی هێنایان بۆ ناحیەی سیروان (دوجەیله). لەبەر ئەنجامی لێدانێکی توندو تیژدا شەهید بوو. ئەو پیاوە لەگەڵ ئەو هەموو لێدان و سزایەدا هەر کۆڵی نەدەدا، بەرانبەر بە جاشەکان دەیگوت: "من کادرم خزمەتی خەڵکی کوردستان دەکەم، ئەو رۆژەی کەمن رێبازی کوردایەتیم هەڵبژارد ئەم شتانەم لەبەر چاو بوو، منەتتان نەبێ چیم لێدەکەن بیکەن." داوای ئەو ناوانەیان لێدەکرد، کە ئیشیان لەگەڵ دەکرد. ئەویش هەر دەیگوت: "ناوی کەستان پێ ناڵێم، چیتان لەدەست دێ بەرانبەرم بیکەن."

مام عوسمان هۆمەر:

خەڵکی دێی تەپی سەفا بوو. پیاوێکی زۆر خانەدان بوو، هەمیشە له خزمەتکردنی پێشمەرگە درێخی نەکردووە.

ئەحمەدی حەمە ساڵح:

پیاوێکی تێکۆشەرو ئەندامی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە بوو نەك خۆی بەڵکو هەموو خێزانەکەیان‌و ماڵەکەیان کردبوو بە دیووەخان بۆ ئەو خەڵکەی کە ئیختیفایان دەکرد. لەنێو شاردا رۆڵێکی زۆر جوامێرانەی هەبوو بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان هەتا ئەو رۆژەی، کە دنیای بەجێهێشت. تووشی نەخۆشی کوشندە بوو، هەموو جارێ باسی ئەوەی دەکرد، کە رزگاریی من رزگاربوونی کوردو کوردستانە، بەڵام بەداخەوە سەری نایەوەو کاتێکیش مرد، هیچیان وەکو پێویست بۆ نەکرد.

ئەحمەدی حەمە ئەمین مەولود ئەورۆڵی:

خەڵکی بریسی سەروو بوو، ئەم پیاوە زۆر تێکۆشەرو ناسراوی ناوچەکەیە زۆر خزمەتی پێشمەرگەو کادرەکانی شۆڕشی میللەتەکەمانی کردووەو قەد سەریشی بۆ دوژمن شۆڕ نەکردووە، تاکە پیاو بوو لەو ناوچەیە چەندەها جار حوکمەت زەختی خستە سەر کەچەك هەڵگرێ بۆیان بەپارەو بەچەك ئیغرایان دەکردو بەڵام ملی نەئەدا بەهیچ لایەك هەر بەردەوام بوو لەسەر گرتنی رێبازی پیرۆزی کوردایەتی وازی لە هەموو بەرژەوەندیەکی خۆی‌و ماڵ‌و منداڵی هێنا بوو لە پێناو بەرژەوەندی ڕاستەقینەی گەلی کوردستاندا، ئەوە بوو عبدالوهاب ئەتروشی چەند جارێك گرتی‌و سجنیان کرد وە زۆر

عەزێتیان ئەدا بەڵام ئەو خاوەنی هەڵوێستێکی شەریفانە بوو پاشان عبد الوهاب ناردیە سەری بۆ ماڵەوەو شەهیدیان کرد لەگەڵ هەندێك لە منالەکانیدا.

سەعدی بەگی تەوێڵەیی:

بەڕاستی ئەم پیاوە نموونەی شەهامەتو پیاوەتی بوو، لە پێناوی بەرژەوەندی ڕاستەقینەی میللەتەکەیدا لە ساڵانی ١٩٦٣ چەند جارێك لە لایەن عبدالوەهابەوە گیراوەو ناردوویانە بۆ ماوەت، سزایەکی زۆریان دا، بەڵام ئەم پیاوە هەربەردەوام بوو لەسەر ڕێبازی پیرۆزی ڕاستەقینەی کوردایەتی، ماڵیان لە تەوێڵە بوو جاری وا هەبوو (٣) سێ مانگ لە ماڵ نەدەهاتە دەرەوە بۆ ئەوەی شیهانە نەکرێت، یان قسەی ناشرین لە ڕوویا نەکرێت تەحەمولی هەموو ئەرکو ئازارێکی دەکرد لە پێناوی مافی ڕەوای گەلەکەیدا، بەڕاستی جێگەی فەخرو شانازی بوو بۆ خەلکی کوردستان بەڵام بەداخەوە ئەویش هەروا سەری نایەوە.

هەزەی مامە خان:

پیاوێکی نیشتمان پەروەر بوو هەموو کاتەکانی خۆی تەرخان کردبوو، لە بارەگاکانی کوردایەتیدا بۆ خزمەت کردنی پێشمەرگەو کادرەکانی ڕێبازی کوردایەتی بەبێ بەرانبەر وەهەر بەو ئاواتەوە سەری نایەوە.

نوریی حەمەی ئانەوا:

لەساڵەکانی ١٩٥٤دوە بەردەوام بوو لەسەر ڕێبازی کوردایەتی. پیاوێکی زۆر دڵسۆزو بەتواناو تێکۆشەر بوو، لە ساڵی ١٩٥٩ ئەندامی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە بوو، لە ئیش و کارەکانیا زۆر سەرکەوتوو بوو لە ساڵی ١٩٦٠ دا لەسەر چالاکیو وەفاداری بۆ کورد چوونە سەری بۆ دوکانەکەی خۆی دوو خەنجەرایان لێ دا بەڵام بە ڕێکەوت لە مردن ڕزگاری بوو. دوای عیلاجێکی زۆر ئەو برادەرە هەر بەردەوام بوو. لەسەر ڕێبازی کوردایەتی، تاکو بەو ئاواتەوە سەری نایەوە خواڵێی خۆش بێت بەڕاستی نموونەی ئەخلاقو پیاوەتی بوو.

شێخ سەعیدی موفتی:

پیاوێکی زۆر تێکۆشەرو دڵسۆز بوو بەرانبەر بە میللەتەکەی، هەموو تەمەنی گەنجیی خۆی لەپێناوی ئاواتو ئامانجی نەتەوەکەیدا بەسەر برد. لە بنەماڵەیەکی ئاینیی خەڵکی هەڵەبجەن ماوەیەکی زۆر بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە بوو. زۆر بە ڕێكو پێکی ئیشەکانی خۆی بەرێوە دەبردو پیاوێکی دەست پاكو داوێن پاك بوو.

شێخ عەلی شێخ کەریم عەبابەیلێ:

پیاوێکی تێکۆشەرو ماندوونەناس بوو. یەکرێ لەگەڵ شۆڕشدا هاتو سەبرو تەحەمولی هەموو شتێکی کرد. ئەم پیاوە کارمەندی حکومەت بوو، وازی لە هەموو مووچەو سەروەتو سامانو خۆشگوزەرانی خۆی هێنا بۆ کورد.

ئەفراسیاب بەگی ئەحمەد بەگی جاف:

لە ساڵی ١٩٥٤دا لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاك (نوری ئەحمەدی تەها) خۆیان پاڵاوت بۆ ئەندامی پەرلەمانی عیراق لە هەڵەبجە. ئەو کاتە لە عیراقدا نیمچە ژیانێکی دیموکراسی پەیرەو دەکرا. هەر چەندە دەسەڵاتدارانی میری هەمیشە بەلای ئەو کەسانەدا دایاندەتاشی، کە سەر بە خۆیان بوون، بەڵام ئەم دوو خوالێخۆشبووە لەلایەن جەماوەرەوە خۆشەویست بوونو دەنگیان بۆ درا. دەرئەنجام هەر نوێنەری میری دەرچوو. من لێرەدا باسی ئەو بەرێزانەم کردووەو بە ویژدانەوە لە هەڵوێستیان دواوم، چونکە لەو سەردەمانەدا کەسانی وا کەم بوون، کەسانێکی چینەکانی خوارەوە هەبوون، کە خۆیان کردبوو بە داردەستی دەستەڵاتدارانو پشتیان لە شۆڕشی رزگاریو ئازادیخوازی میللەتەکەمان کردبوو.

حاجی ئەوڕەی ئەسە تەویلەیی:

پیاوێکی زۆر تێکۆشەرو کورد پەروەر بوو خاوەنی هیچ نەبوو بەرانبەر بە شۆڕشی گەلی کوردو وەزعی ژیانی زۆر باش بوو ئەو کاتە تفەنگێکی برنەوی دا پێمان بۆ بەرگری کردن لە حەقی ڕەوای گەلەکەمان، پیاوێکی ناودارو بە توانا بوو لە هەموو بوارەکاندا، زۆر جار ئەیووت کەی بێت ئەم کوردستانە بە ئازادی ببینین، بەڵام بەداخەوە بەو ئاواتەوە سەری نایەوە.

ساڵح عەبدوڵڵا بامۆکی:

پێشمەرگەیەکی دلێرو لێهاتوو بوو لە نەتیجەی ئازایەتیو لێوەشاوەیی خۆی ساڵی ١٩٦٣ بوو بە سەرپەل لە لقی بیارە، بەڕاستی زۆر بەتواناو تێکۆشەر بوو هیچ سڵی لە دوژمن نەدەکردەوە هەموو کاتێک بیری لەوە دەکردەوە چۆن دەست لە دوژمن بوەشێنێ، بەڵام بەداخەوە ئەویش ئاواتەکانی بردە ژێر گڵ.

عەبدوڵڵای مەلا ئەمین:

ئەندامی لیژنەی جوتیارانی هەڵەبجەو دەوروبەری بەڕاستی پیاوێکی زۆر قارەمانو تێکۆشەر بوو بۆ خزمەتکردن لەپێناوی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، ئەم پیاوە هەر کاتێك ئیشێکت پێ بسپاردایە شەو

یان ڕۆژ زۆر بەرێك‌و پێکی ئەچوو بەپیر ئەو ئیش‌و کارانەوەو وازی لە هەموو خێرو خۆشی هێنابوو بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، زۆر بەداخەوە لە ساڵی ١٩٧٤ لە ئەنجامی قەسف کردنی شاری هەڵەبجە لەلایەن فرۆکەکانی بەعسەوە شەهید کرا.

فرەج هەورامی:

یەکێ بوو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی ڕۆژانی سەخت‌و لێقەومان. بەڵام سەیر لەوەدا بوو، ئەگەر شەڕ بوایە بەسەردەکرایەوە، بەڵام ئەگەر ئاشتی بوایە کەس گوێی لێ نەدەگرت. ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ شەهیدی نەمر کاك (قادر کۆکۆیی) هاتن بۆ ماڵەوە بۆلام، زۆر گلەییان دەکرد لە هەندێ لە کاربەدەستان وەکو پێویست هیچ شتێکیان بۆ ناکەن، نەوەك بەرپرسیاری، نەوەکو ژیان، نەوەك یارمەتی، زۆر دلگران بوون، پێیان گوتم بەڵکو بە (مام جەلال) بڵێیت بۆچی لە ڕۆژە ڕەشەکاندا ئێمە سەرکردەین‌و تێکۆشەرین، بەڵام لە ئاشتیدا هیچ حسابێکمان بۆ ناکەن. منیش زۆر (دڵخۆشیم کردن) پێم گوتن: ئەم شۆڕشە شۆڕشی خۆمانە، بە ڕەغمی هەموو کەم‌و کوڕیەك نابێ کۆڵ بدەین، بەڵام بەداخەوە ئەوە بوو لەدوای چەند مانگێ لە شەڕێکی بەرانبەردا هەردووکیان شەهید کران زۆر بەداخەوە ئەو برادەرەو چەندەهای تر بەوەدەردەوە سەریان نایەوە.

عیزەت حەمە سەعید تەوێڵەیی:

پیاوێکی زۆر دڵسۆزو تێکۆشەر بوو، هەموو کاتەکانی خۆی تەرخان کرد بوو بۆ خزمەتی گەلەکەی هەر لەساڵەکانی ١٩٦٠ەوە بەچەکی خۆیەوە لە تەوێڵە خەریکی کاری ڕێکخستنو پێشمەرگایەتی بوو، بەڕاستی خاوەنی تەقدیرو ڕێزێکی زۆر بوو لەناو خەڵکی هەورامانو ناوچەکانی تری کوردستاندا.

عەبەی خاڵێ:

ئەوەندەی من ئەو پیاوەم ناسیبێ خاوەنی هەڵوێستێکی باش بووەو هیچ شتێ کاری تێنەکردووە، کە ڕێبازی کوردایەتی بەجێ بهێڵێ لە هەمو کاتو زروفێکدا هەر پشتگیری لە کوردو شۆڕش ی کورد کردووە چەندین جار ئەم پیاوە قارەمانە تووشی کێشەو ناڕەحەتی بووە لەگەڵ خۆفرۆشان لە پێناوی شۆڕشی کوردستاندا، ئاواتو ئامانجی ئەم پیاوە ڕزگاری کوردو کوردستان بوو بەڵام بەداخەوە بێ بەش بوو لە هەموو خێرو خۆشیەکی ڕزگاری گەلەکەمان.

حەمە ڕشید ئەولی محەمەدی گردی گۆ:

پیاوێکی ناودارو تێکۆشەر بوو لە هەموو کاتە ناتەواوەکانی ساڵی ١٩٦٣ ئەو کاتە ئێمە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ لەچەمی زەڵم دا ڕێمان گرت لە

جەیش‌و جاش، چەند جارێك حكومەت هێرشی بەربلاوی ئەكردە سەرمان بۆ كردنەوەی ڕێگەكە، بەلام ئەشكان هەردوای ئەوەی جەیش‌و جاشەكان ئەگەڕانەوە خەڵكی ئەو چەند دێیەی دەوروبەری زەڵم بەنان‌و دۆو چاوە ئەگەیشتنە سەرمان. بەڕاستی زۆربەی زۆری ئەركمان لە سەرماڵی خوالێخۆشبوو كاك حەمە رشید ئەولێ محەمەد بوو، بەبێ ئەوەی ناوچەوانمان لێ گرژ بكا بەخۆی‌و ماڵ‌و منالیەوە یارمەتیان دەداین.

حەمەی هەواس ئێناخی:

هەتا بلێی پیاوێكی بە تواناو لێوەشاوە بوو سەرپەلی (٣) سێ بوو لە لقی بیارە، پیاوێكی خۆشەویست بوو لەناو خەڵكدا لە ڕۆژانی تەنگانەدا زۆر بەهیمەت بوو.

غەریب عەبدولقادر:

لێپرسراوی جوتیارانی هەڵەبجە پیاوێكی زۆر تێكۆشەرو نیشتمان پەروەر بوو بەڕاستی نموونەی پیاوەتی‌و شەهامەت بوو وە هەمیشە ماڵەكەیان جێگەی كۆبوونەوەو وتووێژ بوو بۆ جوتیارانی هەڵەبجەو ناوچەكە.

ئەحمەدی عەول کریم:

لەسەرەتای ژیانی کادرێکی چالاکی کوردایەتی بووە بەبێ دوودڵی و کەمتەر خەمی، زۆر جار تووشی چەندەها کێشە بووە لەسەر ڕێبازی کوردایەتی بەڵام ئەم پیاوە قارەمانە هەر بەردەوام بوو لە خەباتی خۆیدا بەداخەوە لە ساڵی ١٩٨٨ لەهەڵەبجەی شەهید خۆی و خێزانی و چوار منداڵی بەچەکی کیمیاوی لەناو چوون.

ڕەئوف مستەفا بەگی قلیجە:

پیاوێکی زۆر ئازاو تێکۆشەر بوو، لەساڵەکانی ١٩٦٠ەوە یەک ڕێ لەگەڵ ڕێبازی کوردایەتی‌دا هاتووە بێ لادان ئەو پیاوە بەبنەماڵە تێکۆشەر بوو تووشی هەزارو یەک دەردی سەری بوون لە پێناوی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دا. پیاوێکی دەست پاک و داوێن پاک بوو لەکاتی شەرپێشدا خاوەن هەڵوێستێکی قارەمانانە بوو.

کوێخا عبداللەی کۆیی:

پیاوێکی زۆر تێکۆشەر بووە لە ساڵەکانی ١٩٥٩ەوە هەموو وەختی خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی کوردو شۆڕشەکەی لەهەر کاتێکدا پێی کرابێت بەهەموو تواناوە ئیش و کاری ڕێک و پێکی کردووە بۆ خزمەتی میللەتەکەی، ماڵەکەشی دیووە خانی پێشمەرگە بووە، خۆی بەخاوەنی

هیچ نەدەزانی‌و بەچەکی خۆیەوە بووە بە پێشمەرگە بەبێ مقابیل، هەروەها زۆر بەتەنگ دۆست‌و هاورێکانی‌یەوە بووە لە رۆژە رەشەکاندا.

ئەنوەر بەگی جاف:

ئەم پیاوە پارێزەرو خوێندەوار بوو، دۆستێکی نزیکی خوالێخۆشبوو مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) بوو، زۆربەی پیاوە سیاسییەکانی کورد سەردان‌و دیدەنیان دەکرد، ئەویش بەپێی توانا یارمەتی ئەدان. ئەم پیاوە هەر چەند خاوەن موڵك بوو، بەڵام زۆر ئیش‌و کاری باشی دەکرد. هەرکاتێ خوالێخۆشبوو مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) سەردانی هەڵەبجەی بکردایە لە ماڵی ئەوان میوان دەبوو.

مەلا حسێن کۆکۆیی:

ئامۆزای قادر کۆکۆیی بوو. پیاوێکی زۆر تێکۆشەرو ئازاو بەجەرگ بوو زۆر عاقڵ‌و لەسەر خۆ بوو، بیرم دێت زۆر جار بۆ پێشمەرگەکانی باس دەکرد کە دەچنە ماڵان زۆر رێك‌و پێك‌و لەسەر خۆ بن لەقسەکردن دا.

ئەحمەد عەبدوڵڵا کوردە:

ناسراو بە ئەحمە سمێڵ لە عەشرەتی میراڵەیی: پیاوێکی زۆر تێکۆشەرو دڵسۆز بوو لەسەرەتای شۆرشی ئەیلول تا ساڵەکانی ١٩٦١ بەچەکی

خۆیەوە بوو بە پێشمەرگە وە سەیارەیەکی جێبی هەبوو تەرخانی کردبوو بۆ کاروباری ڕێکخستن‌و پێشمەرگایەتی. بەڕاستی ئەم پیاوە ئەوەندەی من دەیناسم لەکاتی شەڕداو لە ڕۆژە شوومەکانی لێ قەوماندا خاوەنی هەڵوێستێکی پیاوانە بوو لە بەرەکاندا بۆیە بە ئاسانی دوژمن نەیدەتوانی ڕووی تێ بکات، لەگەرمەی شەڕدا هۆرەی دەکردو وورەی پێشمەرگەی بەرزدەکردەوە وەهەروەها ساڵی ١٩٨٢ بەیەکەوە گیراین لە لایەن بەعسەوە لە سلێمانی لەگەڵ ئازاردان‌و ئەشکەنجەیەکی زۆردا ڕۆژبە ڕۆژ ئەم پیاوە زیاتر مەعنەویاتی بەهێز دەبوو لەگەڵ ئەو وەزعە ناخۆشەی کە بەسەرمان دەبرد لەگرتوخانە بەدەستی کەلەبچەو چاوی بەستراوەوە ڕۆژانە ئەیان بردین بۆ ئەشکەنجەو ئازار، ئەم پیاوە بەهیچ جۆرێك تەنازلی نەدەکرد.

حەمەی ڕەشە قوڵچی:

زۆر بە تواناو هەڵکەوتوو بوو، هیواو ئاواتی ڕزگاری‌و دۆستایەتی بوو لەناو خەڵکدا کاتێك کە گیرا بەعەسکەر دوای ماوەیەك ڕای کردو هاتەوە بۆ هەڵەبجەی شەهید لەڕێگە گرتیان ماوەیەکی زۆر لە سجن مایەوە جارێکی تر لەسجن ڕای کرد، ئەم پیاوە قارەمانە بەدەمانچەیەکەوە لەدەوروبەری هەڵەبجە لە ساڵانی ١٩٥٦، ١٩٥٧ دابێ سڵ کردنەوە لە حکومەت لەزۆر شوێن ئەبینرا پۆلیسەکانیش لە ترسا

خۆیان لیَ لائهدا هەرچەندە باسی بکەیت لە هەموو رووییەکەوە زۆر لیَهاتوو بوو بەلاّم بەداخەوە بەدەستی دۆستیَکی ناپاکی خۆی لەناکاو دایان بەسەریاو شەهیدیان کرد لەگەڕەکی کانی عاشقان زۆر بەداخەوە ئەم کوڕە ئازایە چاوەڕوانی شتی چاکی لیَ دەکرا بۆ خزمەتی خەلّکی کوردستان.

دلیَر جاف:

پیَشمەرگەیەکی قارەمانو تیَکۆشەر بوو. بەڕاستی لە کاتی شەڕو پیَکداداندا زۆر قارەمانو بەتوانا بوو، چەند جاریَ ریَم کەوتۆتە مالّیان، ئەوان خاوەنی هیچ نەبوون بەرامبەر شۆڕشو پیَشمەرگەی کوردستان.

پیاویَکی زۆر تیَکۆشەرو لیَهاتوو بوو بەهەموو مانای ووشە کە پیَشمەرگە بوو لەو ڕۆژانەی کە زۆرمان بۆ دەهات شەهیدی نەمر دەکرا بە بەرپرسی بەرە بەلاّم بە داخەوە ئەویش وەکو شەهیدی نەمر قادر کۆکۆیی کەوەزعەکە ئارام دەبووەوە ئەیان ووت توانای بەرپرسییان نییە هەندیَ لەو برادەرە بیَ ویژدانانە، کاك دلیَر هەتا شەهید بوو هیچ توانایەکی مادی نەبوو کەپیَی بژی وەهیچ بیریَکی لەبەرژەوەندی تایبەتی نەدەکردەوە جگە لە دانانی بۆسە بۆ دوژمن وەلیَدانیان بە

داخەوە تا شەهید بوونی زۆر دەستی کورت بوو، وهیچ حسابێکی بۆ نەکراوە وەکو پێویست.

عوسمان عەلی حاجی ساڵح:

ئەندامێکی دڵسۆزی شۆڕشی گەلەکەمان بوو پیاوێکی نەبەز بوو زۆر هیلاك بوو لە پێناوی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا زۆر بەداخەوە ساڵی ١٩٨٧ لە خۆپیشان دانەکەی هەڵەبجەدا بەئەسیری لەگەڕەکی کانی عاشقان لە ماڵی خۆیدا بەبریندار دەستگیر کرا لەلایەن جەلادەکانی بەعسەوە، برینەکەی سووك بوو بەڵام بەداخەوە خۆیو چەند کەسێکی تر لەبەردەم کانی شێخی بامۆك هەر بە زیندویی کردنیان بەژێر خۆڵەوە وەهەروەها گەڕەکی کانی عاشقان زیاتر لە سێ سەد ماڵ دەبوو هەموویان تێکوپێك دا بەسەر دانیشتووە هەژارو بێ دیفاعەکاندا بێ ئەوەی دەست لەژنو منداڵو پیر بپارێزن زۆر بەداخەوە.

حاجی ساڵحی گێڵەك:

پیاوێکی زۆر دڵسۆزو لێوەشاوە بوو خاوەن هەڵوێستێکی کوردایەتی بوو ماڵیان لە گوندی (گێڵەك) بوو، ئاشێکی هەبوو لە نزیك جادەی پردی زەڵم (ئاشی ئارد). هەر دەنگوباسێکیان ببیستایە یەکسەر خەڵکی دەناردوو ئاگاداریان دەکردین لە جمووجووڵی میری. زۆر جار دەهاتە

لامان دڵخۆشی دەكردین، پێی دەگوتین زۆر ئاگاتان له خۆتان بێ، ئەزانم ئێوه له مردن ناترسن، بەڵام ئەمه جێگای شەڕ نییەو زۆر وریابن. كۆمەڵێ قسەی دۆستانەی بۆ دەكردین، ئێمەش قسەكانیمان قبوڵ بووو به دۆستێكی خۆشەویستمان دەزانی، بەڵام دەمانگوت به هەموو توانامان هەوڵ دەدەین نەهێڵین دوژمن له پردی زەڵم بپەڕێتەوه بەرەو هەڵەبجەو خورماڵ. ئەویش دەیگوت منیش شەوو رۆژ دۆعای خێرم له سەره بۆتان بكەم.

حاجی موشیر كۆكۆیی:

له ساڵەكانی ١٩٥٩ وەكو دۆستێكی حیزبی پەیوەندی كردووه بەپارتی دیموكراتی كوردستانی ئەو كاتەوه، پیاوێكی زۆر ناسراوو بەوەفا بووه، وەزعی ژیانیشی زۆر باش بووه له ساڵەكانی ١٩٦٤ بووه به پێشمەرگه لای ئێمه. به حوكمی لێهاتوویی خۆی كراوه بەسەرپەل له لقی (٣) ی بیاره. ئەو پیاوه دەورێكی زۆر باڵای هەبووه له شەڕی ناوچەكەدا، پیاوێكی دەست پاكو داوێن پاكو قسه خۆش بووه.

مستەفای حاجی فرج تەوێڵەیی:

پیاوێكی زۆر دڵسۆزو تێكۆشەر بوو، ماڵەكەی جێگەی حەوانەوەی پێشمەرگەو كادرەكانی كوردایەتی بوو، هەر كاتێ بچوویتایه ماڵەكەی

خۆی بەخاوەن ماڵ نەدەزانی هەر بەبنەماڵە تێکۆشەر بوون لە ڕێگای کوردایەتی‌دا.

عەبدوڵڵای مەلا عەلی هەڵەبجەیی:

کادێرێکی تێکۆشەرو دڵسۆزبوو. بەداخەوە ئەم ئازادییەی نەبینی، کە هەمیشە خەونی پێوە دەبینی.

حەمە نوری حاجی ئەمین:

پیاوێکی ناسراوی هەڵەبجە بوو، لە بنەماڵەیەکی شۆڕش گێڕو نیشتمان پەروەر بوو، پیاوێکی زۆر عاقڵو لەسەر خۆ بوو، کادرێکی دڵسۆزی کوردایەتی بوو، لەناو خەڵکیدا زۆر ڕێزی لێ دەگیرا ئاواتو ئامانجی ڕزگاری خەڵکی کوردستان بوو، تووشی چەندەها ئازارو ناڕەحەتی بوو لەو ڕێبازەدا، بەڵام هەر کۆڵی نەدا تا شەهید بوو.

حاجی ئەولکەریم:

لە دێی شیرەمەڕ بوو. پیاوێکی زۆر تێکۆشەر بوو، زۆربەی ئیش‌و کارەکانمان لە ڕێگەی ئەوەوە دەکرا وەهەروەها گواستنەوەمان لەدێیەك بۆ دێیەکی تر.

حاجی عەبدوللای کەلۆش:

پیاوێکی زۆر جوامێرو لێهاتوو دڵسۆز بوو بۆ شۆڕشی گەلەکەمان هەر لەساڵەکانی ١٩٦٠ هەتا شەهید بوونی خاوەنی ڕێزو ئیحترام بووە لەناو خەڵکی ناوچەکەدا. ئەم پیاوە وەزعی ژیانی باش بوو وە قەد درێخی نەکردووە لە خزمەت کردنی پێشمەرگە بەخۆیو براو کەسو کاریەوە.

عەلی حاجی فەرەج:

دوو سێ وەکالەتی هەبوو، ژیانو گوزەرانی باشبوو. جاشەکانی نێوشار، زۆر جار بۆ ئەوەی دوکانی خەڵك تاڵان بکەن دەیانکرد بە تەقە لەنێو شاردا، ئەو دوکانانەی کەوا هەندێ شتی بەنرخی تیابووایە کاتێ خاوەنەکانیان ناچار دەبوون رابکەن، ئەوان دەچوون تاڵانیان دەکرد. یەکێ لەوانە دوکانی ئەم پیاوە بوو. دەیانگێڕایەوە لە نێوان خێزانی دوو بنەماڵەی جاشدا بووە بەشەڕ. لە سەر دابەشکردنی سەعاتی دوکانەکەی، ماڵێکیان بە ناوی (سەعەی سلێمان)ەوە گوتبووی:

"نەنکم سەعاتی بەرنەکەوتووە."

ئەمانەو شتیتری لەم شێوەیە، کە لەلایەن چەند پیاو خراپێکەوە لە نێو شاری هەڵەبجەدا ئەنجام دەدرا.

محەمەد ئەمین مام کریم:

خەڵکی ناوچەی دوکان، پیاوێکی فەرماندەو لێهاتوو دڵسۆز بوو، لە ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ ڕێبازی کوردایەتی‌دا بووە چ وەك ڕێکخستن چ وەك فەرماندە. زۆر پیاوێکی ڕوو خۆش‌و قسە خۆش بوو لەناو خەڵکیدا ئەوەندەی من ناسیبێتم کەس گلەیی لێ نەبووە.

مەحمود بەگی حسێن بەگ:

پیاوێکی ناوداری هەڵەبجە بوو، چەند جارێ لەلایەن حکومەتەوە داوای لێکرا هاوکارییان بکا بۆ ئەوەی کۆمەڵێ چەکداری هەبێ، بەلام ئەو هیچی قبوڵ نەکرد. چەند جارێ بۆی باس کردم دەیگوت:
"من ئەگەر بارو گوزەرانیشم زۆر خراپ بێ، ئەوا هەر ئامادەنیم خیانەت لە کوردو کوردستان بکەم."

مەحمود بەگی ئەورەحمان ئەفەنی:

دانیشتووی شاری هەڵەبجە بوو، خاوەنی زیاتر لە (٧٠) دوکان بووە لە نێو هەڵەبجەدا. کاتێ کرێی دوکانەکانی وەردەگرت، دابەشی دەکرد بە سەر لیقەوماوان‌و هەژاراندا، خۆیشی مانگی وا هەبوو لە ناوەڕاستی مانگەکەدا قەرزی دەکرد. ئەم پیاوە سەڵت بوو، زۆری پێخۆش بوو خزمەتی جەماوەر بکا، بەداخەوە ساڵی ١٩٧٤ لە هێرشەکەی شاری

هەڵەبجەدا خۆیو خزمو کەسو کارەکانی لەناو خانووەکەدا بەر ناپاڵم کەوتنو هەموویان شەهید بوون.

حسن بەگی عەلی بەگی جاف:

ئەم پیاوە لە بەگزادە ناودارەکانی ئێلی جاف بوو، لە زەمانی پاشایەتیدا ئەندامی پەرلەمان بوو، خاوەنی (٧٠) دێ بوو، هەر لە ناوچەی (جەلەولا)وە بگرە تا (شارەزوور) گوندی هەبوو. جگە لەوە شاعیرو نووسەریش بوو.

مولازم عوسمان سەعید بەگ:

مرۆڤێکی زۆر قارەمانو بە توانا بوو. ماوەیەکی زۆر پێکەوە بووین لە ڕۆژە ناخۆشەکانداو هاوڕێی یەکتر بووین. لە مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٧٤دا وەکو سەرلق لەگەڵ مندا بوو لە شەڕەکانی سەرتیزو بێشێ.

حامید حەمە تایەر بەگ:

لە ساڵەکانی ١٩٦١ لەلایەن میریەوە بڕیاری گرتنی دەرچوو بوو لەبەر ئەوەی پیاوێکی نیشتمان پەروەر بوو سڵی لە هیچ کەلو کۆسپێك نەدەکردەوە لە پێناوی بەرژەوەندی میللەتەکەیدا من ئەم شاهیدیە

ئەدەم بۆ ئەوانەی کەناوم نوسیون کە خاوەنی خەباتێکی بێ ووچان بوون لە رۆژە رەشەکاندا.

مستەفا کۆکۆیی:

پیاوێکی زۆر بەحورمەتو ئازاو لێوەشاوە بوو بەشداری زۆر شەڕی سەختی کردووە لەگەڵ دوژمنانی شۆڕشی گەلەکەمان.

قادر کۆکۆیی:

یەکێ بوو لە قارەمانانی شۆڕشی سەرەتایی، کە لە هەموو شەڕو پێکدانێکدا هەرگیز سڵی لە دوژمن نەکردۆتەوە. پێنج جار بە سەختی بریندار بوو. هەر کاتێ، ئەگەر شەڕێکی قورس بووایە، بەرپرسیان داوەتێ. بەڵام ئەگەر ئاشتی بووایە، پشتگوێ دەخرا. ئەمەی چەند جار لای من باس دەکرد، بەتایبەتی لەم دواییەدا. ئەوە بوو، لە شەڕێکی بەرانبەردا خۆیو کوڕەکەی شەهید کران لە نزیك سید سادق. کاك قادر وەك بنەماڵە خاوەنی خەباتێکی دوورو درێژەو چەندین کەس لە بنەماڵەکەیان شەهید کراون، وەك براو ئامۆزاو خزمو کەسو کاری.

شێخ حهمه ئهمینی شێخ مستهفا عهبابهیلیی:

پیاوێکی زۆر تێکۆشهرو لێهاتوو بوو له ساڵهکانی ١٩٥٩ ئهندامی لیژنهی جوتیاران بووه کاری زۆر چاکو رێکو پێکی ئهنجام داوه بۆ بهرژهوهندی خهڵکی کوردستان له هەموو بوارهکاندا. ئهم پیاوه برای شههیدهو کوڕی شههیده زۆر هیلاك بووه لهگهڵ شۆڕشی گهلهکهماندا تاکو ئێستا ئهویشو حاجی مشیری کۆکۆیش له جێگادا کهوتوونو وهزعی ژیانیان خراپهو هیچ شتێکی وایان بۆ نهکردوون بۆ ئهوهی پێی بژین ئهم پیاوه ناودارانه که باسم کردن به حهقی خۆمی دهزانم چونکه مێژوو شاهیده که چ دهورێکیان ههبووه له شۆڕشی گهلی کوردستاندا. زۆر پیاوی چاکو هەڵوێستی کوردانهم دیوه له ناوچه جۆراو جۆرهکانی کوردستان که ناتوانم ناوی ههموویان بنووسم چونکه بهڕاستی ههندێك لهمانه زۆر هیلاك بوونو لهگهڵ ئهرکو ئازاری میلهتهکهماندا بوون لهوانه:

مستهفا ئهفهندی:

له خورماڵ دادهنیشت. ئێمه، که پێشمهرگه بووین، ههرچهنده له سهرهتادا گلهییمان لێی ههبوو، بهڵام ئهو خۆی زۆر له ئێمه نزیك دهکردهوه. هاتووچۆی (سلێمانی - سید سادق)ی دهکرد. رۆژێ هاته لامان، گوتی زۆر ئاگاتان له خۆتان بێ، حکومهت دهیهوێ به ههموو

شێوەیەك بگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە. ئەو کاتە هەڵەبجە بەشی ئیدارەی تیا بوو عەسکەری تیانەبوو. ئێمەش تاکو رادیەیەك گوێمان لێ دەگرت. ئەم پیاوە دوای ماوەیەك تفەنگێکی برنەوی هەبوو ناردی بۆمان، گوتی: "با لاتان بێ، بەڵام لای کەس باسم مەکەن." بەوە ئەم پیاوە زۆر لێمان نزیك بووەوەو دەرکەوت پیاوێکی باشە. زۆر زانیاری راستی بۆ دەهێناین. لەم شۆڕشە نوێیەشدا دوو کوڕیو دوو برازای شەهید بوون. ئەو کاتەی ئەو تفەنگەی بە ئێمەدا، بۆ ئێمە شتێکی زۆر بوو، چونکە ئێمە چەکەکانمان هۆڵەندیو ئینگلیزی بوو لەگەڵ پێنج تیر.

حاجی عەلی کەڵوڕ:

یەکێ بوو لەو پیاوە دڵسۆزانەی، کە پێی لێ نەدەبڕین. کە رومان دەکردە ماڵەکەی بەرەو پیرمان دەهات. زۆر جاریش، ئەگەر دەنگوباسێکیان بزانیایە لە لایەن پیاو خراپانەوە، زوو ئاگاداریان دەکردین بۆ ئەوەی وریای خۆمان بین.

حاجی حەمە عەلی تەپەتۆڵەکە:

خۆیو خێزانەکەی زۆری یارمەتی دەداین لە کاتی لێ قەوماندا بە ووڵاخو تراکتۆر نانو ئاویان فریا دەخستینو سەردانیان دەکردین بۆ سەنگەرەکانمان.

حەمەی ئەورەحمان ئاغا:

بەڕاستی ئەم پیاوەش خاوەنی هەڵویستێکی کوردایەتی بوو، بە هیچ جۆرێ سازش‌و سەری بۆ دوژمنانی کورد دانەنەواند.

حاجی حەمە ئەمینی حامید:

لە دێی (جانجان)ی سەر بە ناحیەی سیروان بوو. پیاوێکی زۆر خەمخۆرو دڵسۆز بوو بۆ پێشمەرگە، زۆر دڵنەوایی دەکردین‌و یارمەتی دەدایین.

مەلا رەئوفی دەرویش تۆفیق:

یەکێ بوو لە کادرە تێکۆشەرەکانی کوردایەتی هەر لە تەمەنی منداڵیەوە دەست بەکار بووە لە ڕێکخستنی قوتابیان‌و لەگەڵ شەهیدی نەمر خالدی حاجی فەرج‌و چەندین برادەری بە ئەمەك. کاك مەلا رەئوف خاوەنی خەباتێکی دوروو درێژ بوو. تووشی گەلێ چەرمەسەری‌و نارەحەتی‌و ئازارو ئەشکەنجەو دەربەدەری بووە لە ڕێگای کوردایەتی‌داو پیاوێکی زۆر بە هەڵویست‌و کۆڵنەدەر بوو، سڵی لە دوژمنانی شۆڕشی کورد نەدەکردەوە. چەندین کاری پێشمەرگایەتیی ناوخۆشی بێ سڵکردنەوە جێبەجێ کردووە. زۆربە داخەوە ئەو هەڤاڵە

لەم دواییەدا زۆر دەستی کورت بوو، ژیانی مادیی باش نەبوو تا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

رەئوفی حاجی حەمە عەلی:

مامۆستای کوردایەتی مامۆستا رۆوف لەساڵەکانی ١٩٥٥، ١٩٥٦ کاری کوردایەتی دەکرد. پیاوێکی زۆر دڵسۆزو بەتواناو تێکۆشەر بوو، وەزعی ژیانیان زۆر باش بوو، بێ سڵ کردنەوە لەبەرژەوەندی خۆیو بنەماڵەکەیانو سڵکردنەوە لە دوژمنی گەلی کورد ئەم پیاوە هەر بەردەوام بوو لەسەر رێبازی کوردایەتی لەدوای شۆرشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ دەستێکی باڵای هەبوو لە رێکخستنو دروست کردنی تەنزیم ی کوردایەتی ماوەیەك بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە بوو، کاری زۆر چاکی دەکرد، پیاوێکی دەست پاكو دڵ پاك بوو، ئەویش هەر بەو ئاواتەوە سەری نایەوە، بەداخەوە هیچ گۆڕانکاریەکی چاکی نەدی لەناو بزوتنەوەی کوردایەتیدا لەوکاتەدا.

رەئوف بەگی قلیجە:

کادرێکی ماندویی نەناسی تێکۆشەری عەسکەریو سیاسی بوو. ئەم مرۆڤە زۆر لە ئەندامانی بنەماڵەکەشی شەهید کراون لە پێناوی ئازادیو رزگاریی خەڵکی کوردستاندا.

بەشی چوارەم

حەمەی فەرەج لە کۆنگرەی دووەمی ی.ن.ك لە ساڵی ۲۰۰۱ لە شاری سلێمانی

گلەیی و رەخنە

من لەبەرئەوەی خاوەنی هەڵوێستی خۆم بووم و باوەڕیشم هەبووە بەوەی کردوومەو دەیکەم، زۆرجار تووشی کێشە هاتووم لەگەڵ لێپرسراواندا، چ لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و چ لە سەردەمی شۆڕشی نوێدا. هەڵبەت من هیچ مەرام و بەرژەوەندییەکی خۆیی و تایبەتیم نەبووە، بەڵکو هەر بیرم لە بەرژەوەندیی میللەتەکەم کردووتەوە بێ ئەوەی لە رووی هیچ کەسێکدا دابمێنم، یان چاوپۆشی لە هیچ چەوتی و هەڵەیەك بکەم. زۆرجار باجی ئەم هەڵوێستانەشم داوەو گرفتم بۆ دروست بووەو بێ منەتیش بووم، چونکە ئەنجام باوەڕم بە کێشەی رەوای میللەتەکەم هەبووە، کە لە سەرووی هەموو کێشەیەکەوەیە.

وەك چۆن چەکم هەلگرتووەو بەربەرەکانێی دوژمنانی میللەتەکەم کردووە، هەروەها لەنێو شۆڕشیشدا ئەوەندەی بۆم کرابێ لە رووی هیچ کاربەدەستێکدا سڵمنەکردوەتەوەو مافم پشتگوێ نەخستووە. دەسەڵاتدارانی کورد، ئەگەر شتێکی ناپەسەندیان کردبێ، بە ئاگام هێناونەتەوە. بۆیە زۆرجار تووشی کێشەو ناکۆکی بووم لە هەندێ شوێندا.

من پێم باشە هەرکەسێ پۆستو دەسەڵاتی دەکەوێتە دەست، هەوڵبدا کاری باش بکاو بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بپارێزێ، ئەمەش سەرمایەیەکی پیرۆزە بۆ پاشەڕۆژی ئەو کەسانە.

هەڵبەت زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان لەم شۆڕشە خوێناوییەدا بەشدار بووە. ئێمەی کاربەدەستان زۆر شتمان رووبەڕوو دەبێتەوە لەلایەن کەسوکاری شەهیدانو پێشمەرگە بێدەستو بێ چاوو بێ قاچەکانەوە. ئەوانەی ناو دەبرێن بەکەم ئەندامانی شۆڕش، زۆرجار گلەیی ئەوە دەکەن وەکو پێویست لایان لێناکرێتەوەو رێزیان لێناگیرێ، ئەمەش شتێکی زۆر خراپەو زۆر لە رێزو شکۆو حورمەتی شۆڕشەکەمان کەم دەکاتەوەو ناحەزانی شۆڕشەکەمان سوودی لێوەردەگرنو کێشەو دۆزەکەمانی پێ ناشیرین دەبێ.

من پێم باشە زۆر رێز لە کەسو کاری شەهیدان بگیرێو حسابێکی تایبەتییان بۆ بکرێو بەچاوی رێزو وەفاو نازەوە تەماشا بکرێنو رێز لەو کەسانە بگیرێ، کە لەپێناو میللەتەکەیاندا دەستو چاوو قاچیان لەدەست داوەو کەم ئەندام بوون. هەروەها رێزو حورمەت بۆ ئەو پێشمەرگە دێرینانە دابنرێو پارمەتیی باشیان بۆ دابین بکرێ، چونکە ئەم ئازادییەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، بەری رەنجی دەیان ساڵەی شەهیدانو ئەو خەڵکانەیە، کە خۆیان لەم پێناوەدا بەخست کردووە. چەندێکیش ئێمە رێز لە خەڵکە چاکەکە بگرین، هێشتا هەرکەمەو

بەشێکە لە خەباتی ئێستامان. هەروەها هەوڵ بدەین خەڵکە چاکەکە رێزمان بگرن لە رێگەی مامەڵە چاکەکانمانەوە. ئەوان هەست بەوە بکەن ئەم ژیانە ئازادە خەباتی خەڵکە تێکۆشەرو خەباتگێڕەکەی جارانە، کە ئەمرۆ کورد لە پەنایدا دەحەسێتەوەو نابێ هیچ کاتێکیش ئەمە لەبیر بکەین.

✍ لەدوای راپەڕینەوە، زۆرکەس دەهاتنەلامو باسی ئەوەیان دەکرد، کە بۆچی رێگە بە هەندێ بەرپرسو فەرماندە دەدرێ هەر بیر لە خۆیانو دەوروبەرەکەیان بکەنەوەو بەرژەوەندیی گشتی فەرامۆش بکەن، بۆچی لە کەسو کاری شەهیدانو خەڵکە خەباتگێڕو ماندووەکە نەپرسنەوە، کە بە درێژایی شۆڕشی ئەیلوولو شۆڕشی نوێ تووشی چەندین کارەساتی جۆراوجۆر بوون. زۆر کەس گلەییان لێدەکردین، کە هەق وایە ئەو شتانە لای هەڤاڵی بەڕێز (مام جەلال) باس بکرێ. بۆ نموونە، لێپرسراوی وا هەیە سێ جار زەویی وەرگرتووەو خانووشی وەرگرتووەو زەویەکانیشیان فرۆشتووە بە پارەیەکی خەیاڵی، بەڵام دەیان خێزانی شەهید زەویەکی چەپەكو پەراوێزیان وەرگرتووە، کە داویانە بە ٥ تا ١٠ هەزار دینار. دەیانگوت هەق وایە ئەم شتانە باس بکرێ لای بەڕێز (مام جەلال)، چونکە خەڵکی دەزانێ، کە بەڕێزیان هیچ لایەنگیری ئەو شتانە نییە. من بۆ خۆشم زۆرجار لای بەڕێز (مام

جەلال) ئەم شتانەم باس کردووەو خۆیشم ئاگام لێ بووە زۆرجار بەرێزی باسی ئەوەی کردوە، کە دەبێ ئێمە خزمەتکاری میللەتەکەمان بین‌و هەموو خێرو خۆشییەکمان بۆ کەس‌وکاری شەهیدان‌و خەڵکی کوردستان بوێ، بەڵام ناچاریش هەندێ شت دەسەپێنێ.

✍ لێرەدا دەمەوێ گلەیی لە هەندێ لە نووسەران‌و رۆشنبیرانیشمان بکەم.

دەڵێم لەراستیدا ئێمە، سەرەڕای ئەوەی رۆشنبیرو هونەرمەندو نووسەری چاکمان هەیە، بەڵام بەداخەوە هەندێکیان لە ئاستی خستنەڕووی داکەوتی میللەتەکەمان خۆپەرست‌و بێ ویژدانن. لە ۲۰۰۲/۳/۱٦، کە بۆنەو یادی ساڵڕۆژی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی شەهید بوو، لە چەندین گۆڤارو پەرتووك‌و رۆژنامەدا، کە بە چاپیان گەیاند، زۆر بابەتیان لەسەر رۆژە نووسی، بەڵام بەداخەوە لە هیچیاندا ناوی شەهیدەکانمانی تێدا نەبوو، باسی ئەو پیاوە تێکۆشەرانەی تێدا نەبوو، لە بارەی ئەوەی، کە کێ بوون‌و کێ نەبوون. لە ساڵی (۲۰۰۲)دا، کە ئێمە حاکم بووین لە کوردستانی عیراقداو دەمانتوانی لەڕووی مێژووییەوە سەبارەت بە یادی شەهیدەکانمان شتی چاکتر بکەین‌و ئێمە دەمانتوانی هەندێ لەم باسانە بخەینە رووپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکانی تایبەت بە هەڵەبجەوە، بەڵام مخابن، ئەوەمان نەکرد.

✍ هەڵبەت ئێمە، کە پێشمەرگە ووین، بە خەباتی چەکداری هیچ درێغیەکمان نەکردو داوای هیچ پاداشتێکیش ناکەین، بەڵام بۆ رای گشتیو وەکو وەفایەك بۆ شەهیدان، وا رەوایە لە کۆڕو کۆمەڵو بۆنەکاندا درێخی لە باسکردنیان نەکەنو ناویان بهێنن. رۆشنبیران پەنجەو خامەیان باشەو لە زۆر کۆڕو کۆمەڵدا بەشداریی دەکەن، وا رەوایە ئەم کارە مێژووییانە لە ئەستۆی ئەواندا بێ. هەڵبەت ئێمە وەکو پێشمەرگە توانیمان میللەتەکەمان لە رێگەی شۆڕشی چەکداریو خەباتی سیاسییەوە بە جیهان بناسێنین. زۆر کەسمان هەیە لە هەردوو شۆڕشەکەدا بەشداریی کردووە، چ لە شۆڕشی ئەیلوولو چ لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، بەڵام زۆر بەداخەوە ناوی ئەو کەسانەمان بەجارێ فەرامۆشکردووە، تەنانەت هیچ حسابێکیش بۆ خێزانەکانیان ناکرێو رێز لە خەباتەکەشیان ناگیرێ. بێگومان ئەمە کاریگەرییەکی سلبیی زۆری لەنێو کۆڕو کۆمەڵو خەڵکدا هەیە. من زۆر کەسم بینیوە، بە تایبەتی ئەو کەسانەی ماونو بەشدارییان لە شۆڕشی ئەیلوول، یان شوڕشی نوێدا کردووەو پێشمەرگە بوونو هەموو تەمەنی گەنجیی خۆیان لە پێناوی کورددا خەرج کردووە. ئەم پێشمەرگەیە بۆ کورد بەرگەی برسێتیو نەبوونیو هەزارو یەك جۆر ناڕەحەتیو روبەڕووبوونەوەی مەرگی گرتووە، لەگەڵ هەر پارتو لایەنێکی سیاسی

بووبێ، بەڵام هەر پێشمەرگە بووە، ئیدی بۆچی وا باس لەمیان بکرێو باس لەوی دییان نەکرێ؟ یاخود وا ناوی لێ بنرێ، ئەم پێشمەرگەی ئەیلوول بووەو نەخێر ئەویان پێشمەرگەی شۆڕشی کۆنو ئەویشیان نوێ..! لە کاتێکدا پێشمەرگەو شۆڕش کۆن بێ، یان تازە، هەردووکیان شۆڕش بوونو هەردووکیان لەپێناو کورددا بوون؟ ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا لێپرسراوەکان بیریان لە شتێ کردبێتەوە، یان جیاوازییەکی نێوخۆییان هەبووبێ، یان دەستەگەری هەبوو بێ، ئەوا پێشمەرگە گوناهی چی بووە؟ هەق وایە پێشمەرگەکان بە یەك چاو تەماشا بکرێن، بێجگە لەو کەسانە نەبێ گێرەشێوێن بوون، یان خیانەتیان کردووە. دەڵێم، ئەم نەوەیەی ئێستا، کە خامە بەدەستنو رۆشنبیرنو خاوەن بڕوانامەن، هەق وایە گوێ لە خەڵکانیتریش بگرن، کەوا رابردوویەکی پاکیان هەیەو خاوەنی خەباتنو رۆڵیان لە شۆڕشەکەدا هەبووە، چ وەکو پێشمەرگەو کادرو چ وەکو رۆشنبیرو نووسەر. لەڕاستیدا فەرامۆشکردنی رۆڵی ئەو تێکۆشەرانە باش نییە، بەڵکو هەق وایە گوێ لە هەموو کەس راگرینو بە باشی رێزی خەڵکە تێکۆشەرەکە بگرین، چونکە ئەو خەڵکانە لە شۆڕشی ئەیلوول یا لە شۆڕشی نوێدا رۆڵیان هەبووە، هیچ رۆژێ خیانەتێکیان نەکردوە یان کاریگەرییەکی خراپیان لەسەر بزووتنەوەی کورد نەبووە. ئەوانەش،

کە خیانەتیان کردووە یان کۆسپ بوون لە ڕێگەی بزووتنەوەی کوردیداو بازرگانی جەنگ بوون، چییان لەگەڵدا بکرێ هەقی خۆیانە.

✍ من لێرەدا وەك پێشمەرگەیەك گلەییم هەیە لەو کەسانەیە، کە دەسەڵاتیان دەکەوێتە دەست هەر بیر لەخۆیان‌و دەورو بەرەکەیان دەکەنەوە. ئێمە دەبێ هەمیشە بە وەفا بین بەرامبەر بە کەس‌وکاری شەهیدو خەڵکە ماندووەکە، هەروەها خەڵکی دێهاتەکان، کە ساڵانێکی دوورو درێژی خەباتمان بەهەموو شێوەیەك بەشداریی ئەم شۆڕشەیان کرد. ڕۆژانە خەڵکی جۆراوجۆر دەبینم، کە ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە هەڵس‌وکەوتی هەندێ لە لێپرسراوان کە داخەوە وەك پێویست ناچن بە دەمیانەوەو ڕێزیان لێ ناگرن. بۆیە داواکارم لەو کەسانەی ئیش‌و کاریان پێ دەسپێردرێ هەوڵ بدەن لە پێش هەموو کەس کێشەی لێقەوماوان‌و شەهیدان‌و کەس‌و کاریان بە شێوەیەکی گونجاو چارەسەر بکەن، چونکە کورسی‌و دەسەڵات تاسەر بۆ کەس نییە. ئەم ئازادییەی ئێستا هەیە، ئاکامی خەبات‌و تێکۆشانی شەهیدە قارەمانەکان‌و خەڵکە چاك‌و بە ئەمەکەکەی کوردستانە، هەق وایە بەرژەوەندی تاکە کەسی بخرێتە لاوەو بەرژەوەندی گشتی ببێتە ئاوات‌و ئامانجی لێپرسراوان، چونکە ئەو شتانە زەقەو ناشاردرێنەوە.

من بە مافی خۆمی دەزانم ئەم قسانە بکەم، چونکە دەیان کوڕو براو باوکی خەڵك لەگەڵ مندا بوون‌و شەهید کراون‌و زۆربەیان دێنە لای

من سکاڵا دەکەن، کە تا ئێستا وەکو پێویست هیچیان بۆ نەکراوە. بە پێچەوانەشەوە، جۆرە خەڵکێ هەن زیاد لە رادە کاربەدەستییان دراوەتێو شایەنی ئەوەش نین. بە باشی ئەزێن بێ ئەوەی ماندوو بووبن لەم شۆڕشەدا.

✍ لەراستیدا ئەو زوڵمو زۆرەی دوژمنان دژ بە میللەتی کورد کردوویانە. هەرجارەی بە شێوازێ بووە. یەکێ لەو شێوازانەی ئیمڕۆ دەبینین، لەژێر دروشمی بە ساختەی (موسوڵمانێتی)یەوەیە. من پێم وایە، هەر کارو کردەوەیەکی دوژمنکاری دژ بە کوردو کێشە رەواکەی بێ، بە هەر ناوێ بێو لەژێر سایەو باڵێکدا بێ، سەرەتا دژ بە مرۆڤایەتییەو ئەوجا دژ بە نەتەوەی کوردە. من بڕوا ناکەم هەر زوڵمێ بە هەر ناوو دروشمێکەوە بێ، کورد قبوڵی بکا.

من بۆ ماوەیەکی زۆر لە وڵاتی (سوید)دا ژیاوم. لەوێ زۆر باسی ئەوە دەکرێ، کەوا لە هەڵەبجەدا بە کۆمەڵ خەڵك کوژراوە، ئەوان زۆر پێیان قورسو ناخۆشە. سویدیەکان هەر فیلمێکی هەڵەبجە لە کەناڵی تەلەفزیۆنەکەیاندا نیشان بدرێ، ئەگەر منداڵیان لە ماڵدا بێ تەماشا بکا، دەڵێن: با ئەو منداڵە نەیبینێ، چونکە کاریگەری دەبێ لەسەر عەقڵیانو لەسەر هەستو ویژدانیان. ئێمە باشترە ئیمڕۆ لە روویەکەوە سوود لەو بیرە وەربگرین، کە جارێکیتر رێگە نەدەین خاکی ئەم وڵاتە ببێتەوە بە گۆڕەپانی شەڕو وێرانکاریو تاقیگەی چەکە کۆکوژە

نەفرەتیەکان. زیاتر لە (٤٠) ساڵە خەڵکی کورد لەژێر ئەشکەنجەو ئازاردا دەناڵێنن‌و درێخیشیان لە خەبات‌و تێکۆشان نەکردووە، لەبەرامبەر دوژمنە دڕندەو یەك لەدوای یەکەکانیاندا وەستاونەتەوەو قوربانی سەروماڵیان لەم پێناوەدا بەخشیوە.

هەڵبەت کەو کاتە بەرهەمی خەبات‌و تێکۆشانە بە راستی دێتە بەر، کە خزمەتی خەڵکی بکاو چارەسەری کێشەکانیان بکا. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بێ‌و هەرکەسێ بیەوێ بەشی خۆی زیادبێ، ئەوا جەماوەر نارازی دەکاو زەمینە بۆ زوڵم‌و چەوساندنەوە خۆش دەبێتەوە.

✍ ئێمە رۆژمان گەیاندووەتە ئەمڕۆو زۆر قەرزاری خەڵکی کوردستانین، بەتایبەتی شەهیدان‌و میللەتە لێقەوماوەکەی. ئەمەی ئێستا هەیە لە ئەنجامی خەباتی چەند ساڵەی ئەو خەڵکەیەو پێویستی بە پاراستنە.

پێویستە بە هەرجۆرێ چارەسەری کێشەی کوردستان دەکرێ هەوڵی بۆ بدرێ‌و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. ئەوەی زۆر زەقەو لە هەموو لاوە باسی لێوە دەکرێ، ئەوەیە، کە دەڵێن بۆچی سەرکردەکانی کورد رێك ناکەون؟ بۆچی دانانیشن بە شێوەی گفتوگۆ چارەسەری ناکۆکییەکان بکەن؟ ئەمڕۆ نیشانەی شتەکان دیارەو بەزەقی دەبینرێ، کە دوژمنەکانی بزووتنەوەی کوردی خەریکی پیلان دانانن بەهەموو شێوەیەك، عیراق بەکرداری شەڕی لەگەڵدا کردووین‌و شەڕی لەگەڵدا

ڕاگەیاندووین، بەڵام دراوسێکانمان بە دۆستایەتیو پلانگێڕیو بە شێوەی جیاجیا. ئێستایش باشترین شت بۆ ئێمە ئەوەیە چاوپۆشی لە شتە لاوەکییەکان بکەین لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی کوردستاندا تێبکۆشین.

بێگومان ئێمە حەز دەکەین هەموو کوردستان ئاوەدان بێتەوەو هەموو خێری بۆ خەڵکەکەی بێ، چونکە خەڵکی کوردستان بەگشتی زیاتر لە چل ساڵە تووشی هەزارو یەك دەردەسەری جۆراوجۆر بووە. بەڵام خەڵکی هەڵەبجە لەم دەردەسەریانەدا پڕشکی گەورەی بەرکەوتووە. ئێستاش خەڵکی هەڵەبجە هەر چاوەڕێی ئاوەدانکردنەوەی شارەکەیانن، چاوەڕوانن چارەسەری ئەو خەڵکە بێ جێگەو بێ ڕێگەیە بکرێ، کە هەموو ماڵەکانیان وێران کراوە.

لە ڕابردوودا هەر ماڵێ شەش حەوت ژووری هەبووە. ئەو خەڵکە دوکانو بازاڕو سەروەتو سامانیان هەموو ڕۆیشتووەو کەلاوەکانیان هەتاکو ئێستاش چاك نەکراوەتەوە. ئێستاش زیاتر لە دە هەزار ماڵی کوردی خەڵکی هەڵەبجە لە دێهاتەکانی سنووری (ئێران)دا کرێکاریو حەماڵی دەکەنو هەندێکیشیان پرسیار دەکەن. زۆربەی زۆریان لەژێر چادردا لە ئاوارەییدا دەژین، حەز دەکەن کێشەکانیان بۆ چارەسەر بێو بگەڕێنەوە وڵاتە خۆشەویستەکەی خۆیان هەتا لەناو کەسو کاریاندا بە سەربەرزی بژین.

بەشی پێنجەم

کۆتایی

من له پێشمەرگه سەرەتاییەکانم له شۆڕشی ئەیلوول داو ئەمەی باسم کرد بەشێکی زۆر زۆر کەمە له مێژووی ئەم شۆڕشە؛ هەڵبەت سەدان کتێب ناتوانێ به تەواوەتی لەسەر مەسەلەی کورد بنووسێ. دوژمنەکانمان به شێوەیەکی دڕندانه مامەڵەیان لەگەڵ کێشەی کورد کردووەو خەڵکیان کوشتووەو گرتووەو دێهاتیان سووتاندوەو زۆر کاری تری خراپیان کردووە، بێ ئەوەی ئەم زاڵمانه له ژنو منداڵو پیر دەست بپارێزن. بەڵام ئەوەی من دیومه لەم شۆڕشەی ئەم دواییەدا، چ له سەرکردەو چ له پێشمەرگه، له هەردوو شۆڕشەکەدا، واته شۆڕشی ئەیلوولو شۆڕشی نوێ، جێگەی شانازیی هەتاهەتاییه بۆ نەتەوەی کورد.

بینیومه، که له زۆربەی زۆری شەڕگەکاندا دژ به حکومەت، ده پێشمەرگه بەریان به فەوجێ سەربازو زرێپۆشو تانكو فڕۆکه گرتووه. دوژمنان چەندین جار شکاونو چەندین جار به کۆمەڵ دیلیان لێگیراوەو فڕۆکەیان لێخراوەته خوارەوە. ئێمه ئەو چەکانەی دەستمان دەکەوت، هەر ئەو چەکانه بوون، که بەکارمان دەهێنایەوە دژ به خۆیان، وەکو: (فیشەكو RBGو تەقەمەنیو BKC)، هەمووی هی خۆیان بوون. توانای داراییمان زۆر کەم بوو، هەتا جاری وا هەبوو دوو

رۆژ نانمان نەدەخوارد. ٣ مانگ جارێ ئەگەر گۆشتێکمان دەست بکەوتایە. وەکو هەر مرۆڤێ دەبوایە ئەوانەمان هەبووایە، بەڵام، کە نەبووە، سەبرو تەحەمولیشمان کردووەو زۆر شادمان بووین بەوەی، کە ئێمە بەرگریی لە میللەتەکەمان دەکەین‌و قوربانی دەدەین‌و چەکی شەرەفمان لەشاندایە. ئێمە بەو دڵو گیانەوە دەچووینە شەڕگەکانەوە دژ بە حکومەت. ئەگەر بریندار بووینایە، شانازیمان بەو برینداربوونەوە دەکرد، تەنانەت خەڵکی وامان هەبوو زۆر حەزی دەکرد لەپێناوی کوردستاندا شەهید بێ.

هەڵبەت هەرکەس لە ئێمە بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە، گەر چووبێ بۆ شەڕو شەڕی کردبێ دژی دوژمنەکەی، شەڕی مردن‌و ژیانی کردووەو مەترسیی لەوە نەبووە شەهید بێ.

من دەیان پێشمەرگەم دیوە تانك شێلاوێتی لە ناو سەنگەرەکەیدا. هەڵبەت ئەو شەڕانەی کراوە بە بڕواو قەناعەتێکەوە کراوە، داینەمۆی سەرەکیی جوڵان‌و بەرگرییمان‌و رۆحی کوردایەتی‌و نیشتمانپەروەری بووە.

مەبەستم لەو بەسەرهاتانەی گێڕامنەوە لەم بیرەوەریەم هەر بۆ ئەوەبوو میللەتەکەمان بزانێ ئەم شۆڕشە چۆن کراوەو ئێمە چۆن توانیومانە لە بەشێکی بچووکی کوردستاندا سەرکەوتن بەدی بهێنین‌و چەندجارێکیش چۆك بە حکومەتی (عیراق)دا بدەین‌و ناچاری بکەین

وتوویٚژمان لهگهڵدا بكا. ئهگهر چی ئهو وتوویٚژانهش بۆ بهرژهوهندیی تایبهتی خۆی بووهو بۆ پشوودان بووه بۆی، بهڵام لهو دهرفهتهشدا ئیٚمهش سوودمان لیٚوهرگرتووه بۆ پشوودانو دووباره ریٚكخستنهوهی پیٚشمهرگهكانمان. هیوادارم ههموو خهڵكهكه دوای ئیٚمه سوود لهمه وهربگرنو ریٚز بۆ ئهو كهسانه دابنیٚن كهوا بهشدارییان لهم شۆڕشهدا كردووهو شههید بوونو بریندار بوونو ههموو تهمهنی لاوی خۆیان بۆ رزگاریی كوردو كوردستان خهرج كردووهو له ههموو خیٚرو خۆشییهك بیٚبهش بوون. ئهم كارهی ئهو خۆبهختكهرانه خۆی لهخۆیدا شتیٚكی زۆر گهورهیهو به هیچ پارهو سامانیٚ ناتوانریٚ پاداشت بدریٚتهوه، جگه لهوه نهبیٚ كهوا وهكو ناسنامهیهك بۆ خیٚزانهكهیان له پاشهڕۆژدا نهوهكانیان شانازیی پیٚوه بكهن، كه باوكو برایان پیٚشمهرگه بووهو شههید بووه، یان رۆڵهكانیان كادری شۆڕش بوون، یان باوكو براو كوڕیان لهپیٚناوی حورمهتو سهربهرزیو سهركهوتنی میللهتهكهیاندا بهخشیوه.

ههڵبهت تا ئیٚستا بههۆی شههامهتو لهخۆبوردنو ئازایهتیی شههیده سهربهرزهكانو خهڵكه چاكهكه، توانیومانه رۆژ بگهیهنینه ئهمڕۆ، كه ئیٚمه ئیٚستا خاوهنی پهرلهمانو حكومهتو ههوڵی چهسپاندنی فیدراڵیهت دهدهین. وا پتر له ١١ ساڵه ئیٚمه ئازادینو خۆمان حوكمی خۆمان دهكهینو وڵاتانی دنیاش ئاگایان لیٚیه، كه بهو توانا كهمهوهو

ئەو وڵاتە وێرانەوە توانیومانە تا رادەیەك خزمەتی میللەتەکەمان بکەین‌و ئاوەدانی بکەینەوە. هەرچەندە کەم‌و کورپیشمان هەبووە، بەڵام کارە چاکەکانمان زۆر زیاترن لەوە. هیوادارم‌و داواکارم لە هەموو کاربەدەستانی حکومەتی کوردی، چ ئیمرۆ بێ‌و چ سبەینێ بێ، هەمیشە بە چاوی رێزەوە تەماشای کەس‌و کاری پێشمەرگەو شەهیدان‌و هەموو خەڵکی بە ئەمەکی کوردستان بکەن، چونکە وەکو باسم کرد خەڵکە چاکەکە مافیان زۆرە بەسەرمانەوە، ئەوانەی کورو برایان کوژراوە، دەبێ رێزی تایبەتیان بۆ دابنین‌و نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ، کە وەختی خۆی ئێمە دروشمێکمان وتووە: (کوردستان یان نەمان).

هەڵبەت ئەوەی ئیمرۆ هەیە، بەرهەمی تێکۆشان‌و وەفاداریی ئەوانەیە، کە شەهید بوون‌و لە پێناوی ئیمرۆی ئێمەدا گیانی پیرۆزی خۆیان لەدەست دا، یاخود هینی ئەوانەیە، کە خاوەنی شەهیدن‌و یاخود کەم ئەندامن، هەمووشیان لەپێناوی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان خزمەتیان کردووە بێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بکەنەوە وە هەموو ئاوات‌و ئامانجیان ئەوە بووە داگیرکەران وولاتمان بەجێ بهێڵن‌و کورد خۆی حوکمی خۆی بکا.

ئەوەی راستی بێ، جێی داخە، ئەمرۆ خەڵکانێ هەن رێز لەم ئەزموونی ئازادییە ناگرن، دیارە نافامن ئەم شۆڕشەمان چۆن دەستی پێکردو چۆن دروست بوو، چەند قوربانیی لە پێناودا دراوە. ئەو جۆرە

خەڵکانە بیر لەوە ناکەنەوە ئەم کەش‌و بارودۆخەی ئێستا چۆن هاتە کایەوە. ئەوەی ئیمڕۆ دەیبینین جۆرە کەشێکە بێ ڕژێمی سەددام‌و بەعسی دیکتاتۆرەو جۆرە ئاسایش‌و ئارامییەك لە وڵاتەکەمادنا بەرقەرار بووە. میللەتەکە لە ئاشتی‌و تەبایی‌و یەکبووندان، بەڵکو هەموو خەڵکەکە بە دڵسۆزیەوە گوێبیستی فرمانەکانی رابەرانی شۆڕش‌و حکومەتە کوردییەکەن، بە دڵسۆزیەوە دەڕواننە بارودۆخەکەو هەر یەکە خۆی بە بەرپرسیاری مێژوو دەزانێ بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان‌و گەیاندنیان بە شوێنی خۆی بۆ چارەسەرکردنی. دەبینین لە سایەی ئەم ئازادییەی لە هەرێمدایە شەوانە تا کاتژمێری (٢و٣)ی شەو خەڵك بە ئازادی لەدەرەوەیە، لەسەر شەقامەکانەو لەهەموو شەقام‌و شوێنەگشتییەکاندا ئاهەنگ‌و هەڵپەڕکێ دەگێڕن، خەڵکی دەچنە دەرەوەی شار بۆ گەشت‌و گوزارو لەهیچ شتێ ناترسن. دیاردەی چەك‌و چەکداری نابینرێ، جگە لە هێزی پۆلیس‌و ئاسایشی نێوخۆ نەبێ، ئەویش بۆ پاراستنی ئەمن‌و ئاسایشە.

سوپاس بۆ یەزدان کە شەڕو ناکۆکیی نێوخۆیی نەماوە[٧]، ئێستا گۆڕانکارییەکی زۆر لە کوردستانی ئازاددا هەیە، بەڵام دەبێ ئاگامان

---

[١] لەپاش سەردانەکەی هەڤاڵ مام جەلال بۆ هاوینە هەواری سەری ڕەش- سەلاحەدین‌و لە ٢٠٠٢/٩/٨ و لەگەڵ بەڕێز مەسعود بەرزانیدا کۆبۆوە. لە کۆبوونەوەیەکدا، کە هەردوو مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)و (پ. د. ك) گەیشتنە ڕێکەوتنێکی باش بۆ ئاشتی سەرانسەری

لەوەش بێ، کە دوژمنەکانمان هێشتا نەخەوتوونو هەر بەو بیرەوەن کاری تیرۆریستیو تێکدەرانە لەنێو شارەکاندا بکەن. هەرچەندە بەوریاییو تەبایی میللەتەکەمان ئەم رووداوانە زۆر کەم بوونەتەوە، بەڵام ئێمەی کورد، دەبێ ئەو راستییەش فەرامۆش نەکەین، کە دوژمنانمان بە هەموو توانایەکیانەوە دەیانەوێ ئەم ئەزموونە دیموکراتییە لە کوردستاندا لەباربەرن. دەیانەوێ شەڕی نێوخۆمان بۆ زیندوو بکەنەوە. رۆژانە بیر لەوە دەکەنەوە چ نەخشەو پلانێ بۆ داگیرکردنی کوردستان دابنێن. بەڵام ئێمە، گەر بمانەوێ، بە ئیرادەی میللەتەکەمان هەموو هەوڵە شەڕانگیزیەکانی ئەوان پووچەڵ دەکەینەوە، ئەمیش بە پشت بەستن بە خەڵکە چاکەکەوەو لە سەروی هەموویشیانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە زۆر بە ئاگایە لە هەموو هەڵسوکەوتێکی دوژمنو بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکا.

ئەم شۆڕشە زۆر خەڵکی تێکۆشەری تیادا شەهید بووەو زۆر خەڵکی چاکیش بە ئاواتەوە سەری ناوەتەوەو زۆریش کەوتووە لەسەر

کوردستان بە رێککەوتننامەی واشنتۆنی ساڵی ١٩٩٨. بۆیە، لە رۆژی ٢٠٠٢/١٠/٤ بۆ یەکەمجار دوای شەش ساڵ دابڕانو لە بینایەی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر بە ئامادەبوونی هەردوو سەرکردەو میوانداری خاتوو میتران ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە لە رۆژی ٢٠٠٢/١٠/٨ بۆ جارێکیتر لە بینایەی سلێمانی پالاسدا کۆبوونەوەو چەند بڕیارێکیاندا.

میللەتەکەمان. لە راستیدا ئەوەی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان لە زوڵم‌و تاوانکاری کراوە، لە هەموو دنیادا دەنگی داوەتەوەو بۆتە جێگەی سەرسوورمانی هەموو لایەك، هەتا ئەو رادەیەی گەیشتۆتە ئەنفال‌و بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی.

لەم وڵاتەدا داروبەردی کوردستان سووتێنراوەو زیاتر لە (٤٠٠٠) دێ وێرانکراوە، ساڵێك‌و دوان‌و سیان‌و پێنج نەبووە، لە ساڵی ١٩٦١وە تاکو راپەڕین، ئەمە هەر بەردەوام بووە، بەڵام هەر سوپاس بۆ خوا رۆژمان گەیاندووەتە ئەمڕۆ، کە ئەوە (١١) ساڵ پترە، خۆمان حوکمی وڵاتەکەی خۆمان دەکەین‌و دەست بەکارین. ئێستا هەقە ساڵ بە ساڵ‌و مانگ بە مانگ هەوڵ بدەین شتی کاری زیاتر بۆ میللەتەکەمان بکەین‌و زیاتر خزمەتی بکەین‌و زیاتر بەدەم ئەو خێزانانەوە بڕۆین، کە لە پێناوی ئەم شۆڕشەدا رۆڵەیان شەهیدکراوە یان ماندوو بوون. ئێمە لە راستیدا، ئەگەر میللەتەکەمان دژایەتی بکردینایە، شۆڕشمان پێ نەدەکرا. لە خەباتی چەند ساڵەماندا هەموو ئەرکێکمان لەسەر ئەوان بووە، پەناو پشتیوانمان تەنها میللەتەکەمان‌و شاخە بەرزەکانی کوردستان بووە، حکومەتی عیراق خاوەنی دەسەڵات‌و توانا بووەو هەموو جۆرە چەکێکی لە دژمان بەکارهێناوە. حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق، هەر لە (عبدالکریم قاسم)ەوە تا دەگاتە سەردەمی (سەدام) هەموویان دوژمن‌و نەیاری شۆڕشی کورد بوون. هەڵبەت کەسیان وەکو (سەدام) تاوانبارو

زاڵم‌و دیکتاتۆر نەبوون، کەسیان وەکو (سەدام) بیریان لە نەمانی کوردستان نەکردۆتەوە. ئەم زۆرداره هەزارویەك جۆر پلانی جۆراوجۆری بۆ ئێمە دارِشتووە، هەر لە چۆڵکردنی دێهاتەکان‌و دروستکردنی کۆمەڵگە زۆرەملێکان‌و لەنێوبردنی خەڵکی کوردستان‌و دروستکردنی (ئەنجومەنی کارتۆنی یاسادانان‌و جێبەجێکردن) بە ناوی کوردەوە. ئێمە ئەگەر کەسوکاری شەهیدان‌و خێزانی شەهیدان فەرامۆش بکەین، مانای وایە رابردووی خۆمانمان فەرامۆش کردووە، ئەوانەی کە شەهیدکراون، ئەوانەی کەوا بەدرێژاییی ئەم شۆرِشە تووشی هەزارویەك نارەحەتیی جۆراوجۆر بوون بۆ کورد. ئەی نابێ کەسوکارەکانیان بزانن پاداشتی ئەم خۆشەویستانەیان چییەو چییان کردووە؟ جا بۆیە چەند جارێ باسم کردووەو باسیشی دەکەمەوە، ئەم شۆرِشەی ئێمە شۆرِشێکی خوێناویی بووەو هەروا بە سانایی نەماندەتوانی ئەم دەستکەوتانە بەدی بهێنین. ئەم ئازادییەی ئێستا هەیەو بۆتە مایەی خێروخۆشی بۆ زۆربەی خەڵکی کوردستان هەمووی ئەنجامی قوربانی‌و خوێنی شەهیدانە، شەهیدان ئەم رۆژەیان بۆ ئێمە هێناوەتە دی، شەهیدان قەڵاو پەناو پشتیوانی خەڵکی کوردستان بوون‌و هەموو ژیان‌و خۆشیی خۆیان‌و ماڵ‌و منداڵیان بەخشیوە بە میللەتەکەیان‌و لەم پێناوەدا، وازیان لەماڵ‌و منداڵ‌و خۆشەویستەکانیان هێناوە. لێرەدا هەقە وایە ئەو راستییەش بڵێین کە میللەتەکەیشمان

میللەتێکی زۆر چاك بووە، لەکاتێکدا کە نەدارا بووەو هیچ بەروبوومێك‌و سامانێکی وای نەبووە بۆخۆی، لە هەمان کاتیشدا ئەرکێکی زۆر گەورەیان لەسەرشان بووە، جاری وا هەبووە لە رۆژێکدا دووجار پێشمەرگە چۆتە گوندەکانیان، ئەگەر ١٠ ماڵ بووبن یان زیاتر یان کەمتر، پێشمەرگە نانی تێدا خواردووەو حەساوەتەوە، پێشمەرگەش رازی‌و بێ گلەیی بووە، ئەگەر (نان‌و دۆو ترخێنە یان دۆینە، یان نانی وشك) یان هەر خواردنێکی‌تر بووایە، ئەوا خواردوویەتی. لەوانەیە هەندێ لەو پێشمەرگانە لە ماڵی خۆیدا ئەو شتانەی نەخواردبێ، بەڵام لەو کاتەدا بەوە رازی بوو. رازی بووە بەنان‌و چاو ماست. لە راستیدا ئێمەی پێشمەرگە جاری واش هەبووە لە گوندەکاندا دابەش دەبووینەتە سەر ماڵێ، کە نەداربووە، تەنانەت نەیبووە نان‌و ماستمان بداتێ، چونکە ئەمە رۆژو دوو رۆژو ساڵ‌و دووساڵ نەبوو، بەڵکو بەدرێژایی‌ی ئەم شۆڕشە ئەرکمان هەر لەسەر شانی ئەو خەڵکە بووە. هەندێ جاریش دەچووینە ماڵێکەوە ئیزنیان داوین، گوتوویانە "بەخوا هیچمان نییە." بەڵام ئێمە هەر قبوڵمان بووە، هەرپێمان خۆش بووە. هەر چەند زۆر لە پێشمەرگە لە ماڵی خۆیدا لە شار ژیانێکی باش‌و خۆشگوزەرانی هەبوو، بەڵام کە لە شاخ بووە، تەنها رازی بووە بەوەی بکەتایەتە ماڵێ روویەکی خۆش‌و نان‌و چایەکی بدەنێ‌و بڕوا، بێگومان خەڵکەکەش زۆرماندوو بووبوو بەدەستمانەوە. ئەگەر بەیانی بووایە

یان نیوەشەو، دەچووینە ماڵەکانیان. سەرمامان بووبێ یان باران باریبێ‌و تەڕبووبین، یان بێتاقەت بووبین، لەخەومان هەڵساندوون‌و ئەوەی هەبووایە لە خواردن پێیان دەداین‌و زۆر خۆشحاڵ دەبووین‌و دەڕۆیشتین. بەڵام سەرەڕای هەموو کەم‌و کورپییەك‌و رەوشی ناتەواوو نالەباری ژیانی هەندێ لەو دێهاتانە، کەچی ئەوان هەر درێغییان نەکردووە، جاری وا هەبووە لە ناوەختدا، ئێمە (٣٠) پێشمەرگە یا (٤٠) پێشمەرگە رووبمان کردۆتە دێیەکی شەش حەوت ماڵی، منداڵەکانیان لەبەر هەیوانە گەورەکاندا کۆدەکردەوەو ژوورەکانیان بۆ چۆڵ دەکردین‌و زۆپایان بۆ دادەخستین‌و چایان بۆ لێدەناین‌و خزمەتی کوردانەیان دەکردین.

ئیمڕۆ ناو بەناو باسی ئەوە دەکرێ، کە هەر جارەو (٥٠٠ تا٢٠٠٠) خانوو لە شارە گەورەکاندا دروست دەکرێ. هەڵبەتە ئەمە جێی دڵخۆشی هەموولایەکمانە. ئێمە دڵخۆشین بەوەی رۆژانە لە هەموو شوێنەکانی کوردستان، بە سەدان خانوو دروستبکرێ. بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەق وایە بیرێکیش لە خەڵکی هەڵەبجە بکرێتەوە لەبارەی دابینکردنی جێگاو رێگایەك بۆ خێزانەکانیان، کە تائێستا لە شوێن کەلاوە رووخاوەکانی خۆیاندا ژیان بەسەر دەبەن. پێویستە ئەوەش بڵێین، بێجگە لە خەڵکی هەڵەبجە، خەڵکی کوردستان بە گشتی کارەساتی زۆریان بەهۆی شۆڕشەوە بەسەر هاتووە، وەکو: ئەنفال‌و

بەكۆمەڵ كوشتنی گەنج‌و پیر لەنێو ماڵ‌و منداڵی خۆیانداو سەدان هەزار زیندانی‌و كەم ئەندامی بێ‌دەست‌و بێ قاچ‌و بێ چاو. هیوادارم هەوڵ بدرێ، لە لایەن كارگەر دەرفەتێ رەخسا، بە چاوێكی نیشتمانپەروەرانە تەماشای هەموو لایەكیان بكرێ‌و لا لە هەمووان بكرێتەوە.

هەڵبەت ئێستا لەبەر باری سیاسی‌و ئەقلیمی، یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان هەموو شتێكی پێناكرێ. بەڵام هەوڵ بدرێ لەگەڵ لایەنەكانی‌تردا بیرێ لە هەڵەبجە بكرێتەوە. چونكە ئەم شارە لە هەموو سەردەمەكاندا شوێنی سەدان پیاوی نووسەرو شاعیرو مەڵبەندی تێكۆشەران‌و نیشتمانپەروەران بووە.

لە ئێستاو لە رابوردووشدا دوژمنەكانمان بە چەندین جۆر هەوڵیانداوە بۆ تێكدانی ئەم ئەزموونەی ئێستا لە كوردستاندا هەیە. ئەم تەبایی‌و ئاشتی‌و برایەتییە، كە هەیە. هەر جارەو جۆرە گروپێ دروست دەبن‌و هەر جارەو بە چەشنێ ئاژاوە دەنێنەوە. بۆ نموونە وەك گروپە سەلەفیەكەی بە ناوی (جند الاسلام)و (انصار الاسلام)، كە لە هەڵەبجەو ناوچەكانی دەوروبەری بەتایبەتی كەوتنە گیانی خەڵكە هەژارەكە، كە چەندین ساڵە وڵاتەكەیان وێران بووەو بەتەمای ئەوەن ئاوەدانی بكەنەوەو باخەكانیان سەرلەنوێ بژێننەوە، هەروەها بتوانن بژێویی خۆیان‌و ماڵ‌و منداڵیان پەیدا بكەن. ئەو كۆمەڵە گێرەشێوێنانە

سەر لەو خەڵکە تێکدەدەن‌و زوڵمیان لێدەکەن بە ناوی ئیسلامەوە. نازانم لە چ یاسایەکی دونیاو ئیسلامدا باسی ئەوە دەکرێ دەبێ مرۆڤ بەزۆر ئیسلام بکرێ بەو جۆرەی ئەو سەلەفییانە دەیانەوێ، یاخود یاسای ئەفغانستان‌و تالیبان بهێنن‌و لە کوردستان‌و بەتایبەت لە ناوچەی هەڵەبجەو شارەزوور هەورامانیدا جێبەجێی بکەن. بەراستی خەڵکەکە وای لێهاتووە بڕوای بە ئایین نەمێنێ. ئەگەر وا بێ، ئەوانە دژایەتیی ئایین دەکەن. بێگومان ئەمانە دراوسێکانمان یارمەتییان دەدەن، بەڵام ئەوانە با بزانن کەوا کێشەی کورد کێشەی میللەتێکە بە هیچ لایەك لەنێو ناچێ، چونکە ئەمە کێشەی میللەتێکی هۆشیارو خاوەنی مێژوییەکی دێرینە، دوژمنەکانمان خەیاڵیان خاوەو ئێستا بێ، یان ئاینده، هەر دەبێ کورد بە مافی ڕەوای خۆی بگا.

گوایە ئەمانە بەرنامەیەکیان پێیەو لە (ئەفغانستان)ەوە هاتوون بۆ ناوچەی تەوێڵەو بیارەو دەیانەوێ هەڵەبجە داگیربکەن، ڕۆژانە خەریکی دانانی مین‌و تەقاندنەوە بوون. ئەوانە پەیڕەوو پرۆگرامیان ئەبوو، کە ژن نابێ هیچ کوێی بەدەرەوە بێ‌و دەبێ تەنانەت لەکاتی ئیشوکاریشدا عەبایان بەسەرەوە بێ. نابێ مزگەوت‌و تەکیەو خانەقاو مەکتەب هەبێ‌و نابێ رادیۆو تەلەفزیۆن هەبێ، نابێ وێنەی مردوو هەڵبواسرێ. ئەمانە گروپێکی تازەن دروستکراون‌و هەموو بەدبەختی‌و ماڵ وێرانییەکیش بەوانەوە رووی کردە خەڵکی هەڵەبجە. ئەم گروپە

ڕۆژانە تۆپ بارانی دەوروبەری هەڵەبجەیان دەکرد، کە بووە هۆی کوشتنی چەندین هاووڵاتیو سووتاندنی خەلەو خەرمانو ڕەزو باخو بەروبوومیان. هەروەها بە خەڵکی دەوروبەرو دێهاتەکانی (تاوێرە)و (هاوار)و (زەردەهاڵ)و (دەرگا شێخان)یان ڕادەگەیاند، کە دەبێ گوندەکانیان چۆڵ بکەن. پاشان لە دەوروبەری گوندەکانیان لوغمیان دادەناو چەندین جوتیاری بێ تاوانی پێوە بوو بۆ ئەوەی هیچ کەسێ نەتوانێ هاتووچۆ بکا بۆ ناو ڕەزو باخەکانیان. بەمەش ئەم دوو سێ ساڵەی ڕابردوو زەرەرو زیانێکی مادیی زۆر لە خەڵکی هەژارنشینی ئەو ناوچانە کەوت. جگە لەوە ئەو گرپە دەستیان کرد بە ڕووخاندنی مەرقەدی (شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی)و بردنی ڕوفاتە پیرۆزەکانیان بۆ شوێنێکی نادیار. هەروەها تەعەدایان لە (کاکەییەکان)ی گوندی (هاوار) کردو ڕۆژانە TNT لە شارە شارۆچکەکانی کوردستاندا دەتەقاندەوە.

هەڵەبجە چەندین پیاوی موسڵمانو دینداری تیادا بووە. ئەو پیاوانە چەندین مزگەوتو خانەقاو حوجرەیان هەبووە.

ئەم پیاوانە پارمەتییان لە کەس قبوڵ نەکردووە. جگە لە زەکات نەبێ هەتا مووچەی حکومەتیشیان قبوڵ نەکردووەو پارەی هیچ لایەنێکیان وەرنەگرتووە. بێگومان ئەوانە پیاوی ناوداری ناوچەی هەڵەبجە بوونو

هەڵەبجە لە ساڵانی پەنجادا نەك هەرجێگەی ئایین بووە، بەڵكو جێگەی هەموو كەسێكیش بووە. هەر كەسەو بە بیرو بۆچوونی خۆی. هەر كەسێ جگە لە شتی ناشەرعی، هەرچییەكی كردبێ لەو شارەدا كەس رێگری نەبووە، موسڵمانانیش هەبوونو نوێژو رۆژویان گرتووەو خێرو خێراتیشیان كردووەو بە پیر هەموو كێشەكانی خەڵكی لێقەوماوەوە چوون. بەڵام ئەمەی ئێستا بەڵایەكی گەورەیە، رووی كردۆتە شاری هەڵەبجە. باشە خەڵكی هەڵەبجە گوناهمان چییە؟ دراوسێكانمان بەحساب موسڵمانن‌و باسی ئاییندارى خۆیان دەكەن. باشە بۆچی وا هەڵسوكەوتمان لەگەڵدا دەكەن؟ بۆچی رێ دەدەن بەو پیاوخراپانە سەدان هەزار كیلۆمەتر رێگە ببڕن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیانو بۆ پارە پەیداكردن بەناوی ئاینەوە دێن بەچەكو بەزۆر ئەوشتانە فەرز دەكەن بەسەر خەڵكەكەداو رێزو حورمەت بۆ ئاین ناهێڵن؟ بێگومان ئەمە دەستی وڵاتانی دراوسێی تێدایە، لەكاتێكدا ئێمە خراپەمان لەگەڵ ئەواندا نەكردووە، ئێمە میللەتێكی چل ملیۆن كوردی بەشكراوین بەسەر چەند دەوڵەتێكداو چەندان ساڵە دەمان چەوسێننەوەو زوڵممان لێدەكەن. ئایا قورئان باسی كردووە، كە ئەم میللەتە گوناهبارن‌و دەبێ سزا بدرێن بەم شێوەیە؟ لە راستیدا نە خوا رازییەو نە هیچ مرۆڤێكی بە ویژدان سەبارەت بەوەی بەرامبەر بە خەڵكی هەڵەبجە دەكرێ. ئەوە نیو سەدەیە ئەم شارە بە درێژایی

هەمووشەڕەكان‌و لە ساڵی ١٩٦١وە هەتاكو ئەمڕۆ بە چەكی جۆراجۆرو بە فڕۆكەو بە ناپاڵم لێ یان دراوە، ماڵیان سووتێنراوە.

ساڵی ١٩٨٧ زیاتر لە (٥٠٠) ماڵیان لەكانی عاشقان رووخان بەسەر خەڵكەكەداو دەیەها كەسیان كوشت‌و ئەوانەش، كە بە برینداری بردبوونیان بۆ نەخۆشخانە بۆ چارەسەر، (ئەمن‌و ئیستخبارات) بەناوی چارەسەركردنەوەو بردیانن بە زیندوویێتی كردیانن بەژێر خۆڵەوە لەولای (حەوزی بەلۆعەكەوە) لەڕێی بامۆك. لەكاتی رووداوەكەشدا خەڵكانێكی زۆر بە پێی پەتی‌و بە رووتی‌و قوتی لە ترسی رژێم رایانكرد بەرەو سنووری ئێران‌و هەموو شتێكیان لە سەروەت‌و سامان بەدوای خۆیانەوە بەجێهێشت. تەنانەت لە بێشكەدا مناڵیان لێبەجێمابوو. لەو كەسانەی زیندە بەچاڵ كران: عوسمانی عەلی حاجی ساڵح خۆی‌و برازاكەی، عوسمان سەیید عەلی بە خۆی‌و ماڵ‌و منداڵیەوە، باقی حەسەن‌و عنایات حمە ئەمین بە خۆی‌و خێزانەوەو چەند خێزانێكی‌تر.

ئەگەر بە درێژایی ئەو شۆڕشەش شەڕ وەستابێ لە شوێنەكانی‌تری كوردستاندا بۆ چەند مانگێ، ئەوا لە هەڵەبجەدا شەڕ هەر بەردەوام بووەو خەڵك كوژراوەو ماڵیان وێران كراوە. بەڕاستی هەر لە توانای خەڵكی هەڵەبجەدایە ئەو ئارامگریە. بێگومان شت زۆرە لەسەر هەڵەبجەو خەڵكەكەی باس بكرێ، نەك من وەك خەڵكێكی ئەو شارە،

بەڵکو ئەوەی ویژدانی هەبێ‌و ئەوەی لە هەڵەبجەدا ژیابێ دەزانێ هەڵەبجە چی بووە لە رابردوداو ئێستادا چی بەسەر هاتووە. ئێستاش خەڵکی هەڵەبجە هەر چاوەڕێی ئەوە دەکەن، کە لایەکیان لێبکرێتەوەو چارەسەری کێشەکانیان بۆ بکرێ. هەتا گۆڕە بەکۆمەڵەکانی هەڵەبجەش شوێنی وای هەیە دووسەد جەنازەی تێدایەو پەرژینێکی وەکو پێویست بۆ دروست نەکراوە. بێگومان ئەوانەی، کە ناوی خۆیان ناوە موسڵمان، دەبێ زیاتر لە خەڵکانی‌تر بەتەنگ ئەو شتانەوەبن بۆئەوەی خەڵك‌و ئاژەڵ بەسەر گۆڕەکاندا هاتووچۆ نەکەن‌و لەقەدرو حورمەتی ئەو شەهیدانە کەم نەکرێتەوە.

لە ساڵی ١٩٨٨، بە کیمیاویی زیاتر لە (٢٠٠) کەسی وەکو خاڵۆزاو پورزاو ئامۆزاو خوشکەزاو کەس‌وکاری نزیکمان شەهیدبوون. بەڵام بە داخەوە ناتوانم لەم بیرەوەریەمدا ناوو مێژووی ژیانی هەموو ئەوانە بنووسمەوە، چەنکە وەکو پێویست ناتوانم ناووناونیشانی رۆژەکان بڵێم‌و بەڵگەنام نەماون، چونکە من پێشمەرگە بووم‌و هەردوو مانگ‌و سێ‌مانگ لە شوێنێ بووم لە (خانەقین‌و سەرتەکی بەمۆو زمناکۆو بالامبۆو هەورامان‌و هەڵەبجەو شارەزوورو پێنجوین‌و چوارتاو ماوەت)و هەتاکو دەگاتە ناوچەی (بادینان). هەروەها لە بەشێکی ئێران‌و (کونەمشکە)و (ئەڵوەتان)یشدا بەشداریم لە شەڕی هاوبەشی برادەرانی دیموکراتی ئێران، لەگەڵ بەڕێز (مام جەلال)دا کردووە.

هەڵبەت ئەوەی من کردوومە بۆ رزگاریی کورد بۆ ڕێزو حورمەتی کورد هیچی بەفیڕۆ نەچووەو بە دڵخۆشییەوە جێی خۆی گرتووە. ئەو شوێنانەش خەباتم تێدا کردبێ. هەموو خەڵکەکە دەزانن، رەنگە زۆربەی زۆریشیان ئێستا لە ژیاندا مابن.

کتێبو بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری کە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا چاپو هاوکاری کردوون

ز	ناوی کتێب	نووسەر / وەرگێر	جۆری کتێب	جۆری چاپکردن
٢١٩	گەشتی کوردستان	گەلاوێژ	ڕۆمان	چاپکردن
٢٢٠	ژیلەمۆی گەرمیان	شێخ سەعید شاکەلی	بیرەوەری	چاپکردن
٢٢١	باڵندەکانی بەرباران	نەجات نوری – ئاکۆ کەریم	چیرۆك	چاپکردن
٢٢١	ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال / بەشی دووەم	عەبدوڵا کەریم موحمود	رامیاری	چاپکردن
٢٢٢	پیری کێوان	مەولود ئیبراهیم حەسەن	چیرۆك	چاپکردن
٢٢٣	داقوق فی التاریخ	محەمەد جەمیل رۆژبەیانی	مێژوویی رامیاری	چاپکردن
٢٢٤	چریە چریی ئەودیو ئازادییەکانی ژن	جەبار سابیر	کۆمەڵێ ووتار	چاپکردن
٢٢٥	دیاری کوردستان	ئا/ ئەحمەد باوەر	ڕۆژنامەگەری	چاپکردن
٢٢٦	کیف الحقت کوردستان الجنوبیة بالدولة العراقیة ؟	خالید دلێر	مێژووی – رامیاری	چاپکردن
٢٢٧	مهابادو کورتە مێژوویەك	عومەر باڵەکی	مێژووی	چاپکردن
٢٢٨	ناسیونالیزمو ناسیونالیمی کوردی	جەعفەر عەلی	رامیاری	هاوکاری
٢٢٩	شەپۆلێکی گەورە لە گوندێکی بچوکدا	پێشڕەو ئەحمەد	ڕەخنە	چاپکردن
٢٣٠	بیبلۆگرافیای چاپوبلاوکردنەوە	ئەکرەم محەمەد	بیبلۆگرافیا	چاپکردن
٢٣١	ناتوانن پەیڤەکانم زیندانی بکەن	فەهمی قەرەداغی	بابەتی ڕۆژنامەوانی	چاپکردن
٢٣٣	لە شنرویوە بۆ..	حەمەی فەرەج	بیرەوەری	چاپکردن
٢٣٤	گۆڤاری تێکست/٢	وەزارەتی ڕۆشنبیری	گۆڤار	چاپکردن
٢٣٥	بەسەرهاتی نیدی	مژدە محەمەد	منداڵان	چاپکردن
٢٣٦	ئاواز گەلی کوردی	دڵشاد سەعید	مۆسیقا	چاپکردن
٢٣٧	رۆشنبیریمان	فوئاد تاهیر	رۆشنبیری	چاپکردن
٢٣٨	خەونی سەربەخۆیی ..	عەتا قەرەداغی	رامیاری	چاپکردن
٢٣٩	کۆمەڵگەی داخراو	ئاسۆ جەبار	لێکۆڵینەوە	چاپکردن
٢٤٠	کرکوك الجریحة	ئەحمەد رەشید بیبانی	رامیاری	چاپکردن
٢٤١	فەرهەنگ [illegible]	کامەران [illegible]	فەرهەنگ	چاپکردن

٢٤٢	حیکایەتەکانی ئەنفال	تەها سلێمان	هۆنراوە	چاپکردن
٢٤٣	ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ..	محەمەد دلێر	ڕۆژنامەگەری	چاپکردن
٢٤٤	دەستەوارەییێ نان بۆ مێژوو	کەمال ڕەئووف محەمەد	لێکۆڵینەوە	چاپکردن
٢٤٥	میحرابی سێشەمە ڕۆمانسییەکان	دانا عەسکەر	هۆنراوە	چاپکردن
٢٤٦	بزووتنەوەی شعوبیەت	سەلام عەبدولکەریم	رامیاری	چاپکردن
٢٤٧	مامۆستا عەزیز ژیانێکی پاکو شەهیدی دەستێکی ناپاك	ئا/ محەمەد عەبدولکەریم	بیرەوەری	چاپکردن
٢٤٨	حزب الديمقراطي الكردستاني حركة قومية الكردية	د. شێرکۆ عبدالله	رامیاری	چاپکردن
٢٤٩	جەمال تاهیر قارەمانی شۆڕش و زیندان	ئا/ محەمەد سۆڵەیی	بیرەوەری	چاپکردن
٢٥٠	پیری شالیار	حەمە کەریم هەورامی	ڕۆمان	چاپکردن
٢٥١	شانۆکاری کورد لەیۆتۆپیای ئەزموونگەریدا	بورهان قەرەداغی	لێکۆڵینەوەی شانۆیی	چاپکردن
٢٥٢	سمی دەسەڵات	سالار ئیسماعیل	کورتە چیرۆك	چاپکردن
٢٥٣	جەربەزە	ساڵح محەمەد ئەمین	کورتە چیرۆك	چاپکردن
٢٥٤	ئەڵوەن و ئەفسانە	فازڵ کەریم	لێکۆڵینەوەی ئەدەبی	چاپکردن
٢٥٥	کاتم نییە بۆ شێتی	ئەرخەوان	چیرۆك	چاپکردن
٢٥٦	بەرهەمەکوردییەکانی جەبار جەباری	سمکۆ جەباری	ڕۆژنامەگەری	چاپکردن
٢٥٧	بیبلۆگرافیای نووسینەکانی هەڤاڵ مام جەلال	ئا/ دلێر ئەحمەد	بیبلۆگرافیا	چاپکردن
٢٥٨	تێکست	چاپ و بلاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٢٥٩	الخاتم	محیی‌الدین زەنگەنە	شانۆگەری	چاپکردن
٢٦٠	ئاوێنەم شکاند	کەژاڵ ئەحمەد	هۆنراوە	چاپکردن
٢٦١	الشبك الكورد المنسيون	ئەحمەد شەوکەت	رامیاری	چاپکردن
٢٦٢	رابەری ڕۆژنامەگەری نهێنی..	ئەوزاد عەلی ئەحمەد	ڕۆژنامەگەری	چاپکردن
٢٦٣	پزیشکی ڤێتێرنەری	د. فەریدون عەبدولستار	پزیشکی	چاپکردن
٢٦٤	جینۆسایدو کاڵبوونەوە	لەتیف فاتیح فەرەج	رامیاری	چاپکردن
٢٦٥	فاتە	ڕەزا سەید گوڵ	ڕۆمان	چاپکردن
٢٦٦	الحركه القوميه الكورديه..	د. کاوس قەفتان	رامیاری	چاپکردن